زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

پەیمانگای ئیبنو تەیمییە

# رمان و رامان

كرێكار

بۆ پۆلی یەكەمی

پەیمانگای ئیبنو تەیمییە

**چاپی یەكەم**

**١٤٣٢ك ـ ٢٠١١ز**

لە بڵاوكراوەكانی بنكەی دیدی نوێ/لقی دەرەوە

زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)
پەیمانگای ئیبنوتەیمییە

# رمان و رامان

## کرێــکار

**بۆ پۆلی یەکەمی**
**پەیمانگای ئیبنوتەیمییە**

**چاپی یەکەم**
**١٤٣٢ك-٢٠١١ز**
**لە بڵاو کراوەکانی بنکەی دیدی نوێ/لقی دەرەوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، ومَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَه. وأشْهَدُ أَنْ لا إلهَ إلا اللهُ وأشْهَدُ أنَّ مُحمداً عَبْدُهُ ورَسُولُهُ.

يا أَيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلَّا وأَنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والأرْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عَليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنوبَكُمْ ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحمدٍ صَلَّى اللهُ عَليهِ وسَلَّمَ وشَرَّ الأمُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

# پێشکەشە

**بەو خوشك و برایانەی دەیانەوێ**
**سەر راستانە لە ململانێی رۆژئاوا تێ بگەن و**
**بە جورئەتەوە وەکو پێویست**
**بەرەنگاری ببنەوە..**

کرێکار

# بەندی یەکەم

# رمـــــان و رامـــــان

## بەشی یەکەم:رمـــــان

### باسی یەکەم: کۆتـایی خێزاو

### باسی دووەم:هەوڵی نۆژەنکاریی

### باسی سێیەم: هەرەس

## باسی یەکەم
## کۆتایی خێزاو

وەک چۆن مێژووی هەموو نەتەوەیەک یان مێژووی هەر شارستانێتیەک دەکرێت بە چەند قۆناغێکەوە، مێژوی ئیسلامیش وایە، ئەویش دەکرێت بە چەند قۆناغێکی زەمەنییەوە، وەکو:

ـ زەمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و خەلیفەکانی.(.. ـ٤١ ک /٦١٩ـ٦٦١ ز).
ـ قۆناغی سەردەمی ئەمەویەکان. (٤١ـ١٣٢ک/٦٦١ـ٧٤٩ ز).
ـ قۆناغی سەردەمی عەبباسیەکان. (١٣٣ـ٦٤٢ک/٧٥٠ـ١٢٥٨ ز).
ـ قۆناغی دەوڵەتی عوسمانی. (٦٤٣کـ١٣٤٦/١٣٦٠ـ١٩٢٤ ز).
وە هەروەها.

شارستانێتی ئیسلام وەکو خێزاوی دەریا، زۆرجار هەڵکشان و داکشانی بە خۆوە دیتووە، تا ئەو کاتەی بەیەکجاری دەسەڵاتی نەماو یەکێتی ئوممەتەکەی لە ساڵی ١٩٢٤ دا ـ بە نەمانی دەوڵەتی عوسمانی ـــ فەوتا. وادیارە پێویستە کورتە باسێکی زۆر گوشراوی ئەو قۆناغانەی شارستانێتی ئیسلامی بکەین چ وەکو زەمان چ وەکو جێ و رێ، چونکە ماوەیەکی خەیاڵییانەی لە کات و شوێندا گرتە دەست[1].

**١ـ شەپۆلی یەکەمی شارستانێتی ئیسلامی:**

ئەمە ئەو شەپۆلەیە کە لە سەرەتای ساڵی یەکەمی کۆچییەوە گرتیەوە تا دەگاتە ساڵی ٢٣٢ک (٦٦٢ـــ٨٤٧ ز) زیاتر لە ٢٣٠ ساڵی خایاند، وەکو بەرفراوانی خاکیش دەکاتە هەموو نیوە دوورگەی عەرەبستان و ووڵاتی فارسی ئەو سەردەمەو لە باکوریشەوە ئیمپراتۆریەتی رۆم.. ئەم بەرفراوانبوونەی دەسەڵاتی ئیسلامی کارێکی هەر وا سادەو ئاسان نەبوو، باجێکی زۆری خواست، قوربانییەکی زۆری لە ئەهلی ئیسلام وویست، ئارامی و نەفەس درێژییەکی زۆری لە پشتەوە بوو، ئەرکێکی قورس بوو کە

١ الدکتور علي عبدالحلیم: التراجع الحضاري/دار الوفاء ـ القاهره چ ١ ـ ١٩٩٤ لا ٢٥٠ـ٢٥٢

خێرخوازانی سەدە چاکەکانی ئوممەتی موسوڵمان خستیانە سەرشانی خۆیان. بەو رەنجە دەگمەنە بوو کە لە رۆژهەڵاتەوە هەموو عێراق وفارس وئەفغانستان کەوتە ژێر رکێفی ئیسلامەوە، لە خواریشیانەوە هەموو وڵاتی سندو فەرغانەو لە رۆژئاواشەوە گەیشتە کەناری زەریای ئەتڵەسی وپەڕیەوە بۆ ئەندەلوس. دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامی توانی لە پانتایی ئەم رووبەرە بەرفراوانەدا زمانی عەرەبی (زمانی قورئان) بکاتە زمانی زۆرینەی میللەتانی ئەم ناوچانە، چونکە هەموو بێ فشارو تین بە کۆمەڵ هاتنە ریزی ئوممەتی موسوڵمان و دینەکەی خوایان وەرگرت.

**٢- شەپۆلی دووەمی شارستانێتی ئیسلامی:**

ئەمیش ئەو شەپۆلەیە کە سەدەو نیوێکی خایاند (٣٨٨ـ٤٢١ک/٩٩٨ــ١٠٣٠) وەکو بەرفراوانی خاکیش لەسەر دەستی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی هەموو هیندستانی گرتەوە.. بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامی ناوچەکانی ئەفریقاشی گرتەوەو لە زەمانی دەوڵەتی مورابطونی مەغریبدا گەیشتە سەنیگالی ئەمڕۆ.

ئەم شەپۆلە شارستانێتییەی ئیسلام توانی ئەم هەموو ناوچەو گەلە جوداو لێک دوورانە وەکو ئەندامی لەش پێکەوە ببەستێتەوە.. توانی هەست بە یەک ئوممەتی لە ناخی هەمواندا بڕوێنێت و هەموو لایەکی لەسەر پەروەردە بکات! جگە لەوەی کە زمانی عەرەبیشی ـ بێ فەرز کردن ــ لەگەڵ ئیسلامەکەدا بڵاو دەکردەوە، ئەگەرچی نەشببووە زمانی هەموو خەڵکی.. چونکە میللەتان لە ژێر سایەی دەسەڵاتە ئیسلامییەکەدا ئازادو سەربەخۆ مابوون، زمانی خۆیان پاراستبوو، بەڵام هەموو هەر ئەوەندە عەرەبی فێر ببوون کە پەرستنەکانی پێ بکەن.

**٣- شەپۆلی سێیەمی شارستانێتی ئیسلامی:**

ئەمیان نزیکەی چوار سەدەی خایاند (٤٥١ـ٨٥٧ک/١٠٦٠ـ١٤٥٣ز) وەکو خاک هەموو پانتایی ناوەڕاست و رۆژئاوای ئەفریقای گرتەوە، لەملاوەش گەیشتبووە رۆژهەڵاتی ئاسیاو ئاسیای بچووک، دەوڵەتی عوسمانی لە

ساڵی (٨٥٧ک/١٤٥٣ز) دا کە شاری قوستەنتینیەی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، توانی ئاسیای بچووک بکاتە وولاتێکی ئیسلامی، توانی ئەم شارە گرنگە لە پایتەختی مەسیحێتییەوە بکات بە پایتەختی ئیسلامی وناوی بنێ ئیسلامبول واتە شاری ئیسلام! هەر ئەم ناوەیە کە دوایی گۆڕانیان — بە ئەنقەست — بەسەردا هێناو کردیانە ئیستانبوڵ! لە کوردیش بووە ئەستەمبووڵ!

**٤ـ شەپۆلی سێیەمی شارستانێتی ئیسلامی:**

شەپۆلی ئەم قۆناغە هەمووی لەسەر دەستی عوسمانیەکان بوو، وەک زەمان ماوەی دوو سەد ساڵی زیاتری خایاند (٧١٦ـ٩٣٩ک/١٣٢٦ـ١٥٣٢ز) وەک ناوچەش گەیشتە قوژبنەکانی باکوری رۆژئاوای ئاسیای بچووک و بەڵقان و وولاتی مۆرەو کەنارەکانی دەریای ئەدریاتیکی و دەریای رەش و بۆسنەو هێرسکی ئەوروپاو تا لە ساڵی (٩٣٩ک/١٥٣٢ ز) دا گەیشتە شوراکەی دەوری ڤیەننای پایتەختی ئەمرۆی نەمسا!

....................

**کشانەوە:**

شەپۆلەکانی شارستانێتی ئیسلامی ئاوا بە کات و شوێندا بڵاودەبۆوە، تا وای لێهات دەوڵەتی عوسمانی بووە سەرداری دەریاو ووشکانی و نوێنەری دەسەڵاتی دین و دنیای موسوڵمانان! لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونییدا (٨٩٩ـ٩٧٤ک/١٤٩٤ـ١٥٦٦) پانتاییەکەی زیادی کرد بۆ چوارسەد هەزار میلی دوجا![٢].

---

٢ ئێرە باسی دەوڵەتی عوسمانییە، نەک هەموو دەسەڵاتی ئیسلامی ئەو کاتە. چونکە دەوڵەتی عوسمانی هێمای خیلافەتی ئیسلامی بوو کە لە چەرخەکانی ناوەڕاستەوە کەوتبووە دەستیان، ئەم دەوڵەتە زۆری لە گەلانی موسوڵمان لە خۆ گرتبوو، بە نەمانیشی، حوکمی ئیسلامی نەماو ئوممەتەکەش پەرتەوازە بوو.. دەنا دوو دەوڵەتی بەهێزی ئیسلامی تریش هەبوون کە بریتی بوون لە بلادی فارس (١٥٠٠ـ١٩٢٦ز) و دەوڵەتی ئیسلامی مەغۆلەکان لە هیندستان (١٤٢٦ـ١٩٠٠ز).

ئەم دەوڵەتە بەهێزو پان و پۆڕە، لەو کشانە شارستانێتییەوە کەوتە وێک هاتنەوەو گرژبوون، بە هـۆی چـەندین هۆکـاری هـەڵکۆڵینی نـاوەکی وەک خۆرە، کلۆربوو تا رما! لەوانە: ئـەو لاوازی و خراپەکارییـەی کـە دەرچـەی ئاسایی تەفرەقەو راجوێـیی بـوو، هـەروەها پشێـوی سیاسـی و خیانـەتی کاربەدەستان لە یەکترو لە ئوممەت.. لەگەڵ کەڕوو هەڵهێنانی بیرو ووشـک هەڵاتنی هزرو ژیرو دەست نەخستنی پێشکەوتنی زانسـت بـە تایبـەتی لـە لایەنی سەربازییەوە وەکو: دروست کردنی ئامێری سـەربازیی و کەرەسـتەی جەنگ وهونەری رێکخستنی سوپاو ئامادەسازیی، کە دەبوونە هۆی مانەوەو بە پێوەبوون، بە تایبەتی کە ئەوروپای دوژمن دەبینرا یارغەی پێدەکردو پێی پێش دەکەوتەوە، دەبینرا ئەوروپا ئـەم پێشـکەوتن و رێکخسـتنەی کردۆتـە ووزەی موسابەقە! دەبینرا کە ئەوروپا بە هەموو توانایەوە شەوورۆژ هەوڵی هەستانەوەو پێش خستنی خۆی دەدات، دیارە هەر بـۆ ئـەوەی نییـە راسـت بێتەوەو بەس، بەڵکو خۆی بۆ جەولـەی رووبـەڕوو بوونـەوەو بـەرەنگاری ئیسلام ئامادە دەکاتەوە! خۆی بۆ گورزی داهاتوو لە پەیکەری دەوڵەتەکـەی ئیسلام ئامادە دەکات! هـەر بۆیـە هێـندەی نـەبرد دوای سـوود وەرگـرتن و بەکارهێنانی ئەم پێشکەوتنەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، کەوتـە شـاڵاوی شەڕی نەبڕاوەو هەموو ئامێرە نوێکانی جەنگ و پلانە نوێکانی شەڕی بەکار هێنا، تا لە ١١٨٩ک/١٧٧٤ز دا دەوڵەتی عوسمـانی زۆر خـراپ تێـک شـکاند، ئینجا دەوڵەتانی ئەوروپا لە ناو خۆیاندا دژی دەوڵەتی عوسمـانی کەوتنـە تەقەبەس و رێکەوتنی ستراتیژی سیاسی و سەربازیی، هەموویان پێکەوە بە ناوی یەکێتی مەسیحییەوە هێزێکی گەورەی هاوبەشیان پێکەوەنا تا سەرەتا هێـزی دەریـایی عوسمـانی بفەوتێـنن، بۆیـە هێـزە دەریاییـەکانی پاپـاو ئیسپانیاو بوندوقییەی ئیتالیاوماڵتاو سافۆ یەکیان گرت و بـە هـەموویان لە شەڕە دەریاییـەکانی لیبانتـدا نوشوسـتییەکی تـری گـەورەیان بەسـەر عوسمانیەکاندا هێنا..

دەتوانرێت بوترێت کە لە ساڵی ١٥٧١ ی زایینییەوە دەوڵەتی عوسمانی توانای هێرشی نەماو کەوتە بەرگری.. بەڵام توانی ئەم حاڵەتەشی بۆ زیاتر لە ١٣٠ ساڵی تر راگرێت، لە بەرەی بەرامبەریدا هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا یەک و پێشکەوتووبوون، سوپای رێک و ئامێری پێشکەوتوویان لە دەست بوو، بۆیە بە راستی پەیمانی کارلۆفیتر کە دەوڵەتی عوسمانی بە ناچاری لە ساڵی ١٦٩٩ دا لەگەڵ ئەوروپا ئیمزای کرد، بە خاڵی وەرچەرخان و سەرەتای خۆرئاوا بوونی عیززەتی ئیسلامی عوسمانی دانرا.. ئەم قۆناغە لەم ساڵەوە دەست پێدەکات تا جەنگی جیهانی یەکەم تووڵی کێشا..کە هەمووی بریتی بوو لە (زەمانی جەنگی بەرگری) هەموو هەوڵ ورەنجەکان بۆ ئەوە بوون، دەوڵەتی عوسمانی نەکەوێت، بەڵام هاوکێشەکە لاسەنگ بوو بوو، ئەوروپای گەنجی بە گوڕو تین بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی پیرو پەککەوتە!

رەنجە زۆرە بە سەبرەکەی سوڵتان عبدالحمیدی رەحمەتی هەر بۆ پاراستنی پەیکەرە ئێسکەکەی دەوڵەتی (خیلافەت) بوو! چونکە سەردەمی ئەم وەکو سەردەمی تیاچوونەکەی ئەندەلووس بوو، چۆن لەولا ئیسپانیا هەر بەوە رانەدەوەستا کە موسوڵمانانی ریشەکێش کردووەو ئەوی کە رای کردۆتە ئەو بەرو دەیوویست بۆ ئەوانەش بپەڕێتەوە کە پەڕیونەتەوە وولاتی مەراکیش، تا لەوێش تەفرو تونایان کات! ئەوروپاییەکانی رۆژهەلاتیش بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی هەر وا بوون! بۆیە هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا سووربوون لەسەر دابڕدابڕکردنی دەوڵەتی عوسمانی، لە لایەکەوە پچڕین و داماڵینی ناوچەکانی ئەوروپای دەوڵەتی عوسمانی، بە ناوی رزگارکردنەوە کەوتنە دەست تێوەردان و دنەدانی گەلانی غەیرە تورکی لە بەڵقان و یۆنان و شوێنانی تری ئەوروپای ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، لە لایەکی ترەوە دەست خستنە ناو کاروباری دەوڵەتیی رەسمی عوسمانیەکان و فشار بۆ هێنانیان و لێک هەڵوەشاندنی پێکهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەمە خۆی

نەخشەیەکی کۆن بوو، بەڵام هەلی بۆ رەخسا تا بهێنرێتەوە پێش و لێی زیاد بکرێت، خۆ وەزیری ئەوسای ئیتالیا (جۆڤارا ئالامانی) لە کتێبەکەیدا (سەد پرۆژە بۆ دابەش کردنی تورکیا) باس لە هەبوونی سەد پلانی ئەوروپایی دەکات بۆ ئەو دابڕ دابڕ بوونەی دەوڵەتی عوسمانی و رماندنی.

تۆینبی بیرمەند دەربارەی ئەو پرۆژانە دەڵێ: (دوای ئەوەی رۆژئاوا جیهانی ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دا، ئینجا تۆڕەکەی هەڵدایە سەری، ئیدی رۆژئاوا کەوتە قۆناغی هێرش و هەڵمەتی چڕو خەستی خۆی بۆ ناو جەرگەی وڵاتی دوژمنە کۆنەکەی. ئەم هەڵمەتە چڕو پڕەی رۆژئاوای نوێ بۆ سەر جیهانی ئیسلام بووە مایەی بەرپابوونی ئەم دەبەڕێکراچوون و ململانێیەی هەردوو شارستانێتیەکە)[٣].

* * *

٣ أنور الجندي: الاسلام والغرب/المكتبة العصرية - بيروت چ ١٩٨٢/١ لا ١٤٠..


الإمبراطورية
الإسلامية
Russia
Mongolia
China
Kazakhstan
India
Pakistan
Saudi Arabia
Turkey
Iraq
Syria
Iran
Egypt
Libya
Algeria
Niger
Chad
Sudan
Mali
Nigeria
Ethiopia
Somalia
Kenya
Tanzania
Zaire
Ukraine
Poland
Germany
France
Romania
Belarus
Morocco
Mauritania
Yemen
Oman
Burma
Thailand
Vietnam
Malaysia
Indonesia
Philippines
Indian Ocean
Mediterranean Sea
North Atlantic Ocean
South Atlantic Ocean



## باسی دووەم
## هەوڵی نۆژەنکاریی

ئەوانەی هەوڵی چاکسازییان لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیـدا زۆر بوون، هەموو تواناشیان سەرراستانە خستە گەڕ بۆ ئەوەی بەربەستێـک لـە رێی ئەو دارمانە بەردەوامەی دەوڵەتدا راگرن کە رۆژانە هەستیان پێ دەکـرد! ئەمانەش هەیانبوو لە ریزی سیاسەتمەدرانی عوسمانی بوون، هەیانبوو لە دادوەرو بیرمەنـدو زانـاو شەرعناسـانی کۆمەڵگەکـە بـوون، هـەموو هـەر هەستیان بەو لافاوە وێرانکارییە دەرەکیە دەکرد کە لە ئەوروپاوە هەر جمەی دێت و دێ! هەستیشیان دەکرد کە هێزی بەرەنگاریی ناوەکیی، ئەوەنـدە لاواز بووە هی ئەوە نەماوە ببێتە بەربەست، هەرچـەندە سـەڵتەنەتی عوسمـانی خۆشی چەندین جار هەوڵی گۆڕانکـاریی ئیجابیـدا، هـەوڵی نوێـخوازی و سوود وەرگرتنی لە ئەوروپا دا بە تایبەتی لە شێـوازی فەرەنسـی.. لەگـەڵ کاتـدا ئـەم چاکسـازانە زۆردەبـوون، تـا بوونـە دەسـتەیەک ئیسـلامی کاربەدەستی دڵسۆزی دەوڵەت و خاوەن دیدێـکی بـەرفراوانی رەسەنێـتی و نوێکردنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئیسلاحاتێکی بـاش بێـتە بەرهـەم و دارمانی دەوڵەت بۆ سەد ساڵێکی تریش دوا خات..

لە سەرەتای سالآنی سیەکانی چەرخی نۆزدەدا دوو بیرۆکە هاتەکایەوە کە بوونە خاوەن مەدرەسەی ئیسلاحیی، هەردووکیشیان لە ئەنجامی تێـکەڵاوی یان پێککێشانی شارستانێتی بە تینی ئەوروپایی بوو، ئەو دوو بیرۆکەش:

١ـ نوێ کردنەوەی پرۆسەی سیاسەتی ئیسلامی.

٢ـ نوێ کردنەوەی خودی ئیسلام بە بانگەوازو دەزگاکانیەوە[٤].

دیدی بیرۆکەی یەکەم زیاتر بە هاندانی محمد عەلی پاشای میسر بوو، کـە سەربەخۆیانە دەبـزوا بـەڵام ئیعتیمـادی دەکـردەوە سـەر بڕیـارو پرۆسـە ئیسلاحییەکەی کە سوڵتان مەحموودی دووەم (١٨٣٧ مـرد) بـە مەرسومێـکی

٤ رضوان السيد/سياسات الاسلام المعاصر/دار الكتاب العربي/بيروت - ١٩٧٧ ل ١٨

سولتانی دەری کردبوو ئەمەش ئیعتیمادی سەرەکی دەکردە سەر خودی ئیسلام و شەریعەتەکەی بۆ داهێنانی هەموو لایەنێکی چاکسازیی، بە شێوەیەکی پارسەنگ کە لە لایەکەوە مەرجەکانی ئیجتیهادی ئیسلامیی بپارێزێت و لە لایەکی تریشەوە لە واقیعی کردەوەییدا گۆڕانکاریی بخولقێنێت.. بەم شێوەیەش کەس ناچاری ئەوە ناکرێت کە هەر دەبێ ئەو شێوە چاکسازییە قبوڵ بکات..

دەوڵەت هەرچەندە لاواز بوو بوو بەڵام هێزی زاتیی خۆی لە هەموو روداوەکان کاریگەربوو، جێ ئاڕاستەی بە هەموو چالاکیە ئیسلاحییەکانەوە دیاربوو، بۆیە هەندێک بیرمەندو سیاسەتمەدار هەستیان دەکرد کە لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ خەت و رێبازی ئەم سولتان و ئەو دەسەلاتداردا ناسولحێن، بەڵام خۆبەخۆ کەوتوونەتە سەر ئیسلاحسازییە ئیسلامیەکەو بوون بە هاندەری، لەوانە روفاعە رافع التەهتاوی میسری و عەلی موبارەک و خەیرەددین التونسی و جەمالەدینی ئەفغانی و محمد عەبدەو رەفیق العەزم و چەندینی تر.. ئەم رەنجە ئیسلاحییە بە ووزەی ئەم ناوداره ئیسلاحییانە ماوەی پەنجا ساڵ گۆڕانکاریی لە خۆ گرت و بەردەوام لە تەکامولبوونی پرۆسەکەیدا بوو..

لەو کاتەی کە ئەم دوو مەدرەسە ئیسلاحییە دڵسۆزە لە کاری چاکسازیی و گۆڕاندا بوون، لەولاشەوە رەنجێکی تری شەوورۆژی پڕ مەکرو فێڵیش هەبوو کە بە نهێنی و ئاشکرا، بە ووزەی خۆی و پشتیوانی دەرەکی و یارمەتی پیاوانی مەسیحیەوانی ناو ووڵاتی موسوڵمانان هەر خەریکی فەشەل پێهێنانی پرۆسە ئیسلاحییە ئیسلامیە نوێخوازیەکە بوون، بۆ ئەوەی رێ بۆ ئیسلاحێتیەکەی خۆیان خۆش بێت کە هەمووی لە دیدو بۆچوون و پێناسەو پلانی ئەوروپاوە سەرچاوەی گرتبوو، هەموو بڕگەکانیشی کۆمەڵگەو دەوڵەتی بەرەو عەلمانیەتێکی بێدینی دەبرد..

سوڵتان عبدالحەمیدی دووەم ـ کە لە ماوەی نێوان ١٨٧٦ـ١٩٠٨ حوکمی کرد ـ وویستی بە زیندوو کردنەوەی بیرۆکەی خیلافەتی ئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی راست کاتەوەو بۆ ئەوەی بەرەی ناوخۆی وولات یەکخاتەوە، ئەمەشی بە ناوی (الجامعة الاسلامیة)وە بڵاودەکردەوە.. خەریک بوو ئەم مەسەلەی خیلافەتی ئیسلامیە بکاتە پرۆسەیەکی گرد کردنەوەی جیهانی! بەو ئومێدەی سەر لە نوێ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بخاتەوە ناودڵ و دەروونی موسوڵمانان و ناوجەرگەی جیهانی موسوڵمانان، تا موسوڵمانان بتوانن بەربەستێک بە رووی ئەو هەموو رەنج و هەوڵدانە بەردەوامەی رۆژئاوادا دروست بکەن کە دەیەوێت ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بڕوخێنێت و خاک و ئوممەتەکەشی دابڕدابڕو بەشبەش بکات! جا هەر کە سوڵتان ئەم پرۆسەی خۆی راگەیاند، وەڵامدانەوەیەکی زۆر بەرفراوان و سەیری بۆ هاتەوە، تەنانەت لە ئەندۆنیسیاشەوە (ئەو زەمانە تەنها جاوەو سۆمەترە بوون) کە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی زۆر درەنگ گەیشتبوویە.. سوڵتان دەیویست بەم کارەی ئەوە لە رۆژئاوا بگەیێنێت کە هێشتا دەوڵەتی عوسمانی تاکە مەرجەعییەتی موسوڵمانانەو ناشێت و ناکرێت لە هەموو دانوستان و رێکەوتنەکانیاندا کە پەیوەندی بە موسوڵمانانەوە هەبێت ئەو ئیهمال بکرێت و بخرێتە کەنار..

رەنجی گۆڕانکارییە ئیسلاحییە ئیسلامیەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە دەڕۆیشت ولە بەرامبەریدا رەنجی وێرانکاریی و هەڵوەشاندنەوەشی بەردەوام بوو! ئەم دوو ئاڕاستەیە لە زۆرانبازیدا بوون تا جەنگی جیهانی یەکەم قەوماو ئەنجامەکەشی ئەوەندە کاریگەربوو کە سەرتاپا رێڕەوی مێژووی گۆڕی، هەموو ئەنجامی جەنگەکە لە قازانجی (ئیسلاحیی) یە عەلەمانیە بێدینەکان هاتەوەو ئەوەندە پشتیان گیرا تا گەیشتنە سەر حوکم و ئیسلاحییە ئیسلامیەکەش ئەوەندەی تر دەستەپاچە کەوت و خۆی و

پرۆســەو کلتــوری گۆشــەگیرکراو پوکێــنرایەوەو ووردەووردە بــە مــردنی بیرمەندو پێشەوایانی ئەویش بە مردوویی چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە..

موسولْمانانی نیوەدۆرگەی هیندستان دوچاری زۆر کێشــەی جۆراوجــۆرو ئالۆز بووبوونــەوە: لــە لایەکــەوە ئیســتیعماری ئینگلیــزی وولاتی داگــیر کردبــوون و دەســەلاتی سیاســیی حــوکمکردنی ئــەو وولاتــە گەورەیــەی لێســەندبوونەوەو سیســتمی سیاســی ئیســلامی لادابــوو، هــەموو بەشێــکی دەسەلات و هێزی وولاتی بــۆ خــۆی زەوت کردبــوو. لــە لایــەکی تریشــەوە رووەوڕووی ئەو حەقیقەتە بووبوونەوە کە ئەوان کەمایەتیەک بوون کــە لــە وولاتێکی بەرفراوانی وەکو هیندستاندا حوکمی زۆرینەیەکیان دەکرد کە وەکو لێشاوی دەریابوون، بەلام وا ئێستا دەکەونە بەردەســتی ئــەو زۆرینــەی بــە رقەوە ئینگلیز لێی زیــت کردوونەتــەوە!! ســەرباری ئەمانــەش بیروهۆشــی هەلْچووی نوێی نیشتمانی هیندۆسـیەکان کــە موســولْمان و ئینگلیزەکــانی خستبووە تای تەرازوویەکی نــامۆوەو هــەردوولایانی بــە غەریبــە دەزانی و دەیووت پێویستە نیشتیمانپەروەرانی هیندۆسیی بیان کەنە دەرەوە.. لە نــاو موسولْماناندا رەوتێکی ئیسلاحسازیی نوێکردنەوە بە ســەرۆکایەتی ســەیید ئەحمەد خان دروست بوو، کە پێناسەی هیندستانی ژێــر دەســتی ئینگلیــزی کردبۆوە بەو سیفەتەی کە وولاتی هەموویانە، خۆ موسولْمانان هەر خــەلْکی ئەو وولاتە بوون و موسولْمان بوون، سەیید ئەحمەد دیدی موســولْمانانی وا روون کردبۆوە کە دەخوازن وەک وولاتی هاوبەشی هەموو لایەک هەولْ بــدەن بۆ ئازادکردنی هیندســتان بــەو ســیفەتەی کــە وولاتی هــەموو لایەکیانــە.. مەبەستی سەیید ئەوە بوو کە مادام موسولْمانەکان تازە دەســەلاتی سیاســی وحوکمیان لە ١٨٥٧ەوە لە دەست چووەو کەنار دراون با هــەر نــەبێ نــەبێ کەمێک لەو مەحرووم کردنەی موسولْمانان کــە بــە ســەریاندا ســەپاندوون نەهێلْرێت کە ناچاریان دەکەن یا دەبێ دەست لە ئیمتیازاتی مێژوویی خۆیان هەلْگرن، یان بارکەن و وولات چۆلْ کەن بۆ هەر کوێ دەچن بچن!

لە وولاتی فارسیش (تا ١٩٢٥ هەر وا بە ئێرانی ئەمڕۆ دەووترا) لایـەنگرانی دەستوور خەباتێکی نەپساوەیان کردبـوو تـا لـە سـالّی ١٩٠٦ دا توانیـان شۆڕشێـکی گۆڕانکـاریی بیناسـازیی بـە نـاوی شۆڕشـی مەشـروتییەت (دەستورخوازیی) سەرکەوتوو بکەن کە بە دەق لە دەستوری وولاتدا نووسرا: (دەبێ دەستەیەک لـە زانایـانی شـەرع هـەبن کـە بڕواننـە هـەموو بڕگـە یاساییەک کە دادەڕێژرێـت تـا بـزانن داخـۆ لەگـەلّ شـەریعەتی ئیسـلامدا دەسازێت یان پێچەوانەیەتی..) ئەم دەستە زانایەش هـەر وا بـە چاودێـریی بەهێزەوە لە پەرلەماندا تا سالّی ١٩٢٥ مانەوە تا ڕەزاشای پەهلەوی کۆدەتا سەربازیەکەی کردو لایدان..[٥] ئیتر سیستمی حوکمی وولاتی کردە سیستمێـکی عەلەمانی کە دینی لە دەولّەت جوێکردەوە..

ئوممەتی ئیسلامی لەو سەردەمەیدا چەندین بزاڤی ئیسلاحسازیی تێدا بوو، هەر یەک لە ناوچەی خۆیدا کاریگەر بوو، هەیانبوو ڕاستەوخۆ ڕووبـەڕووی ئیستیعمار بووبۆوەو کەوتبووە جیهاد بەرامبەری، هەیانبوو بزوتنەوەیـەکی فیکریی و سیاسی دروستکردبوو، ئەمانەش جاری وا هەبوو لە مەدرەسەیەکدا دەردەکەوت یان لە تەریقەتێکی سۆفێتیدا یان لـە کەسـایەتیەکی کاریگـەری شـەرعناس یـان هەلّکـەوتی ئیسـلامی وەکـو بزوتنەوەکـەی محمـد بـن عبدالوەهاب لە نیوەدۆرگەی عەرەب (١٧٠٣ـ١٧٩٠ ز) بزوتنەوەی سنووسی لە باکوری ئەفریقیا (١٧٨٧ـ١٨٥٩) بزوتنـەوەی ئیمـامی شـەوکانی لـە یەمـەن (١٧٦٠ـ١٨٣٤ ز) بزاڤی شێخ جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩ـ١٨٩٧ز) بزوتنـەوەی عبدالرحمان کەواکیبی لە شام (١٨٤٨ـ١٩٠٢ز) ڕەنجەکانی شێخ محمـد عەبـدە لە میسـر (١٨٤٩ـــ١٩٠٥ز) و (بزوتنـەوەی نەقشـبەندی کوردسـتانی بـاکور (١٨٤٣ـ١٨٩٩ز) بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران (لە کوردسـتانی بـاکور) بـۆ هێنانەوەی خیلافـەت (١٩٢٥ز) و شێـخ سـەعیدی نەورەسـی و بزوتنـەوەی مەدرەسەی نوور (١٨٧٥ـ١٩٥٩ ز) (و بزوتنەوەی تەریقەتی تیجانی لە ئەفریقا

٥ هەمان سەرچاوە لا ٢٦ ـ ٣٠..

له مەراکیش و کامیرۆن و سەنگال و نەیجیریاو نەیجەرو گــابۆن و ســودان..
وه هەروەها[٦]

بەڵام ئەم هەموو بزوتنەوەو رەنجه قورس و زۆره هەر هەموو داڕماو خۆی
بەرامبەر ئەو لافاوه شارستانێتیەی رۆژئاوا نەگرت کــه وەک شــاڵاوی گــڕی
شەڕ به ووڵاتی موسوڵمانان وەربووبوو، وەکو دیدو تێڕوانینێکی فەلسەفی و
سیستمێکی سیاسی و پەیکەرێــکی ئیــدارەی دەوڵــەتی نــوێ وەکــو هێزێــکی
سەربازیی چەکدارو مۆدێرن، بــه هێزێــکی ســوپایی رێکوپێــک و بــه چــەکی
باروتیەوه که تازه ئەوروپا دایهێنابوو هاته سەر موسوڵمانان! بەو پــەڕی
چوست و چالاکی مەدەنی و زیندەیی ژیان و بەرنامــەی حــوکم و داوەریــی و
ئابوریی و بۆچوونی کۆمەڵایەتیی و ئەزموونی دەوڵەمەنــدی کــۆن و نوێــی
میللەتانی ئەوروپاوه هاتنه سەر ئوممەتێکی لاوازو کۆڵبووی ئیسلام کــه نــه
له توانیادا بوو بەری شاڵاوی ســەربازییان بگرێــت، نــه لــه توانیــادا بــوو
شارستانێتیان لــەخۆ گرێــت! چــونکه شارستانێــتی ئیســلامی چــەمابۆوەو
پێویستی به راستکردنەوه هەبوو، شارستانێتی ئــەوانیش هــەرەتی لاوێــتی
بوو، لــه کەرەســتەی خــاوو بــازاڕی نــوێ دەگــەڕا!! هەردووکیشــیانی لــه
موسوڵمانان و ووڵاتی موسوڵماناندا دیتبۆوه!!

* * *

---

٦ د. عەلی عبدالحەلیم مەحموود: التراجع الحضاري ـ دار الوفاء/القاهره چاپی ١ ـ ١٩٩٤ لا
٣٤٣ و ٣٥٠، بەڵام ناوی کوردستانی باکورەکه له لایەن ئێمەوەیه نەک له لایــەن نوســەری
بەڕێزەوه..

## باسی سێیەم
## هـــەرەس

لـــە ووردبوونـــەوەو ســـەرنجدانی مێـــژووی ململانـــێ و دەبەرێکراچـــوونی کۆمەڵاندا، زوو دوژمنایەتی سەختی رۆژئاوات بە شێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە ئیسلام بۆ دەردەکەوێت، دەبینیت لـــە هـــەموو ئـــەو ئوممـــەت و میللـــەت و گەلانـــەی ئیســـلام چـــۆتە ناویانـــەوە، وەک وولاتی فـــارس و هیندســـتان و ئەفریقیاو ئەنادۆڵ و ئەوانە، رۆژئاوا لە هـــەموویان رق ئەســـتوورتر بـــووە بەرامبەر بە ئیسلام، بۆیە ئەهلی ئیسلام و دادپەروەرانی میللەتانی تر هەست بەوە دەکەن کە رۆژئاوای کۆن و نوێ زۆر بە کەڵلـــەرەقی بەرامبـــەر ئیســـلام دەوەستێتەوە، زۆر بەقینەوە موسوڵمانان دەچەوسێنێـــتەوە، رەنگـــە لەبـــەر ئـــەوە بێـــت کـــە دەبیـــنن ئـــەم ئیســـلامە هـــەر چـــەندی دەیبەزێـــنن گیـــانی بەربەرەکانێی کز نابێت، هەرچەندی دەیشکێنن نابەزێـــت، هـــەر چـــەند لاواز دەبێت، نە دەچەمێتەوە نە دەکەوێتە کەنار واز دەهێنێت، کۆڵیش ببێـــت کـــۆڵ نادات! دەبینن ئەم ئیسلامە لە جیهادیدا سەرسەخت و درە، لە ئاشتیدا دەڵێی ئاوە، کە دەکەوێتە ژێر تاوێرە بەرد دەبێـــتەوە بـــە کـــانی، کـــە لـــە ســـەرەوە دێتەخوار بە دڵۆپەدڵۆپی بەردەوامی تاوێرە بەرد دەکاتە ماقۆڕی خـــۆی! لـــە هەردوو باریشیدا ئەوەندە پشوودرێژە ماندوو نابێت، دەگۆڕێت و ناگۆڕرێت، کە یەکێکی کردە موسوڵمان بە مردنیشی پاشگەز نابێتەوە!! کە مـــەغۆل دێـــتە وێژەی و پایتەخت و وولاتی دەخاتە ژێر نـــاڵی ئەســـپی، موســـوڵمانانە بـــە ئیســـلامەوە دەیاننێرێـــتەوە بـــۆ هیندســـتان و شـــەش ســـەد ســـاڵ حـــوکمی هیندستانیان بە سیستمی ئیسلامی پێدەکات تا شارستانێـــتیەکی لـــەوێ بـــۆ بنیات نێن!! لەبەر ئەم سیفەتانەیە کە رۆژئاوا بە هەر شێـــوەیەک بێـــت، بـــە هەر رێگایەک بێت، هەر دەیەوێت ئیسلام تەسفیە بکات، دەیەوێت لە هـــەموو شوێنێک هەر وەکو ئەندەلووس ریشەکێشی بکات و ئاسەوارەکانی بگۆڕێـــت،

بەڵام هەمیشە لە ترس و حەزەری پەیدا بوونی محمد الفاتحێکی دیدایە بۆی قووت بێتەوەو بە هەڵمەتێکی اللەاکبری جیهادەوە بۆی بێتەوەو قوستەنتینییەی پایتەختی رۆمی لێ بکاتە ئیسلامبوول (شاری ئیسلام) و کڵێسەی ئایا سۆفیای لێ بکاتە مزگەوت و مل لێنێت بۆ سەر سنووری ڤیەننا! بۆیە بیرمەندو پیاوماقووڵ و سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا دەمێکە هاتوونەتە سەر ئەو رایە کە لەگەڵ لێدان و پەلامارو هێزی سەربازیدا، دەبێت پلانی (گەمارۆدانی ئیسلام لە ناوەوە) ش بخرێتە بەر، بە مانایەکی تر: حەتمەن دەبێت کلیلی کەمال ئەتاتورکیانە بە کار بهێنرێت، تا لە ناوەوە کەسێک قەڵاکە بە رووی سیاسەت و هێزی سەربازیی رۆژئاوادا بکاتەوە..

ئەمەش بوو ئەو پلانەی رۆژئاوا لە ماوەی ئەم دوو سێ سەد ساڵەی دواییدا لە وڵاتانی ئیسلامدا گرتیە بەر..

رۆژئاوا لە رەنجێکی نەپساودایە بۆ راوەستاندنی کشانی ئیسلام و تەشەنە کردنەکەی لە رۆژئاواو غەیری رۆژئاوا، ئالفێرد کانتۆڵ سمێس دەڵێ[٧]: (رۆژئاوا هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش زۆر لەو هێزە مەعنەویە گونجاوەی کە لە جیهانی ئیسلامدا هەیە دەترسێت! چونکە ئەوە کە بۆتە هۆکاری یەکخستنی موسوڵمانان و رێکخستنیان لەسەر پاکیی تێروانینە تەوحیدییەکەی، رۆژئاوا لەمێژە ترسی ئەم هێزەی لێنیشتووە، ساڵەهای ساڵیشە هەوڵی پووکانەوەو لادان و رادانی دەدات! لە کۆششێکی بەردەوامدایە بۆ شیرازەپسان و لێکهەڵوەشانی جیهانی ئیسلامی، هەر هەوڵی زیندوو کردنەوەی ئیختیلافاتی کۆن و دروستکردنی ئیختیلافاتی نوێیان لە ناودا دەدات، ئینجا بەردەوامیش دنەی ئەم دژی ئەو دەدات و پشتی ئەویان دژی ئەوی تریان دەگرێت تا تێکیان بەرداو هەموویان بە یەکتری بکێشێت، نەبادا یەکبگرنەوە.. من وا دەزانم ئەوەی گەوجێتی و گەلۆری

---

٧ علي عبدالحميد محمود: التراجع الحضاري ـ دار الوفاء چ١ ـ ١٩٩٤ لا ٢٧٦ و أنور الجندي: الاسلام والغرب ـ المكتبة العصرية ـ القاهرة چ١ ـ ١٩٨٢ لا ٨.

رۆژئاوایە، ئەوەیە کە لـە جیـاتی لێـک حـاڵێبوون، هـەر سـووره لەسـەر رووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزە ئیسـلامییە، ئـەوەش دەبینێـت کـە تـا ئـەم هێرشیان بکاتە سەرو روو بەڕوویان ببێتەوە، موسوڵمانان زۆرتـرو زووتـر یەکدەگرن و دەبنە یەک کوتلە! رۆژئاوا لەم مـاوە زۆرەی تەمـەنی ئیسـلامدا نەیتوانی سۆزو رێزی موسوڵمانان بۆ خۆی کەسب بکات، بەڵکو لـە جیـاتی ئـەوە قـین و بوغزێـکی جـەماعی بەرامبـەر دروسـت بـووە، ئـەوەی کـە بەردەوامیش فوو بە کورەی ئەم قین و بوغزەدا دەکات، چالاکی مەسیحیەوانی و دیـن گـۆڕینی موسـوڵمانان وبـە رۆژئـاوایی کردنیـان و داگیرکـردنی وولاتەکانیانە بە هیوای ژێردەست کردن وزەلیل کردنیـان! دیسـان ئەمـەش جگە لە تالان کردن و رووتانەوەی وولاتەکانیان لە رووی ئابورییەوە! ئینجا ئەو هەموو توندو تیژی و رق و تەعەسسوبەی کە رۆژئاوا بەرامبـەر هـەموو شتێکی عەرەبی و ئیسلامی دەینوێنێت!!)

کۆنگرەی بەرلین (لە ئەڵمانیا) کە لە ساڵی ١٨٧٨ گیرا یەکەمین هەوڵـدانی کۆمەڵکاریانەی رۆژئاوا بوو بۆ چەقاندنی چەقۆی پارەپارە کردنی جەستەی دەوڵـەتی عوسمـانی، ئەڵمانیاونەمسـاو مەجـەڕو فەرەنسـاو شانشـینی یەکگرتووی بەریتانیاو ئیتالیـاو روسـیا (بـۆ بـاس و خواسـی مەسـەلەی رۆژهەلات) بەشداریان تێدا کرد، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە ئەوروپا گەڕابۆوە سەر ئەو کۆمەڵکاری و رێـکەوتنەی پێـی دەوتـرا (پەیمانـە پیرۆزەکـە) کـە گەورەترین بڕگەی: بریتی بوو لە رزگارکردنی بولگاریاو بەڵکان و مونتیگرە (شاخەرەش) و بۆسنەو هەرسک و سربیاو رۆمانیا لـە دەسـەلات و حـوکمی عوسمانی، هەروەها دەبوو بە پێی ئەو پەیمانە پیرۆزە بابولعالی (دەوڵەتی عوسمانی) تەنازوول لە ناوچەکانی باتووم و ئەردوهان و رەوز بۆ روسـیای قەیسەری بکات، هەروەها دەبێت دەوڵەتی عوسمـانی ئـازادی دیـنی بداتـە هەموو خاوەن دینێکی ترو ئیعتیراف بە مافی کونسوڵەکانی ئـەوروپا بکـات کە پارێزگاری و سەرپەرشتی هاوولاتانی خۆیـان لـە وولاتی عوسمانیانـدا

بکەن!! لە راستیدا کۆنگرەی بەرلین دژوارترین و کاریگەرترین گورز بوو لە پەیکەری دەوڵەتی عوسمانی درا.. چونکە بە پێی ئەو کۆنگرە بوو کە:

یەکەم: هەرچی دەوڵەتی عوسمانی هەیبوو بەسەر وولاتانی ئەوروپادا بەخشرایەوە!

دووەم: پاڵپشتیەکی زۆر بۆ ئیمتیازاتی بێگانەکان لەناوجەرگەی وولاتانی عوسمانیدا بۆ رۆژئاواییەکان دروست بوو (تا بە کەیفی خۆیان بتوانن دەست بخەنە کاروباری وولاتانی ئیسلامەوە!).

سێیەم: فەرزکردنی پاراستنی مەسیحی و هاوولاتیانی ئەوروپایی لە ناو کۆمەڵگەکانی موسوڵمانان‌دا (بەریتانیا پرۆتستانت بپارێزێت و فەرەنسا کاتۆلیک و روسیاش ئەرسەزۆکی)، ئەمەش یەعنی هاندان و دنەدان و بەرپاکردنی شۆڕشی خوێناوی پێیان هەر کاتێک ئەوروپا وویستی!

هەر بۆیە زۆر بەسەر ئەم کۆنگرەیەدا تێنەپەڕی کە وولاتە ئەوروپاییەکانی ژێر حوکمی عوسمانی ـ بۆ جیابوونەوە ـ راپەڕین، فەرەنساو بەریتانیاش کەوتنە داگیر کردنی میسرو سودان و جەزائیرو تونس، روسیاش پەلاماری هەموو وولاتە ئیسلامیە ئاسیاییەکانی باشووری خۆیدا..

ئەمە سروشتی ئەم قۆناغە بوو، کە لە ١٨٧٨ ەوە دەستی پێکرد وچل ساڵی خایاند، ئەنجامیشی دابڕینی ناوچە ئەوروپیەکان وناوچە عەرەبیەکەو بەلکان و هیندستان و ئاسیای خواروو بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، هەموو ئەمەش بە سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاو..

پیلانەکە پیلانێکی ئیستیعماری زایۆنی قەیسەری و دواتر کۆمۆنیستی بوو، هەموویان ـ وەک هێزی نەیارو ناحەزو دوژمنی ئیسلام ـــ دەکەوتنە هاوکاری و هاریکاریکردنی یەکتر بۆ رمانی دەوڵەتی عوسمانی و لێک هەڵوەشاندنەوەی جیهانی ئیسلامی. ئەمەش هیواو ئاواتی هەموویان بوو، چونکە هەموویان لەسەر ئەوە کۆ بوون کە رمان و لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی یەعنی سڕینەوەی دەوڵەتێک کە لەسەر یاساو رێسای شەریعەتی

ئیسلام دروستبووە! لە جێی ئەم شێرە پیرەش دروستکردنی دەیان دەوڵـەتی قەومی و ناوچەگەریی و خێڵەکی!! کە دەبوو هەر هەمووشیان لەسەر یاساو رێساو دیدی عالەمانی دروست بن، مەرج بوو هەموویان شەریعەتی ئیسلام نەهێننەوە پێش! ئینجا ئەو فەرمانبەرانەی لـە سـەفارەت و کونسـولگەریی وولاتە ئەوروپاییەکان بوون، کە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا بوون نوێـنەری دیدو بەرنامەو سیسـتمی وولاتـانی خۆیـان بـوون، بـە هاوکـاری گرووپـە مەسـیحیەوانەکان کەوتنــە کردنــەوەی قوتابخانــەو دارشــتنی بەرنامــەی خوێندن و شوێنکەوتووی سیاسییەکانیشیان کەوتنە دارشتنی دەستووسـی ئەو یاساو رێسایانەی دواتر بە زۆر کردیانن بە دەستووری ئــەو وولاتانــەی لە دەوڵەتی عوسمانیان جوێ کردنەوە.

بە ڕمانی دەوڵەتی عوسمانی لاپەڕەیەکی زۆر گەورەو گـرنگ و کاریگـەری ئیسلام لە واقیعدا پێچرایەوە، کە بریتی بوو لە نـەمانی سیسـتمی حـوکمی ئیسلامی، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە هەموو مێژووی ١٣٠٠ سـاڵەی ئیسـلامدا روو دەدات!! ئیتر یاسا جێی شەریعەتی خوایی لە هەموو گۆشەو کەنارێـکی ژیانی موسوڵمانان لە هەموو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامدا گرتەوەو بـانکی ریباخۆری دروست بوو، بەرنامەی سکولەریستی عالەمانی و بێ دیـنی بـوو بە رەسمی!!

رمانی دەوڵەتی عوسمانی خەونێکی کۆنی رۆژئاوا بوو، هــەموو رۆژئـاوا: بــە وولاتــە ئیسـتیعماری و خاچپەرسـتی و مارکسـی و زایۆنییــەوە.. ئــەم خەونەش بە سێ قۆناغ هاتە دی:

١ـ هێنانە خوارەوەی سوڵتان عبدالحمید لەسەر حوکم.

٢ـ لێکهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

٣ـ نەهێشتنی خیلافەتی ئیسلامی، بە دوو قۆناغ:

ڕـ جوێکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی سوڵتان لە نـاوی خیلافـەت (هەوڵێـک بوو درا بۆ دروستکردنی فاتیکانێکی ئیسلامی، تـا ئەگـەر هــەموو نەخشــەی

سڕینەوەی عوسمانیە ئیسلامیەکە سەری نەگرت، ئەو بهێننە جێ و بە هێمایی بیهێڵنەوە).

ب ـ ئیلغاکردنەوەی رەسمی و یەکجاری و گشتی خیلافەت.

هەموو ئەمانەش یەعنی شیرازە پسانی موسوڵمانان و لێکدابڕانی ناوچەو گەلانیان و سەرهەڵ نەدانەوەی سەرکردایەتییەکی گشتی ئیسلامی بۆ هەموو موسوڵمانان! بەمەش ئەو ئوممەتی موسوڵمانەی ساڵەهای ساڵە بوونی یەک دەوڵەت ویەک ئوممەتی هەیە لێک دەرەویتەوەو ئەو منارەی هێمای گردکردنەوەی بوو رما.. ئیدی کام وولاتە ئیستیعمارییەی زۆر بچووکە (وەکو هۆڵەندا کە ئێستا ١١ ملیۆنە!) دەتوانێت کام وولاتەی موسوڵمانان کە زۆر گەورەیە (وەک ئەندۆنیسیا کە ئێستا ٢٣٦ ملیۆنە) داگیری بکات و سەد ساڵیش تێیدا بمێنێتەوە!!

* * *

## چەند دەرسێك بۆ سەرنجدان

یەکەم: قەوارەی سیاسی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان بە پێی ئاستی ئەو کەسانە دەگۆڕێت کە دایاندەمەزرێنن و ئاراستەیان دەکەن. ئەگەر کەسانێک دایانمەزرێنن کە پێکهاتە سەرەکییە سەرەتاییەکانی موسوڵمانێتی تێدا لاواز بێت، یان ئامانجی هاتنی ئیسلامی لا رۆشن نەبێت، یان دینداریتیەکەی توندوتۆڵ نەبێت، حەتمەن ئەوانەی بەردەستی لەو بەهێزترو کاریگەرتر نابن.. بۆیە کورد ووتویتی لەگەڵ شێردا بەگژ شێردا دەچمەوەو لەگەڵ رێوییدا دەچمە کونەوە! چونکە ئەو خاڵە لاوازییانەی قۆناغی سەرەتایی دینداریی و بیناسازیی کەسایەتی هەڵیدەگرێت، یان ئەو سووکە پابەندییەی کە کەسایەتییەک خۆی پێ هەڵدەخەڵەتێنێت کە وا دەزانێت ئەوەندە ئیسلامەتییەی گرتویتی بۆ دنیای بەسەو حەتمەن بۆ قیامەتیشی هەر وا! بەڵام دیارە کە هێزو لاوازی پەروەردەبوونی سەرەتایی مرۆڤ کاریگەریی خۆی لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت یا ئۆرگانەکانی کۆمەڵکارییەکەی هەیە.

ئەم حەقیقەتە ئەوە لەسەر بەرپرسانی کۆمەڵکاریی ئیسلامی فەرز دەکات کە قۆناغەکانی پەروەردەو ئاراستەکردنی یەکەمینی شوێنکەوتوانیان بە بری پێویست درێژ کەنەوەو هیچ پەلە لە بەرزکردنەوەی ئاست و پلەدا نەکەن. شوێنکەوتوو دواکەوێت لە بەرزکردنەوەی ئاست و پلەییدا باشترە وەک لەوەی بۆی پێش بخەیت و بە ناکاملی بیکەیتە لێپرساوی کارێک.. دەبێ هەموو ئەوەیان لەبیر بێت کە ئەوان زەمینەیەکی عەقائیدی لە کەسانێک دروست دەکەن کە بەرپرسێتی هێنانەوەی حوکمی ئیسلامیان لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرێتی و تێهەڵچوونەوەی ژیانی موسوڵمانانەیان لە دارالاسلامدا پێ دەسپێررێت، بۆیە دەبێت کاتی تەواو بەکار بهێنن لە گۆشکردن و گەشەکاریی و پێگەیاندنی ئەندامانی بەردەستیاندا.. ناشێت بۆ ئەوەی زووترو زۆرتر دەرکەون پەلە لە پەروەردەکارییەکەدا بکەن، چونکە دوایی کە شوێنەکەوتووەکانیان بە لاسەنگی بینی، بە بێگوێیی و خودسەریی

بینی، که به لووتبەرزیی و هەڕاڵی بینییانن، که به شلوشێواوی یان دڵڕەقی و توندوتیژ بینییانن، نابێت هەر لۆمەی ئەوان بکەن ، دەبێ به خۆشیاندا بێنەوەو بزانن که ئەوە بەرهەمی چۆنیەتی و چەندێتی ئاڕاستەکردنەکەی خۆیانە! که دەبینن کەسانێک بۆ ئەم رێبازو ئامانجە دوورو سەختە هێناوەتە پێش که تەحەمولی رێ و کۆسپەکانی ناکەن و هەر گلەیی و گازاندەو بۆ لەبۆ لێیانە!

ئەمما ئەگەر به پێی مەرجەکان کەسەکان وەرگیرابوون، به پێی بەرنامەی کۆمەڵکارییەکە پەروەردە کرابوون، به گوێرەی دین و دینداریی و تواناو لێوەشاوەییان بەگەڕ خرابوون، بارودۆخی کارپێکردنیشیان گونجاوبوو، نابێ به بەهانەی زیاتر پەروەردەبوون له جێی خۆ بهێڵرێنەوەو جورئەتی چوونە پێشەوەیان لێ ببڕێت.. نا ئەگەر وا بێت نه دەوڵەت و نه کۆمەڵکاریی ناچێتە قۆناغی داهاتوو، له کاتێکدا دوژمنان زووترو زیاتر چوونەتە پێش..

دووەم: گەل و میللەتان لەسەر حاڵەتێک نامێننەوە، توخمەکانی هێز دەشێت له بوارێکدا یا له زیاتردا هەبن وبمێننەوە، بەڵام له بوارەکانی تردا نامێنن، یان بەدیلی لاوازیان بێتە شوێن.. رەچاوکردنی ئەم خاڵە بۆ بزوتنەوەی گۆڕانکارییش وایەو بۆ ئیدارەی سیاسی و فەرماندەیتی سەربازییش وایە.. لەوانەیە هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکست له یەک کاتدا له کۆمەڵێکدا هەبن، بەڵام ووریایی و زرنگی ئاڕاستەوان و بەهێزی مەنهەجی پەروەردەو ئاڕاستە، رێ له لاسەنگی دەگرێت..

گەورەیی داعی و پێشەنگی گۆڕانکاریی و بیرمەندو شیکاری ستراتیژێتی پێشەوای سیاسی و لەوەدایە که زوو حەقیان ناسیووەو بەرپرسێتی ناسین و ناساندنیان خستۆتە سەرشانی خۆیان و خۆیان بۆ بانگەوازەکەی تەرخان کردووە، له کاتانێکدا که خەڵکێکی خەمسارد پاڵیان لێ داوەتەوەو خۆیان به زیرەکترو چالاکتر دەزانن! له بارودۆخێکدا که ئەمان هەموو جۆرە بەربەستێکی خراپیان لەبەر خاتری ئەم دینە هاتۆتە رێ، کەچی کۆمەڵێک

گەدەزلی بەرسێبەر لە خاوەنی فەلسەفەی بەزین زمانیان بەرامبەر درێژ دەکەن و ئەوان بە گەوج دەناسێنن و خۆشیان بەژیر! خەڵکانێکی هەڵەپاس بەرهەمی دیارو زەقی ئەمانیان پێ پووچەڵە لە کاتێکدا خۆیان بەرهەمیان نییە، یان کاریان لە بن درکی تاغووتاندایە.

جاری وا هەیە رۆڵی نەوەیەک یان چەند نەوەیەک تەنها دروست کردنی پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ واقیعێک کە دەویسترێت بۆ بەرنامەی ئیسلام بگۆڕرێت و بۆ ئامانجی ئیسلامەکە بخرێتەگەڕ، ئەو کەسانەی کە کارە سەرەتاییەکان دەکەن ـ کە وەکو رەنگرێژیی هەڵکەندنی بناغەی خانوو دروست کردنە ـ هەمان رۆڵ و گرنگیان وەکو کاری ئەو کەسانەیە کە سەقفەکە تێدەکەن، یان ئەوانەی دەرگاو پەنجەرە تێدەگرن.. پاداشتی هەمووشیان لای خوا دیارەو هەر یەکەیان بە قەدەر رەنجی خۆی پاداشت دەدرێتەوە.. گرنگ ئەوەیە هەموو دەیانەوێت بە رۆڵی خۆیان کارەکە تەواو کەن.. گرنگ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی وانە سەرەتاییەکان دەڵێنەوە وا نەزانن دەبێ ببینن کە قوتابیەکانیان بوون بە پزیشک و ئەندازیار.. مەرج نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوان فێری ئەلف و بێیان کردوون، ئەوان کردوویانن بە قوتابی و هەستی زەرووڕەتی خوێندنیان تێدا رواندوون.. رۆڵی ئەمان لەوەدایە کە ئەمانە بخەنە سەر رێی داهاتوو.. ئەمما نەخشەدانان و سۆراغ و چۆنیەتی بڕینی قۆناغەکان و خوێندنەوەو شیکاریی قۆناغی داهاتوو ئەوە بەرپرسێتی سەرووترە..

سێیەم: کاتێک گەلێک یان میللەتێک مەناعەی نامێنێت و وەکو جەستەی داوەشاو خۆی لەبەر سادەترین میکرۆبدا ناگرێت، دەبێتە جێ تەماعی هەموو هێزێکی نەیار.. هێزی بودەڵەی دەرەکیش تەماعی تێ دەکات! کاتێک لاوازیی دەبێتە جەوهەرو رواڵەتی کۆمەڵکارییەک، هەر لایەنێک تەماعیان لە ژێردەستییەکەیدا هەیە، یان دەیانەوێت بۆ خۆیانی ببنەوەو ئیستیغلالی بکەن، بۆی دێن و بە ناوی یارمەتی لێقەوماوانەوە، یان بە ناوی قوتارکردنی

گیانی مرۆڤایەتییەوە! دێنە ناو ساحەکەیەوە. هەموو پێشڕەوانی ئیستیعمار و تەدەخولاتی رۆژئاوا ئاوا هاتە ناو دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامەوە.. سەرمایەدارانی رۆژئاوا کە وەکو زەروون دەوڵەت و کۆمەڵگەیەک دەکەن بەژێر قەرزی حەزو چێژە مونحەریفەکانی دەسەلاتدارانی سیاسییەوە، ئینجا دەکەونە تەدەخولی سیاسی.. بە کەیفی خۆیان یاسا بە حاکمە چاوشۆڕەکە دەردەکەن، سیستمی پێ دەگۆڕن، رێکەوتنی لاسەنگی پێ واژۆ دەکەن بێ ئەوەی بتوانێت لە روویاندا بوەستێتەوە!

هەموو ئەو تەدەخولە رۆژئاواییە ئیستیعماریانەی لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییدا دەکرا لەم جۆرە بوو.. وولاتانی ئیستیعماری رۆژئاوا لە هەموو ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژیی دەوڵەتی عوسمانی یان دەوڵەتی ئیسلامی هیندستان، یان باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا (کە ئەوسا سۆمەترەو جاوەی پێ دەوترا) چەندین کۆمەڵ وریێکخراوی مەسیحیەوانی و رۆشنبیریی و ئابووریی و کلتوریی "خۆبەخش"ی مرۆییان تێدا دەکردەوەو رۆژهەلاتناسەکانیان بۆ دەناردن تا بکەونە دیراسەکردنی جوگرافیای ناوچەکەو دینودیدو دابونەریتی خەڵکەکەی و هەمووی بە تۆمارکراوی بنێرنەوە وولاتانی پێشکەوتووی خۆیان، تا لەوێوە پلانی داگیرکردنی مەحکەمانە داڕێژن و سوپای تەواوی بۆ ئامادە بکەن و ناوی شەیتانی لێ بهێنن و بێنە سەری..

ئەهلی ئیسلام بە تایبەتی داعی و پێشڕەوان و بیرمەندانی دەبێ ئەوەیان لەبەرچاو بزر نەبێت کە هێشتا رۆژئاوا لەسەر هەمان هەڵوێستی ستراتیژی نەگۆڕێتی و وولاتی موسوڵمانانیش هەر لە دواکەوتوویيەکەیدایەتی، ئەگەرچی لە رووی بیروهۆشەوە ئاهێکیان هاتۆتەوە بەرو تا رادەیەکی باش - دوای شکستی سەد ساڵەی دەسەلاتی عەسکەریتاریای عەلەمانیەت - زەمینەی هاتنەوەی ئیسلامیان بۆ حوکمڕانی ئامادەکردووە.. والحمدلله.

ئەهلی ئیسلام بە تایبەتی داعی و پێشڕەوان و بیرمەندانی دەبێ ئەوەیان لەبەرچاو بزر نەبێت کە ئێستا رۆژئاوا لە جاران زیاتر چاوی لە کەرەستە

زەرووریيەکانی ژيانی کۆمەڵگاکانێتی کە لە وڵاتانی ئێمەدا هەن.. وەکو نەوت و غازو زێڕو یۆرانیۆم و کەرەستەی خام و کانزای تر، ئەوانیش لە جاران خوێنمژترن و سەرمایەدارییەکەیان لە دوو سەدەی رابوردوو زیاتر چاوبرسی ترن.. بۆیە ئەمجارە بە ناوی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و دامەزراندنی سەرمایەدارییەوە ئاڵقەیان کردۆتەوە لووتی حاکمە عەلەمانیەکانیان کە بەسەر وڵاتی موسوڵمانانیاندا داون و پشکێکیان لە سامانە دزراوەکە دەدەنێ تا بەرژەوەندی ئەوان پاس بکەن..

چوارەم: زۆرجار گەل و میللەتان دەکەونە دووڕێیانی مێژووییەوەو هەلی هەڵبژاردن و هەڵاوێردنی هەڵوێستی ئازایانەیان بۆ دێتە پێش، ئەگەر ئوممەت وپێشڕەوانی توانیان رێی رزگاریی و سەربەستی و رێزداریی خۆیان بگرنەبەر ئەوە بۆیان لواوەو نابێت هەل بەفیرۆ بدەن، ئەگەر نا، حەتمەن تۆقی زەلیلیەکەیان بۆ داهاتوویەکی تریش هەر لە گەردندا دەمێنێت و دەبێت بە کۆیلەیی یان بە برسێتی رایکێشن! دەبێ ئەوەش رۆشن بێت کە ئەو دووڕێیانە مێژووییانە لە پڕدا دەرناکەوێت، بەڵکو بە پێی یاساو رێسای قەدەری خوایی بۆ تاقیکردنەوەی ئوممەتان و پێشڕەوانیان دێنە پێش.. جا ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی موسوڵمانان ئازایانە بڕیاری قوتاربوون و سەربەستییاندا ئەوە وەکو سێسەدساڵی یەکەمی ئوممەتی ئیسلام دەکەونە سەر رێی پێشەنگی شارستانێتی و سەرفرازی لای خوای گەورە.. ئەگەر لە نەزانی و لە ترس و هیممەت نزمیشدا بڕیاری مانەوەی هەمان بارودۆخی دواکەوتوویی خۆیاندا ئەوە حەتمەن وەکو ئەم سەردەمە مێژوویانەیان بەسەردا دێت کە لێرەدا دەیخوێنین..

ئوممەتی ئیسلام ئێستا ئەزموونی دووسەد ساڵی رابوردووی خۆی باش لەبەرچاوە، ئەگەر پەی بە هۆکاری لاوازیی و نەبوویی خۆی ببات. پاشان ئەگەر ژیرانە رێی سەرفرازییەکە بگرێتەبەر.. ئەمما ئەگەر هەر لەسەر بیری نەتەوایەتی وهەستی نیشتیمانپەروەریی وناوچەگەرێتی وئینتیمای

عەشایری ئەم سەد ساڵەی دوایی بمێنێتەوەو سەرراستانە روو نەکاتەوە دینداریێتی بەو ئیسلامەی بەزۆر پێیان خستە کەناری مێژووەوە، زۆر زەحمەتە لەم سەردەمی شەرەپاڵی هێزو جەمسەری کەسبکردن و پەیمانە سەربازییانەی دوژمناندا بێتەوە سەر ڕێی شکۆمەندییەکەی جارانی..

هەڵبژاردنی هەڵوێستی بەهێز لە سەردەمی لاوازیی ئوممەت و دەسەڵاتدا خۆی لە خۆیدا بەربەرەکانێیەکی سەختەو دێتە پێشی داعی و بیرمەندو پێشڕەوایانی ئەهلی ئیسلام.. چونکە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی شیاو لە دوای توێژینەوەو بیرکردنەوە، دوای تەقدیرو بڕیار ، ئینجا نەخشەدارشتن زوو جێبەجێکردنی ئەرکێکی داواکراوی ئوممەتە دڵسۆزە وێڵەکەیە لە داعی و بیرمەندو پێشڕەوانی، چونکە ئەوان سەرچاوەی ئاراستەو مەرجەعییەتی بڕیارن.. دەرنەکەوتنی هەڵوێستی شیاو لێیانەوە دەیان کێشەی ترسوبیم و شیرازەپسان و تێکچڕژان لە ئوممەتەکەدا دێنێتە پێش و دەیان کێشەی گۆڕینی وەلاء و تەکفیرو یاخیبوونیش بۆ ئاراستەوانان دێنێتە پێش..

ئەم پێشەکی وئەنجامە هەر بە هەڵوێستە سلبییەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە هەڵوێستە ئیجابیەکانیشەوەیە، چونکە ئەنجامی باش گرتنەبەری هەڵوێستی باش دەخوازێت، هەڵوێستی باشیش ووردەکاریی و ئازایەتی و جورئەت حەسم دەخوازێت.. ئەگەر دووڕێیانە مێژووییەکان هاتنە پێش و هەڵوێستی گونجاوی خۆیان بەرامبەر نەگیرایەبەرو ووزەکانی بۆ نەخرایە گەڕ، هەلەکە دێت و دەڕوات.. دوورنییە دوژمنان نەیقۆزنەوەو نەیکەنەوە بە هەلی زێڕینی خۆیان..

ئەم هەلانەش کاتێک دەتوانرێت یەکسەر بقۆزرێتەوە کە پێشتر ئوممەت و ئاراستەوانانی دیدو ڕێ و بەرنامەی کۆمەڵکاریی و شیاوێتی ووزەکانی بەردەستیان ئامادە کردبێت و چاوەڕوانی هەل بکەن.. وەکو راوچی بەتوانا بە قەنناسێکەوە چووە بۆ ئاسکێک.. کات و شوێنی راوو ئالییەتی پێویستی ئامادە کردووەو لەگەڵ دەرکەوتنی نێچیرەکەی وویستی خۆی دەخاتە گەڕ..

# بەشی دووەم

# رامـــــــان

**باسی یەکەم: هەتیووی ئوممەت**

**باسی دووەم: لە جەنگەڵی عەلەمانیەتدا**

**پاشکۆ**

## باسی یەکەم
## هەتیووی ئوممەت

روخانـدنی دەوڵـەتی عوسمـانی وئیلغاکردنـەوەی خیلافـەتی ئیسـلامی شیرازەپسـانی ئوممـەتی ئیسـلام بـوو، لێکهەڵوەشـاندنەوەی پێـکهاتەی سیاسیی بوو، لێکترازان ودابڕدابڕکردنی دارالاسلام بوو، رمـانی ئـەو منـارە بوو کە لە هەموو لایەکەوە ئاماژەی بۆ ئەهلی ئیسلام دەکرد کە لـە کوێـن و چەند لە مەرکەزی خیلافەتیانەوە دوور یان نزیکن، بۆیـە دوای رمـانی ئـەو منارەیـە کـە هێـمای یـەکبوون و یەکێـتی موسـوڵمانان بـوو، وولاتـە ئیستیعماریەکان ئاسانتر توانیان بێنە وولاتانی ئیسلامەوەو بۆ دەیان سـاڵ بیرۆتێننەوە..

بـەم روداوە کارەسـاتییە تـوانرا هەنگاوبەهـەنگاو هـەموو وولاتی موسوڵمانان بەرەو دواوە پـاڵ پێوەنرێـت و بـە کێشـەی گـەورە گـەورەوە موبتەلا بکرێن!

یەکەم: دەوڵەتی عوسمانی (کـە بـە دەوڵـەتی هـەموو ئوممـەتی ئیسـلامی دەژمێررا) کرا بە دەوڵەتێکی عەلەمانی بێـدینی کـە بـۆ حـوکمکردن دەبـوو یاسای سویسری بخاتە شوێنی شەریعەتی ئیسلامی.

دووەم: رێ خۆشکردن بۆ زایۆنیزم تا خەونەکەی خۆی بە ئاسانی لە قودسدا بکاتە حەقیقەتێکی واقیعـی بەرجەسـتەو لـە زەمەنێـکی کورتیشـدا ببێـتە سەرەنێزەی رۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکا لە جەرگی موسوڵماناندا.

سێیەم: هێنانەدی ئامانجە سـەرەکیەکەی رۆژئـاوا بـە تایبـەتی بـەریتانیا بەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی بەو دواکەوتوویـەی خۆیـەوە راکێشـنە نـاو بەرەی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکی ئەوی تێـدا بێت، وەک بەشداریشیان کرد خستیانە ریزی ئەڵمانیاوە تا بەزین و دابڕدابڕ بوونەکەی بە تەواوی بەسەردا ببڕێت.

چوارەم: روسیا ڕێی بۆ خۆشبوو تا وەسێتی بەترۆسی گەورە جێبەجێ بکات کە بریتیبوو لە داگیرکردنی لایەکی جیهانی ئیسلامی و کشان وخشان بەرەو کەنداوی عەرەبی و خەنجەر وەشاندن لە جەستەی ئوممەتی ئیسلام لە هەموو لایەکەوە بە سوپای قەیسەری و بە کۆمۆنیزم.

پەیمانی سیڤەر لە هەنگاوە پێشەکیەکانی لادان و ڕادانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە لە ١٩٢٠/٨/١٠ مۆر کرا، کە کۆمەڵێک برگەی لە خۆگرت هەر یەکێکیان لەوانی تری دژوارترو کاریگەرتر بوو، لەوانە:

١ـ دەوڵەتی عوسمانی کە لە ساڵی ١٩١٤ دا ٦١٣ر٠٠٥ میلی دوجاو ٢٠ بیست ملیۆن کەس بوو، لە ساڵی ١٩٢٤ دا کەم کرایەوە بۆ ١٧٥ر٠٠٠ میلی دوجاو ٨ ملیۆن کەس!

٢ـ نابێت تورک لە ئەوروپا لە غەیری قوستەنتینیە (ئیستانبوڵ) دا هەبن.

٣ـ بوارکردنەوە بۆ یۆنان تا ناوچەی ئیزمیر داگیربکات و ئیدارەی بدات تا (عوسبەتول ئوممەم) بە یەکجاری بە ڕەسمی دەیلکێنێت بە یۆنانەوە.

٤ـ بوارکردنەوە بۆ یۆنان تا بەری ڕۆژئاوای تەنگەی دەردەنیل داگیرکات و خۆی ئیدارەی بدات.

٥ـ سەربەخۆییدان بە ئەرمەن و دامەزراندنی دەوڵەت لەوانەیان کە لە ئەنادۆڵن.

٦ـ نابێ تورکیا کەشتی جەنگی وفڕۆکەی هەبێت ودەبێ سوپاکەشی بکرێتە پۆلیس.

٧ـ ئیمتیازات و سەرمایەگوزاریەکانی کۆمپانیاو وولاتە ڕۆژئاواییەکان دەبێ بگێڕرێتەوە سەر حاڵەتی پێشووی خۆیان کە پێش جەنگی جیهانی هەیانبووە.

٨ـ دەبێ تورکیا هەم غەرامەی دارایی قەرەبوو (تەعویز) بداتەوە، هەم دەبێت ئەو پارانە بدات کە دەکەوێتە سەری!

ئینجا بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا رێکەوتنامەیەکیان لە نێوان خۆیاندا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە ناوچەی ئیسلام و دابەش کردنی وولاتانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر خۆیاندا ئیمزاکرد..

ئیدی تورکیا نەیتوانی لەم هەموو قەیدو کۆتە قوتار بێت، چونکە گەر بیشیتوانیایە لە یەکێکیان راپسکێت، حەتمەن ئەوانی تری لە ئەستۆ قایم دەبوو!

بۆیە لەوەو دوا نەیتوانی وەکو دەوڵەت رەفتار کات! تا ئەو زەمانەی مۆرکی عوسمانی پێوە نەماو بوو بە تورکیای مستەفا کەمال، واتە دوای ئەوەی مستەفا کەمال و عیسمەت ئینۆنۆ پەیمانی نهێنی لۆزانیان ئیمزاکرد کە دەڵێ: واز لە ئیسلام وەکو سیستمی حوکم و سیاسەتی دەوڵەت و یاسای حوکم زمانی دین بهێنرێت.. ئەمەش ئیمزاکرا، ئەوجا رۆژئاوا بە تایبەتی بەریتانیا کەوتنە هەڵدانی پێکی سەرکەوتن. تا (لیۆن جۆرج) ی گەورەیان ووتی: من ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە تورک خراوەتە حاڵەتێکی واوە کە دەبێ ملکەچ کات بۆ موحاسەبەکردنی لەسەر ئەو هەموو تاوانباریەی دژی ئیسپانیا کردویەتی..

وێلسونیش ووتی: وا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئەوروپا فڕێ درایە دەرەوە، چونکە بەڕاستی شتێکی بە سیمای شارستانێتی نامۆیە)[٨].

<u>نامۆبوون</u>:

شێخول ئیسلام[٩] مستەفا سەبری ئاماژە بەوە دەکات کە مەرجەکانی پەیمانی سیڤەر لەسەر دەوڵەتی عوسمانی زۆر قورس بوو، بەڵام کە مستەفا کەمال و ئینۆنۆ بە نهێنی پەیماننامەی لۆزانیان ئیمزاکرد ئەوی تریان

---

٨ انور الجندي: الاسلام والغرب - المكتبة العصرية/بيروت چ ١ ١٩٨٢ لا ١٦٣ - ١٦٤.

٩ شێخول ئیسلام لەقەبی رەسمی موفتی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، گەورەترین مەرجەعییەتی شەرعی بوو، شێخ مستەفا سەبری ئاخر شێخول ئیسلام بوو. دواتر هیجرەتی کرد بۆ میسرو لەوێ کۆچی دوایی کرد. رحمەالله.

لەسەر سووککردن، پەیمانی لۆزان کە وولاتانی هاوپەیمان لە ١٩٢٣ دا مەرجەکانیان بە تورکیا ئیمزا کرد ـــ کە بە چوار مەرجەکانی کەرزۆن بەناوبانگەو دواتر بلاو کرایەوە ـ دەلێت:
١ـ ئیلغاکردنەوەی خیلافەت بە شێوەیەکی تەواو.
٢ـــ دەرکردنی خەلیفە لە وولات، هەروەها پشتیوانانی خیلافەت و موسادەرەکردنی سامان و مالیان.
٣ـ راگەیاندنی سکولەریستی (عەلەمانی) یەتی دەولەتی تورکیای نوێ و دەبێت دەستوری مەدەنی نوێ بخرێتە جێی دەستوری کۆنی عوسمانی.
٤ـ پساندنی هەموو پەیوەندیەک بە ئیسلامەوە.)[10].

قبوولکردنی ئەم مەرجانەو ئیمزاکردنی پەیماننامەکە بەراستی گورزێکی زۆر گەورەو (ضربة قاضية) ی ململانێکە بوو.

ئا بەم شێوەیە کەمالیەکان رێیان ئاسانکرد بۆ ئیلغاکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی دوای ئەوەی کە بۆماوەی ١٣٠٠ سالی رەبەق حوکمی کرد، هەروەها نەفیکردنی خەلیفەو خانەوادەو پشتیوانانی خیلافەت! بە کردەوەش ئەوە بوو کە خەلیفە عبدالعزیزیان ـ کە کۆتا خەلیفە بوو ـــ نەفی کرد بۆ سویسرا! (نەک بۆ مەککە یان مەدینە یان وولاتێکی ئیسلامی، بەلکو بۆ وولاتێکی ئەوروپایی کە مزگەوتێکی تێدا نەبووە) هەروەها ئیلغاکردنەوەی دادگای شەرعی و خوێندنگا دینیەکان و ئەوقافی ئیسلامی و زمانی عەرەبی و بە دەردی رۆژنامەی ئەوسای تورکیا نووسییان: تورکیا دەیەوێت بە یەکجاری واز لەو کلتورە کۆنەی بهێنێت کە ئیسلام دروستی کردبوو.. جا بۆچی ئەوە بلێین ؟! خۆ مستەفا کەمال خۆی وەکو رۆژنامەکانی تر لە ١٩٢٤/٢/٢٨ دا بلاویان کردەوە ووتی: (ئێمە بەراستی و بە تەئکید عەزممان جەزم کردووە کە هەر بەربەستێک بێتە رێمان دەیخەینە ژێر پێمانەوە، هەموو کەندو کۆسپێکی رێ تەخت دەکەین مادام رێی ئەوەمان لێ بگرێت کە

---

١٠ انور الجندي: الاسلام والغرب لا ١٩٢.

لەو رۆژهەلاتەی وازمان لێ هێناوەو جێی دەهێلێین، بەرەو ئەو رۆژئاوایە دەڕۆین کە روومان تێ کردووە، رۆژئاواییبوونمان نابێت هەر لە یاساو دەستورماندا بدرەوشێتەوە بەلکو دەبێت بچێتە کونجی مۆخ و درزی بیرکردنەوەمانەوە، لەمەودوا پێویستمان بە خیلافەت نەماوە نە بە خۆی نە بە وەزارەت ودادگا شەرعییەکانی ونە بە ئەوقاف وقوتابخانە دینییەکانی، ئێمە بە جیددی وازمان لەم شتە کۆنانە هێناوە کە پێمانەوە هەلزناوەو ناهێلێت بەرەو سەروەری بەرز ببینەوە، بەڕاستی تاوانی گەورە وا لە کۆلی پیتی عەرەبیدا، ئەو ئاوا دوای خستووین، ئەو وای لێکردین بۆ زانست و پێشکەوتن بە کلکی کاروانی میللەتاندا غار دەین، پێویستە بە پیتی لاتینی بنووسین).

لە ١٩٢٤/٣/١ یشدا لە ووتەکەی ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان) دا ووتی: (راپەڕینمان بۆ گۆڕانکاریی مالی خۆمان حەتمییە، پێویستە زۆر ئازایانە هەر کاریگەرییەک کە پێمانەوە لکاوەو رێی گۆڕانکارییمان لێدەگرێت لەبەر خۆمانی دامالین، نابێ لە هەلمەتی چوونەپێش و پێشکەوتنماندا دوودلێ و راڕابین، دابینکردنی مافە مەدەنییەکان ومافەکانی خێزان و خانەوادە لە رێگای مەدەنییەت و شارستانێتی رۆژئاواوە نەبێت هیچیمان بۆ نایاتە دی، میللەتان بە ئەفسانەوە بەسترابنەوە چۆن وەخەبەر دێن؟ چۆن رادەپەڕن؟ میللەتی تورکیش ناهێلێت مۆتەکەو ئەفسانە سواری بێت.).

ئینجا رۆژنامەکانیش نووسییان: خیلافەت و سەلتەنەت وەکو کلدان و ئاشوورو بابل و میسری کۆنیان لێهاتووە بوونەتە بەسەر هات، دینیش ـ کە ژیان و ئازادی مت کردبوو ـ لەگەلێاندا بارگەی پێچاوەیەوەو ئەویش نەما، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە مافی نوێ وەرگرین کە لە کلتوری رۆماوە هاتووە،

ئەتاتورک[11] دەڵێ: ئامانجم ئیلغاکردنەوەی خودی خیلافەت خۆیــەتی، نــەک ئەوەی بۆ خۆمی بپچڕم، نەخێر، چونکە من ئەو پیاوە نیم تەنازول کــەم بــۆ وەرگرتنی پلەو پایەیەکی ئاوا کۆن و پەڕپووت، ئێمە خۆمــان لــە خیلافــەت قوتــارکردو تورمــان هەڵــدا، وەکــو لاکــە تۆپیــو خســتمانە سەرەنگوێــلکی مێژووەوە..)[12].

* * *

---

١١ رۆژنامەکە دەڵێ ئەتاتورک ئەگینا ئێمە ناڵێــن، چــونکە ئــەتا تــورک یــەعنی بــاوکی تورکان، ئێمەش بۆمان نییە وا بڵێین، چونکە وا نییە، جگە لەوەی ئەمــە بــرا موســوڵمانە تورکە دیندارەکانمان تووڕە دەکات.

١٢ هەمان سەرچاوەی انور الجندی لا ١٩٢ ـ ١٩٤.

## باسی دووەم
## لە جەنگەڵی عەلەمانیەتدا

لە ئابی ١٩٢٣ دا حیزبی جمهوری گەل دامەزرا، کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە جولەکەکانی دۆنمە[١٣]و ماسۆنی بوون، لە ١٩٢٣/١٠/٢٠ شدا کۆماری تورکیای نوێ ڕاگەێنراو ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان) ی بۆ هەڵبژرراو لە ژێر کۆمەڵێک هەڕەشەو فشاردا مستەفا کەمال کرا بە سەرۆکی کۆمار.

لەو ڕۆژانەدا کە لە لایەکەوە هەموو ساتێکی دەتووت ڕەهێڵەی دوای ساتی لافاوە لە لایەکی تریشەوە دەتووت تێکچرژانی ئاهەنگەو جارچی دەگەڕێت و بانگەشە دەکات، کۆمەڵێک دانیشتنی خێرای راوێژکاریی بەرەی مستەفا کەمال کراو مستەفاش خێرا ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانی بۆ بەستنی کۆبوونەوە بانگکرد، یەکەم ڕۆژی ئازاری ١٩٢٤ کۆبوونەوەی ئەنجومەن دەستی پێکرد، هەر لە سەرەتای ووتاری یەکەمەوە دیار بوو کە مەبەست لەم کۆبوونەوەیە ئیلغاکردنەوەی رەسمی خیلافەتە، بۆیە هەر لە یەکەم ساتیشەوە کۆبوونەوەکە بووە رەدوبەدەلی شەڕەقسە و بەرهەڵستکارانی مستەفا کەمال هێشتا گوڕیان تێدا مابوو..

پێش کۆتایی کۆبوونەوەکە مستەفا کەمال هەستاو ووتی: (بە هەر نرخێک بێت دەبێت ئەم کۆمارەی ئاوا مەترسی لەسەر بپارێزرێت، دەبێت لەسەر بنج و بناغەیەکی عیلمی پتەویش بنیات بنرێت، خەلیفەو خیلافەت و ئاسەواری ئالی عوسمان پێویستە نەمێنن، دادگای کۆنی دینی و یاساکانی پێویستە کەنار درێن، دەبێ لە شوێنی ئەوان دادگاو یاساو دەستوری هاوچەرخ بهێنێتە پێشەوە، پێویستە قوتابخانەی پیاوانی دینی داخرێن و قوتابخانەی غەیرە دینی نوێخوازیی حکومەت بێتە جێیان) ئینجا داوای کرد پەرلەمان

---

١٣ جولەکەی دۆنمە: تاقمێکی سەر بە مەزهەبێکی جولەکەن بەڵام ناویان ناوی ئیسلامیەوساڵەهایە لە تورکیا دەژین، گۆڕستانیشیان نزیک گۆڕستانی موسوڵمانانە ..

مەرسومێک دەرکات کە بڕیاری دەرکردنی خەلیفەو جوێکردنەوەی دینی لە دەوڵەت تێدا بە روونی دەرخرێت..

بەم قسانە ئەوەندەی تر موناقەشەکان پەرەیان سەند، یەکێک لایەنگیری دەکرد دوو بەرپەرچیان دەدایەوە، یەکێک دەیووت نابێ دوان دەیانووت دەبێ وا بێت.. وە هەروەها تا کۆتایی ئەو رۆژە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک.. بۆ رۆژی دووەمیش هەر وا موناقەشەو شەڕەقسە دەستی پێکردەوە تا ئێوارەو دواتر تا نیوەشەو، نەخێر هەر توولی کێشا تا سەعات شەشونیوی سبەی، هەر نەگەیشتنە هیچ بڕیارێک..

بۆ رۆژی سێیەمی مانگی ئازار (مارت) ی ١٩٢٤ ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان) ی تورکیا بڕیارێکی ئیعلان کرد کە دەڵێ: خیلافەت ئیلغابۆتەوەو دین لە دەوڵەت جوێ بۆتەوە.. مستەفا کەمال نەیهێشت خەڵکی تاساو بێنەوە سەرخۆ، خێرا فەرمانێکی سەرۆکایەتی لای خۆیەوە دەرکردو ناردی بۆ جێبەجێکردنی لە ئیسلامبوول کە پێش هاتنی سپێدەی سبەینێ دەبێ خەلیفە عەبدولمەجید وولات بەجێ بهێڵێت، ئینجا هەر خۆی بە سوپایەکی پۆلیس و عەسکەرەوە کەوتە رێ بۆ ئیسلامبوول و پێش فەجر گەمارۆی کۆشکی خەلیفەیداو لەگەڵ تاریک و روونی فەجردا خەلیفەی ناچار کرد سەیارەیەک بگرێت و هەندێک جل بەرگیان بۆ کردە جانتایەکەوەو کەمێکیش پارەیان دایێ و بردیان بەرەو سنووری سویسرا! تەنانەت نەیانهێشت روو لە مەککەو مەدینەش کات!

ئینجا لە ماوەی دوو رۆژیشدا هەرچی راوێژکارو ژن و ماڵ ومنداڵ و حاشیەو دەست و پێوەندی خەلیفە هەبوو، هەر هەموویانی کۆکردەوەو بەرەو دەرەوەی وولات دەری پەڕاندن! ئینجا کەوتە ئیلغاکردنەوەی دائیرە بە دائیرەی ئیسلامی و سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی خیلافەتی ئیسلامی و ناوو ناوەرۆکی.. هەموو دائیرە دینیەکانی ئیلغاکردەوەو هەموو پارەو زەوی وزارو مولکی ئەوقاف هەبوو کردیە مولکی حکومەت و قوتابخانە

ئیسلامیەکانی داخست وبیناکانی کردە مولّکی وەزارەتی مەعاریف و چاودێری حیزبیانەی خۆی ـ پێش دامەزراندنی دەزگای ئەمنی ـــ لەسەر هەموو گۆڕانکارییەکانی دانا.. هەرچی دۆکۆمێنتی رەسمی دەولّەتی عوسمانی هەبوو یان لە دەستیاندا فەوتا، یان بە بێبایەخ خستیانە کەنارەوە! ئێستا دوای هاتنی حکومەتی ئۆردۆغان لە تورکیا فەرمانیداوە کە بایەخ بەو دۆکۆمێنتانە بدرێت کە ئێستا ١٥٠ ملیۆن دۆکۆمێنتی بە سەلامەتی ماوە!!

بەم شێوەیە مستەفا کەمال هەر چوار مەرجەکانی کەرەزۆنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیزی جێبەجێ کرد، ئینجا وولآتانی رۆژئاوا ئیعتیرافیان بە دەولّەتی نوێی تورکیا کرد، سوپای ئینگلیزیش لە ئیسلامبوول و کەنداوەکان کشایەوە!

لە بەریتانیای مەزن! کە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی رەخنەی لە حکومەتی بەریتانیا گرت کە بۆچی ئیعتیرافی بە تورکیا کردووە، کەرەزۆن وەلآمی دایەوە: (تورکیا بنبڕ کرا، لە ناو برا، تازە هی ئەوە نەماوە سەرپێی خۆی کەوێتەوە، ئێمە ئەو ووزە مەعنەویەیمان لەناوبرد کە مایەی هێزو توانای بوو: خیلافەت و ئیسلامەتیەکەی)[١٤].

* * *

ئاوا خیلافەت روخێنراو ئاوا ووردوخاش بوو، بەمەش رمانی دەولّەت و دەستوری ئیسلامی پەستێورایە قوژبنێکی کەلاوەی مێژوو، ئاوا یاساو رێسای دەستوری هەزار سالّەی ئوممەتێکی دیندارو زیندوو کرایە کەلەپورێکی مۆزەخانە! ئاوا دیدی سیاسی و سیستمێکی حوکمڕانی ژیانی نیوەی سەر زەمینی زەمانی خۆی، کرایە کتێبە کۆنێکی لاتینی وا کە پسپۆڕی خۆی نەبێت کەس لە پیتێکی تێنەگات!! ئاوا ئەو دەولّەتە بەرفراوانەی وەکو شێری پیرو نەخۆش،کە ترسی هەر مابوو، بووە ووردە وولآت و کلکە

١٤ عبدالقديم زلُوم: كيف هدمت الخلافة ـ دار الأمة/بيروت ١٩٩٠/٣ لا ١٨٦ ـ ١٨٧.

دەوڵەت! لە جێی ئەو حاکمانەی ئامادەی تەنازولی بستێک خاکی فەلەستین بۆ جولەکە نەبوون، کۆمــەڵ کۆمــەڵ سیاســەتمەداری دووڕوو وترســنۆک و گەندەڵ وبودەڵە ـ هەر بە ناوی ئیسلامەوە ـ هاتنە شوێنیان!!

ئەمە چ کارەساتێکە؟!

ئەوەی بە بیری رۆژئاوادا دەهات کە وەک پاڵی کۆمەڵکاریی رق و قــین بــە پەیکەری ئیسلامیەوە بنێت، ئەوەی کە زۆر سوکنایی دڵی پێدەهات و ئاهێکی ئارامی تێدەگەڕا پێی، ئەوەی دەمێک بوو بە سەدان نەخشەو پلان وەک پــواز بۆ قاشکردنی ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی دادەتاشی، ئــا ئەمــە بــوو.. ئــەم گورزە گرانە بوو کە هەموو وولاتانی ئەوروپای ئەو زەمانە پێــکەوە هــەڵیان سوڕاندو بە هەموو هێزیان بە جەستەی ماندووی زۆرانبازەکــەی ئیســلامیان کێشا! دوای ئەم شەڕە تووڵانیەیان ئاهیان تێگەڕاو پێــکی ســەرکەوتنیان فــڕ کرد.. دوای ئەوەی ئاوا دەوڵەتێکیان رمانــد کــە بــە نــاوی ئــەو ئیســلامەوە حوکمی دەکرد کە ئەمان زیاتر لە هەزار ساڵ بوو لێویان لێ دەکرۆشت، بــە ناوی ئوممەتێکەوە قسەی دەکرد کە لــە هــیچ جەولەیەکــدا خــۆی بــە دۆڕاو نەدەزانی! بە ناوی دینێکەوە هاتبووە پێشەوە کە دەیووت دینی ئێوەشی پــێ ئیحتیوا دەکەم.. ئای کە ململانێیەکی قورس بوو..

لە جێی دارولئیسلام وولات دروست بوو، لە جێی غــیرەتی جیهــاد، تــۆوی کونجرەی تۆرانی و عروبــەو کوردایــەتی وبــاقی بانگەشــە جاهیلییــەکانی نەتەوایەتی چێنرا، هەر هەمووشیان بوونە کلکی تەورو پــیرەداری وجــودیی خۆیان دەبڕییەوە، لە جێی هەموو ئیعتیقادو هەست و سۆزێکی برایی دیــنی، کەڵبە لێک گیرکردنی دڕندەیی لەسەر ئێسکە مەتروکی عوسمانی پەیدا بوو، تورک و عەرەب، تورک و کورد، عــەرب و کــورد، عــەرەب و بەربــەر، ئینجــا عەرەب و عەرەب، کوردو کورد بە دنەی رۆژئاوا لــەو رۆژەوە شەڕەشــۆقیانە لەسەر پاوەنی بێ تاپۆو قەرسیلی بەرماوە.

رۆژئاوا کە دەوڵەتی عوسمانی بە تورکیای نوێ و مستەفا کەمال رماند وایزانی وەکو ئیمپراتۆریەتی کاسۆلیکیەکەی خۆیان دینەکەشی پێوە رماندووە! بۆیە کەوتە نەقڵ کردنی تەجروبەکەی مستەفا کەمال بۆ ناوچەکانی تری وولاتی موسوڵمانان، بۆ خۆشیان لە رۆژئاوا زۆریان کتێب لەسەر سەرکەوتنی خۆیان و مەفحکردنەوەی ئیسلام نووسی.. زۆر بە غروورەوە دەیانووت: هەتا دنیا دنیا بێت جارێکی تر ئیسلام سەر هەڵناداتەوە..

**شێر مردو جەستەی ئوممەت کەوتە بەر کەڵبە:**

جەستەی ئوممەت هەنجن هەنجن لە لاکۆلانی مێژوودا کەوتە بەردەمی سەگەل!

ئەوی لەو نیوە دۆرگەی عەرەبە هۆزی گەرۆکی دووی حوشتربوو، بوو بە خاوەن دەوڵەت و ئالا، حاکم لە دوای حاکمیشیان دەبوون بە واریسی کێشەی خەت کێشانی سنووری وولاتەکانیان، وەکو قەتەرو بەحرەین کە دەیانەوێت کێشەی سنوورەکەیان ببەنە دادگای نێو دەوڵەتی لە لاهای/هۆڵەندا!!

یەک دەوڵەت و ئوممەت بوو بە ٥٦ لەتە دەوڵەت و ٧٦ کەمایەتی بێ ساحێب کە ساڵانە لەبەرچاوی هەموو دەزگا نێودەوڵەتییە دووڕووەکانەوە لە فەلەستین و ئەفغانستان و حەبەشەو بۆسنەو چیچان سەر دەبڕێن، ریشەکێش دەکرێن و کەس لەسەریان هەڵناداتێ! ٥٦ دەوڵەت! بەلام زەبلاحەکانیان وەکو ئەندۆنیسیا (کە ٢٣٦ ملیۆنە) یان پاکستان (کە ١٥٠ ملیۆنە) یان نەیجیریا (کە ١٤٠ ملیۆنە) یان تورکیا (کە ٧٢ ملیۆنە) حوکمی عەسکەر حکومەتە هەڵبژێرروەکەشیان وەک گاگەل لە تەنگژەیەکەوە دەبات بۆ تەنگژەیەکی تر! لە هەموو هەڵبژاردنی وولاتی داماوی موسوڵمانانیشدا حاکم ٩٧ر٩٩% ی دەنگەکان دەهێنێت! دەڵێی موسابەقەی ئەسپە بەلام بە یەک بارگیری لات!

رۆژئاوایە کە دیکتاتۆریەت لە وولاتی موسوڵماناندا زەرع دەکات! بۆیە هەر ئەویش بەرپرسە لە کاولکاریی وولاتی موسوڵمانان. رۆژئاوایە کە

دیکتاتۆر لە دوای دیکتاتۆر دێنێتە پێشەوە، جا ئەو دیکتــاتۆرە سەربازێـکی فاشـیلی تــاکرەوی وەکـو قــەززافیی و موشــەڕڕەفە، یــان تـیرەو هۆزێـکی دیکتاتۆری وەکو ئال سعوودە، یان حیزبێـکی چــەتەگەرییە وەکـو بەعسـی عێراق و سوریایە..

ئیلغاکردنەوەی خیلافەت هەتیووبوونی ئوممەتەکە بـوو، نــەک هــەر لــە تورکیا، بەڵکو لە هەر هەموو جیهاندا! چونکە دوابەدوای ئەو نــەک هــەر رێ لە کاری سیاسی ئیسلامی گیرا، بەڵکو لە هەموو شوێنێک بـوو بـە تۆمـەتی خیانەت! تەنانەت کەمالیەکان لــە نەفیکراوێـکی وەکـو شێـخی نەورەسـی رەحمــەتیان قبــووڵ نــەکرد لــە مەنفاکەشــی حەلەقــەی زیکـری سۆفێـتی دامەزرێنێت! لە هەموو شوێنێک موسوڵمانان زەلیل کـران، چـونکە هــەموو کەس لێدان و چەوساندنەوەیانی لاببووە ماف و ئەرکی نیشتیمانی خۆی! لە هەموو شوێنێک ئیسلام لە حـوکم دوورخرایــەوە، یاســاو رێســاو بڕیــاری دادگاییەکانی ئیلغاکرایەوەو شەریعەتەکەی لە کتێبی فیقهیــدا قــەتیس مــا! هەر کەس بیووتایە شەریعەت باشە دەدرایە دادگا! مزگەوتەکان دەڕوخێنران یان دەکرانە باڕو سەماخانەو گەوڕی ئاژەڵ، یان دەکرانە بارەگای حیزبیــی، زمانی عەرەبی لە تورکیاو وولاتانی تر خرایە سەنگەری ئەوبــەر، تەنانــەت کە لە تورکیا پیتی عەرەبی بۆ لاتینی گۆڕا، لە میسریش لــە ژێـر سێــبەری حوکی قەومی ناسرییدا هەوڵی گۆڕینی بۆ لاتینی دەدرا!! ئیدی لای ســۆمالی محمد زیاد بەریی کەی غەریبە ؟! یان لای کوردێکی گەلۆرو رقن ؟!!

**١٠,٠٠٠ مەلا کوژرا!**

بزوتنەوەی ئیتتیحــادو تەرەقیەکــەی کەمالیــەکان لــە تورکیــا، جیهــانی ئیســلامییان خســتە دژوارتــرین قۆنــاغی رووبــەڕوو بوونــەوەی ئیســلام و رۆژئــاواوە، چــونکە زاتی رۆژئاوایــان وا شــکاند جورئــەتی ببێــت دەیــان پەیوەندی بیروباوەڕو هەستوسۆز بێنێتە جێــی پەیوەنــدی برایــەتی دیــنی ئیسلامی! ئینجا جورئەتی ئەوەیان دا بە خۆیان وبــە دوای خۆیــان کــە لــە

هەموو شوێنێکدا حوکمی ئیسلام بخرێتە لاوەو کلتـووره بێـدینیەکانی پێـش ئیسلام زیندوو بکرێنەوە، فیرعەونی و فینیقی و پەهلەوی و سانسکریتی کۆن و..هتد ئەمەشیان دەکردە پلان و وەکو ئاگر لە پووشووی بێ ساحێب هـەموو وولاتێکی موسوڵمانانیان بەردەدا..

**خیلافەت کەوت..**

بـە کـەوتنی ئـەوو بـە ئیلغاکردنـەوەی رەسمـی ئـەو لـە ١٩٢٤/٣/٣ ەوە دەزگاکانی فێرکردنی ئیسلامی لە پایتـەختی ئیسـلامەکەدا داخـران! ئینجـا دوای ساڵێک فێرکردنی قورئان و ئیسلامەتی بوو بە تاوان و دەیان هـەزاری لەسەر دادگایی کرا!

ئەوەی مستەفا کەمال بە ئیسلامی کرد، جارێ تا چەندین ساڵ بیرمەنـدانی ئیسلامەتی لە هەموو جیهاندا تاساند، زانایـانی حەپەسـاند، گۆڕانکارییـە کەمالییەکان دەتووت خولخولۆکـەن و هەڵدەسوڕێـن، تەنانـەت رۆژانـەش نەبوون!! ساتانە بوون! کاردانەوەکانیشـیان مانگانـەش فریـا نەدەکـەوت، کەس فریای توێژینەوەی گۆڕانکاریی پێشوویان نەدەکەوت تا پلانێکی دژیان داڕێژێت، ئەمان گۆڕانکارییەکی تریان دادەهێنا، لەوی پێشووتر قورستر! کـە کەمالیزم لافاوی رۆژئاوای هێنایە سەر موسوڵمانان، کـەس فریـای کەلێـن گرتن نەکەوت! چونکە کەمالیزم دیدو بۆچوونی فەلسەفی رۆژئاوای پڕاوپـڕ کردە قالبی ئیسلامەکەوە! ئیدارەو سیستمی ئەوروپای بـە تـەواوی هێـنایە قالبی حوکمڕانی عوسمانیەوەو هـەر قالبێـکی عوسمـانی یاسـاو رێسـای رۆژئاوای لـە خۆنەگرتایـە تـووڕی هەڵـدەدا! هـەموو رۆژێـک پەرلـەمان بڕگەیاسایەکی کوفری دادەتاشی، ئـەمڕۆ ئیلغـای خیلافـەت، سبەی ئیلغـا کردنەوەی بانگ بە عەرەبی، دووسبەی زەواجی مـەدەنی لـە جێـی مـارەیی ئیسلامی، چوار سبەی یاسای مـیرات.. وە هـەروەها.. کـەس فریـای ئـەوە نەدەکەوت بیانخوێنێتەوە، چونکە رۆژئاوا پەلەی بوو، کـەمالیزمی کردبـوو بە شۆفلی روخاندن، نەیدەهێشت یەک لەحزەی ئەو هەلـە مێـژووییەی لـە دەستچێ، دەبوو ئەوەی ئیسـلام و ئوممەتەکـەی بـە هەزارودووسـەد سـاڵ

دروستیان کردبوو، ئەم خێرا بە هەزاروسێسەد رۆژ لە ریشەوە هەڵیکێشێت.. ئەمەش پەلەکردنی دەخواست.. بۆیە ١٠,٠٠٠ مەلا کوژرا! هەرچی قوتابخانەی ئیسلامی هەبوو ڕمێنرا!! تەنانەت رێ بە هیچ تەکیەکی سۆفیگەریش نەدراو هەمووی تەپێنرا! ئیسلامبوولێک کە ٥٠٠ مزگەوتی تێدا بوو هەمووی روخاند! مەگەر چەند مزگەوتێکی مێژوویی وەکو مزگەوتی ئایا سۆفیا کە تا ئێستاش وەکو مۆزەخانە ماوە! دەبوو رۆژانە هەزاران کەلەپوری ئیسلامی لە ئاساری مۆزەخانەو دەسنووس و شتی بە نرخ بفرۆشن یان بیفەوتێنن! دەبوو بە دەستی راست پیک بە ئیسلام و ئاسەواری بکێشن و بە دەستی چەپ لەجێی ئەو ئاسەوارە خێرا شتێکی رۆژئاوای لەجێ دانێنەوە!

ئاوا تورکیای سکوڵەریستی بێدینی هاتەبوون و خەڵکانی تریشی بۆ هاندرا.. رەزاشا لە ئێران و ئامانوالله خان لە ئەفغانستان و مستەفا کامیل لە میسرو..

هەرچەندە ئێستا رۆژئاوا کۆستی کەوتووە، خەمبارە، کە دەبینێ تەییب رەجەب ئۆروغانی ئیسلامی لە تورکیاکەی کەمالیستیدا بە ئیسلام دێتەوە پێشەوەو بەرەو ئەوروپاشی دێنێتەوە.. هەرچەندە قولەکۆیلەی وەکو موشەڕەفی عەسکەریی پاکستان تازە بە تازە لەم زەمانی رابوونە بەهێزەی ئیسلامدا دەڵێ: (من زۆر بە کەمال ئەتاتورک موعجیبم) بەڵام ئەمە هەر لە فیشەکی چرووک دەچێت..

* * *

## پاشکۆ
## لیستی روداوه کاریگەرەکانی
## سەد ساڵی کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی

ـ ١٨٢٦/٤/٤ شەڕی شەمکاری نێوان روسیا و فارس (ئێرانی ئەو کاتە) فارسەکان تێیدا شکان و روسەکان هاتن و تەورێزیان داگیرکرد، بەمەش فارس تەنازولی لە نەخچەوان و یەریڤان بۆ روسیا کرد.

ـ ١٨٢٩/٨/١٩ روسیا ناوچەی ئەدرنەی عوسمانی داگیرکرد، پاشان رێکەوتنێکی زەلیلانەی بە عوسمانیەکان مۆرکرد! کە بە پێی ئەوە دەوڵەتی عوسمانی دەسبەرداری یۆنان دەبێت و ئیعتیراف بە سەربەخۆییەکەشی دەکات.

ـ ١٨٣٠ داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن فەرەنساوە.

ـ ١٨٣٠ سربیا یەکەمین ئیمارەتی سربی سەربەخۆی لە دەوڵەتی عوسمانی دارِنی.

ـ ١٨٣٠ یۆنان ئازادی خۆی راگەیاند.

ـ ١٨٣٢ بەریتانیا هیندستانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (تا ئەو ساڵە دەوڵەتێکی مەغۆلی ئیسلامی بوو).

ـ ١٨٣٦ بەریتانیا سەنگافورەی داگیرکرد کە هەرێمێک بوو لە مالیزیا.

ـ ١٨٣٩/٧/١١ رۆژئاوا لە دەرەوەو لە ناوەوە سوڵتانیان ناچارکرد گۆڕانکاریی لە یاساو دەستورو ئیدارەدا بکات بە ناوی (فەرمانی گوڵخانە).

ـ ١٨٤١ کێشەو پشێوی لە ناو مەسیحی و درووزەکانی شامدا سەری هەڵدا.

ـ ١٨٤٧ کۆمەڵەی زانست و هونەر لە بەیرووت لە ژێر سەرپەرشتی تیمە مەسیحیەوانیەکانی رۆژئاوادا پێک هات.

ـ ١٨٥٤ـ١٨٥٥ جەنگی قیرم (کە بە هەڵە دەوترێت قەرەم) لە نێوان عوسمانی و روسیادا هەڵگیرسا.

ـ ١٨٥٥ دەوڵەتە رۆژئاواییەکان دەوڵەتی عوسمانیان ناچارکرد بۆجاری دووە دەستوور بگۆڕێت، بەرنامەی گۆڕانکارییەکە ناونرا (خەتی هەمایۆن).
ـ ١٨٥٧ بەریتانیا شاری بوشەهرو موحەممەرە (خورەمشەهر) ی ئێرانی داگیر کرد.
ـ ١٨٥٧ بەریتانیا بە تەواوی هیندستانی خستە ژێر رکێفی خۆی و بە رەسمی کۆتایی بە دەوڵەتی ئیسلامی لە هیندستان هات و شۆڕشی گەورەی هیندستان بەرپا بوو.
ـ ١٨٥٨ـ١٨٦٣ دەوڵەتی عوسمانی یاسای ئەوروپایی لە سزادان و بازرگانی و خاوەنێتی زەوی زاردا وەرگرت و بە رەسمی کردی بە یاسای دەوڵەتی عوسمانی.
ـ ١٨٦٢ دامەزراندنی کۆلیژی پرۆتستانتی مەسیحیەوانی لە بەیروت کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ زانکۆی ئەمریکی، ئێستا لقێکی تری لە قاهیرە هەیەو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا تەنها لە کورستان لقێکی تری هەیە! ساڵی ٢٠٠٥ کرایەوە..
ـ ١٨٦٦ هەڵاتنی گەلانی چەرکەسی موسوڵمان لە بولگاریاو سربیاوە لە دەست چەوسانەوەی رووس و گەیشتنیان بۆ بەڵقان.
ـ ١٨٦٧ بەرپابوونی شۆڕشی دۆرگەی کریت دژی عوسمانیەکان و گەیشتنی هەزاران یۆنانی بۆ یارمەتیدانیان.
ـ ١٨٦٩ فەرەنسا تونسی داگیرکرد.
ـ ١٨٧٥ شۆڕشی سربیەکانی بۆسنە دژی دەسەڵاتداریی عوسمانی.
ـ ١٨٧٥ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نهێنی مەسیحیەکانی شام لەسەر بنەمای نەتەوایەتی عەرەبی دژی دەوڵەتی عوسمانی بەو ئیعتیبارەی تورکن و خیلافەتی ئیسلامیان لە عەرەب زەوت کردووەو وازی لە دینداریی هێناوە!
ـ ١٨٧٥ شۆڕشی هەرزەگۆڤینا دەوڵەتی عوسمانی خستە تەنگژەوە.

١٨٧٦/٥/٣٠ مەدحەت پاشای جولەکە کە وەزیری دادپەروەریی عوسمانی بوو، بە یارمەتی بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا سوڵتان عەبدولحەمیدی لە دەسەڵات هێنایە خوارەوە، چونکە بەو گۆڕانکارییانە رازی نەبوو کە خستبوویانە بەر دەستی.

ـ ١٨٧٦/٨ یەکەمین دەستوری دەوڵەتی عوسمانی (دەستوری مەدحەت پاشا) راگەیێنرا.

ـ ١٨٧٧/٤ روسیا جەنگی دژی دەوڵەتی عوسمانی راگەیاندو لەشکری گەیاندە نیوەدۆرگەی بەڵقان.

ـ ١٨٧٧/١٢ شاری بیلفنا کەوتە دەست رووس بەمەش مەترسی لەسەر ئەستانەی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوو، بۆیە سوڵتان ناچارکرا کە گرێبەس (عەقد)ێک لەگەڵ روسیادا ببەستێت کە مەرجەکانی قورسبوون، ناسرا بە مەرجەکانی سان ئیستیفانۆ.

ـ ١٨٧٨ سەرکەوتنی روسیا و دامەزراندنی ئیمارەتێکی بولگاری کە هەر بە ناو سەر بە دەوڵەتی عوسمانی.

ـ ١٨٧٨/٦/١٣ بەستنی کۆنگرەی بەرلین لە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەو کاتەی ئەوروپادا (ئینگیلتەرا، فەرەنسا، روسیا، ئەڵمانیا) کە چوار هەفتەی خایاندو لە کۆتاییدا بڕیاریاندا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کە ناویان نابوو (مەسەلەی رۆژهەڵات) و (پیاوە نەخۆشەکە) لە خۆیان دابەشکەن! ئەم کۆنگرەیە خەتەرترین کۆنگرەبوو کە دژی ئیسلام دارێژرا.

ـ ١٨٨٢ میسر بووە وڵاتێکی ژێردەستەی رەسمی بەریتانیا.

ـ ١٨٨٤ دابڕینی تورکستان لە دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن روسیاوە.

ـ ١٨٩٦ تیۆدۆر هێرتزلی دامەزرێنەری بزوتنەوەی زایۆنیزم داوای لە سوڵتان عبدالحەمید کرد رێ بە جولەکە بدات بۆ فەلەستین کۆچکەن لە

بەرامبەریشیدا جولەکە هەموو قـەرزەکانی دەولـّەتی عوسمـانی دەبژێـرن، بەڵام سولـّتان رەفزی کرد.
ـ ١٨٩٦ دامەزراندنی کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقی تورکەکان.
ـ ١٨٩٧ دەولـّەتە زلـهێزەکان دەولـّەتی عوسمانیـان ناچـارکرد حـوکمیزاتی بداتە دۆرگەی کریت.
ـ ١٩٠٤ فەرەنسا بە رێکەوتن لەگەڵ بەریتانیا بەشێکی مەغریبی داگیرکرد.
ـ ١٩٠٤ ئیسپانیا شاری تەتوانی مەغریبی بۆ خۆی داگیرکرد.
ـ ١٩٠٥/٧/٢١ لەو کاتەی سولـّتان عەبدولحەمید دەچـوو بـۆ نوێـژی جومعـە ئیدوارد جۆریە کە گەنجێکی ئەرمـەنی بـوو ٨٠ کیلـۆ تەقەمـەنی و ٢٠ کیلـۆ پارچە ئاسنی خستە مەوکیبەکەیەوە، کـە تەقیـەوە بـووە هـۆی کوشـتن و برینداربوونی ٨٤ کەسی دەوری سولـّتان (زۆرینەیان سەربازە پاسەوانەکانی بوون) بەڵام سولـّتان خۆی بەرنەکەوت. حوکمی ئیعدام بۆ کابرا دەرچوو بەڵام سولـّتان لێی خۆشبوو.
ـ ١٩٠٨ بولگاریا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند.
ـ ١٩٠٨/٤/٢٦ شۆڕشی بزوتنەوەی ئازادیخوازان بـە سـەرۆکایەتی مەدحـەت پاشاو نیازی پاشـا دژی سـولـّتانی عوسمـانی (عەبدولحەمیـد) بـەرپابوو، شۆڕش سەرکەوت و سولـّتانیان هێنایە خوارەوەو سیستمی دەولـّەتیان کـرد بە دەستووری پەرلەمانی.
ـ ١٩١١ ئیتاليا لیبیای داگیرکرد.
ـ ١٩١٢ فەرەنسا هەموو مەغریبی داگیرکرد.
ـ ١٩١٢ تێکشکانی سوپای عوسمانی لە بەرامبەر سـوپای یۆنـان و سـرب و مەقەدۆنیاو بولگاریا.
ـ ١٩١٢/٢ سنوری تورکیای نوێ لە لەندەن دیاری کرا کە لە کوێوە تـا کـوێ بێت.

ـ ١٩١٣ پەیمانی بوخارست ئیمزاکرا کە بە پێی ئەوە دەوڵەتی عوسمانی زۆرینەی ناوچەکانی ئەوروپای لەدەستدا.
ـ ١٩١٤ هاندانی حوسەینی کوڕی عەلی والی عوسمانی لە حیجاز لە لایەن بەریتانیاوە بۆ بەرپا کردنی شۆڕش دژی دەوڵەتی عوسمانی.
ـ ١٩١٤ـ١٩١٨ داگیرکردنی هەموو عێراق لە لایەن بەریتانیاوە.
ـ ١٩١٦ پەیمانی سایکس پیکۆی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە خۆیان، مۆرکرا!
١٩١٧/١١/٢ پەیمانی بەلفۆر (وەزیری دەرەوەی بەریتانیا) کە بە جولەکەکانی جیهانی دا راگەێنرا کە دەڵێ: بەریتانیا یارمەتی نەتەوەی جوولەکە دەدات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ خۆیان لە فەلەستین.
ـ ١٩١٨/٤ لینین لە سۆڤیەت بڕیاری بۆ سوپای روسیی دەرکرد کە وولاتە ئیسلامیەکانی باشور داگیرکەن!
ـ ١٩١٨ روسیا بە ٦٠٫٠٠٠ سەربازەوە هێرشی کردە سەر وولاتە ئیسلامیەکانی ئۆراڵ و قەوقازو تورکستان.
ـ ١٩١٨ بەریتانیا هەموو فەلەستینی داگیرکرد.
ـ ١٩١٩ روسیا کۆماری ئالاشی داگیرکرد.
ـ ١٩١٩/٨/٩ بەریتانیا پەیمانێکی لەگەڵ دەوڵەتی فارسدا مۆرکرد کە بە پێی ئەوە بەریتانیا چەک و ئەفسەرو مەشقەوان دەداتە فارس.
ـ ١٩٢٠ کۆماری ئیسلامی خێوە دوای شەڕو پێکدادانێکی خوێناوی بە دەستی کۆمۆنیستەکان رما.
ـ ١٩٢١ رمانی کۆماری ئیسلامی بوخارا بە دەستی کۆمۆنیستەکان دوای ئەوەی دە ساڵ توانی خۆی لەبەر هێرشەکانی رووسدا راگرێت.
ـ ١٩٢١/٢ کۆدەتای رەزا شای ئێران بە یارمەتی بەریتانیا بەسەر عەلی ئەحمەد شای قاجاریەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکوڵەریستی لەسەر نموونەی تورکیای نوێ.

ـ ١٩٢٢ روسیای سۆڤیەتی وولاتی قیرمی بە تەواوی کەوتە بەردەست دوای ئەوەی دانیشتوانەکەی بە کوشتن و دەرکردن ریشەکێش کرد، تا سالّی ١٩٤٠ لە ٥ر٥ ملیۆن کەس بڕی ٤٠٠ر٠٠٠ کەسی مایەوە [١٥].

ـ ١٩٢٢/١١/١ بە رەسمی سەلّتەنەت وەکو سیستمێک لە تورکیای نوێدا ئیلغابۆوەو وویسترا پلەی خیلافەت وەک پلەی (پاپایەتی فاتیکان)ی بۆ موسولّمانان لێبکرێت.

ـ ١٩٢٢/١١/١٨ سولّتان محمدی شەشەم لە دەسەلاّت هێنرایە خوارەوە.

ـ ١٩٢٣/٨ حیزبی کۆماریی گەل لە تورکیا دروستبوو، کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە ماسۆنی و جولەکە بوون.

ـ ١٩٢٣/١٠/٢٠ کۆماری تورکیای نوێ راگەێنرا.

ـ ١٩٢٤/٣/٣ خیلافەتی ئیسلامی بە رەسمی ئیلغاکرایەوە.

ـ ١٩٢٥ عەلی عبدالرزاق کە مەلایەکی ئەزهەریی میسری بوو ئەندامی حیزبی الاحرار الدستوریین بوو، کتێبێکی بلاّوکردەوە بە ناوی (ئیسلام و بنەماکانی حوکم) کە تێیدا نەفی هەموو بەلّگەو رێساو بنەمایەکی ئیسلامی دەکات کە بۆ سیاسەت و حوکمکردن داڕێژرا بێت.

ـ ١٩٢٦ تەها حوسەین کە پێی دەوترا عەمیدی ئەدەبی عەرەبی کتێبێکی بە ناوی (فی الشعر الجاهلی) یەوە دانا کە هێرشێکی راشکاوانە دەکاتە سەر ئیسلام و قورئان و چیرۆکەکانی بە ئەفسانە دەداتە قەلّەم. ئەمەش رێخۆشکردنێک بوو بۆ هەموو جۆرە پێشێلکارییەکی موقەددەساتی ئیسلام لەوەو دوا..

* * *

---

١٥ کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت ٢٢ ملیۆن موسولّمانیان لە نێوان ١٩١٨ ـ ١٩٤١ دا کوشت، هەروەها ماوتسی تۆنگ لە چین بڕی ١٧ ملیۆن موسولّمانی کوشت!

# بەندی دووەم
# کاردانەوەو تێهەڵچوونەوە

**باسی یەکەم: سەروەریی شەرع یان نەمان**

**(خەباتی ئیسلامی مەحرومان)**

**باسی دووەم: رەنجی نەزۆکی رەسمی**

**(خەباتی ئیسلامی رەسمی)**

**باسی سێیەم: تۆکمەترو پشوودرێژانە**

**(خەباتی ئیسلامی سیاسی)**

## بەندی دووەم
## کاردانەوەو تێهەڵچوونەوە

کاردانەوەی ئەو کاتەی موسوڵمانانی جیهان بەرامبەر رماندنی دەوڵەتی عوسمانی و ئیلغاکردنەوەی خیلافەت، بە گشتی لە سێ شێوە بزاوتدا دەرکەوت:

**یەکەم: سەروەریی شەرع یان نەمان: (خەباتی ئیسلامی مەحرووماان):**

لەو بزوتنەوە جیهادیانەدا دەرکەوت کە رووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی نوێی کوفریان هەڵبژاردو جوامێرانە هەوڵی هێنانەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی ئیسلامییان دایەوە. (کاردانەوەو پوکانەوەیان)..

**دووەم: رەنجی نەزۆکی دەستەمۆ (خەباتی ئیسلامی رەسمی):**

لەوەدا دەرکەوت کە مەلاکان پێیان وابوو کە ئەم حکومەتانەی ژێر سایەی ئیستیعمار کافر نین و هەر لە گەلەکەی خۆمانن، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی یان لە ترسان یان هەر ئەوەندەیان پێدەکرێت کە کردوویانە، بۆیە نابێ بە ناشەرعییان بزانین و لێیان هەڵگەڕێینەوە ئەمانە شێخی تەریقەت و مەلای رەسمی ئەوقافن و تا ئێستاش هەر وان..

**سێیەم: تۆکمەترو پشوودرێژانە (خەباتی ئیسلامی سیاسی):**

دیدی فیکری ململانێ و کۆمەڵکاریی سیاسییە کە ١٩٢٨ دا لە میسر لەسەر دەستی ئیمام حەسەن بەنناو لە ١٩٤١ لە نیوەدۆرگەی هیندستان لەسەر دەستی ئیمامی مەودوودی و لە ١٩٤٥ لە ئەندۆنیسیا لەسەر دەستی دکتۆر محمد ناسردا دەستی پێکرد رەحمەتی خوایان لێ بێت. ئەم سێ حزبەش بە دایکی هەموو گرووپە سیاسییەکانی تر دادەنرێن.

# باسی یەکەم
# سەروەریی شەرع یان نەمان
# (خەباتی ئیسلامی مەحرووکان)

**جیهاد بۆ هێنانەوەی حوکمی شەریعەت:**

هیجرەت لە ئیسلامدا قۆناغێکی ئیمانی نێوان باوەڕ هێنان و جیهاد کردنە، بۆیە خوای گەورە لە سورەتی ئەنفالدا بە دوای یەکدا بەو ریزبەندیە هێناونی کە دەفەموێ: (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ) الانفال/٧٢ واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناو هیجرەتیان کردو لەبەر خاتری خوای گەورە جیهادیان کرد.. هەر لەبەر گرنگی و کاریگەریی هیجرەتە کە لە شەرعدا هەر لە کۆنەوە پەیوەندیەکی جەدەلی لە نێوان زاراوەی هیجرەت و زاراوەی جیهاددا هەیە، نەک هەر بەوەی کە هیجرەت قۆناغی ئامادەسازیی و یەکلایی بوونەوەیە بۆ جیهاد، بەڵکو بەوەش کە هەر کاتێک لە وڵاتێکدا ئەحکامی شەرع یاسا نەما، ئەو وڵاتە دەبێتە دارولکوفرو هیجرەت لەسەر موسوڵمانانی فەرز دەبێت، ئینجا جیهادەکەش بۆ هێنانەوەی دارولئیسلام فەرز دەبێتەوە..

لەو کاتەی وڵاتانی ئیستیعماری رۆژئاوا هاتنە وڵاتی موسوڵمانانەوە ئەو جۆرە ئەحکامانەی شەرع دەربارەی پەیوەندی نێوان موسوڵمان و مەسیحی کە لە زۆر شوێندا نەمابوون، هاتنەوە پێشەوەو ئەمجارە ئەحکامێکی تری موفاسەڵەو لێکدابڕانیان (نەک پێوەست بوون) لەسەر پێک هات.. چونکە وڵاتە ئیستیعمارییە مەسیحیەکان کە هاتنە وڵاتی موسوڵمانانەوە وەکو ئەهلی زیممەو دۆست و خاوەن ئەمان نەهاتن، بەڵکو وەکو داگیرکەرو بکوژی دوژمنێکی سەرسەخت و رقن هاتن، وەکو هێزێکی کافری شەڕانی هاتن، وەکو جەردەو دزو روتێنەر هاتن!! بۆیە لە زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامدا ئەحکامە شەرعییەکانی دارولئیسلام و دارولکوفر

هاتنەوە پێش و هەڵوێستیان لەسـەر دروست کرایـەوە.. بـۆ نموونـە لـە هیندسـتان و وولاتـانی عـەرەبی بـاکوری ئـەفریقاو سـودان و قـەوقازو کوردستان.. کە هەموو موسوڵمانانی ئەم وولاتانـە لـە سـەرەتاوە زۆر بـە گیانفیدابییانە کەوتنە جیهادێکی سەخت کە لە زۆر شوێندا هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە موسوڵمانان شکست دەخۆن.. بـەڵام ئـەم بزوتنـەوە جیهادیانـە هەرچەندە هەموویان تێداچوون و لە هیچ ناوچەیەکی وولاتی موسوڵماناندا نەتوانرا دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن (چونکە موسوڵمانان بـە هێزێـکی زۆر نابەرابەرەوە دەبوو رووەورووی هێزی ئیستیعماری ئـەوروپا ببنـەوە)! بەڵام هەر نەیانهێشت پرۆژەی ئیستیعمار لـە وولاتی موسـوڵماناندا خـۆی بگرێت، توانیشیان زەمینەیەکی فیکریـی بـەرگریی و دیوارێـکی دەروونی وا دروست کەن کە زۆرینەی موسوڵمانان لـەوە بگێـڕنەوە کـە بـەدەم لافـاوی شارستانێتی رۆژئاوە برۆن لەو بزوتنەوانە:

- <u>بزوتنەوەی خیلافەت لە هیندستان</u>: لەگەڵ زیادبوونی نفوزو دەسـەڵاتی بـەریتانیا لە نیوەدۆرگەی هیندستان و تین و فشارهێنان بـۆ موسـوڵمانان دەسـەڵاتی سوڵتانی ئیسلامی مەغۆلـە موسـوڵمانەکان لـە نیوەدۆرگـەی هیندسـتاندا گرژتر دەبوو، تا هاتە سەر ناوی بێ ناوەرۆک و تەنانەت ئەویش لـە سـاڵی ١٨٥٧ دا بە یـەکجاری نـەما.. تـا ئـەم سـاڵەش موسـوڵمانانی هیندسـتان وەلائیان نەدەدا بە دەوڵەتی عوسمانی کە بە رەسمی لە ١٧٧٤ەوە بـە نـاوی خیلافەتـەوە حوکمیـان دەکـرد! چـونکە زانایـانی هیندسـتان لـە پێـش هەمووشیانەوە شا وەلیوالڵەی دەهلەوی بەوە رازی نەبوون! چـونکە فیقهـی حەنەفی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دەبێ خەلیفە لـە قـورەیش بێـت.. بـەڵام دوای نەمانی دەسەڵاتی فیعلی و شکڵی لەدەست موسـوڵمانان، بـە ناچـاری موسوڵمانان بە ئومێدی ئەوەی خیلافەتی عوسمانی بێ بـە هانایانـەوە تـا کۆیانکاتەوە، روویان کردە ئەوان. ئەمەش لە ساڵانێکدا بـوو کـە پەیوەنـدی نێو دەوڵەتیانەی عوسمانیەکان و بەریتانیا بەرەو باشتر چووبوو! هەرواش

مانەوە تا جەنگی جیهانی یەکەم کە دەوڵەتی عوسمانی چووە بەرەی ئەڵمانیاوەو دژی بەریتانیا وەستایەوە، بەمەش تینێکی ئیزافی کەوتە سەر ئەو موسوڵمانانەی وەلائیان دابوو بە دەوڵەتی عوسمانی..

لە هیندستان بیرمەندی ئیسلامی شێخ محمد عەلی ، بزوتنەوەیەکی پێک هێنابوو بە ناوی بزوتنەوەی خیلافەتی ئیسلامی، بۆیە بەریتانیەکان لە هەموو ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە زیندانیان قایم کردبوو نەبادا بەرەیەکی شەڕ بە موسوڵمانانی هیندستان بەرامبەریان بکاتەوە..

بزوتنەوەی خیلافەت لە ماوەی دە ساڵدا هەست وهۆشی هەموو موسوڵمانانی هیندستانی خرۆشاندو کاریگەریی لەسەر ئەوەش هەبوو کە نەهێڵێت خیلافەتی ئیسلامی لە ئەستانە (تورکیای ئەوسا) ئیلغا ببێتەوە، یان لانی کەم ئەو کارە دژوارەی دواتر خست.. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی دانانەوەی خیلافەتێکی بەدیلی تورکەکانی لە عەرەب یان لە موسوڵمانانی هیندستان دەخواست.. ئەمە جگە لەوەی توانیبووی لەژێر دەسەڵاتدارێتی دوژمنکارانەی بەریتانیادا هەستی یەک ئینتیمایی لە موسوڵمانانی هیندستاندا ـ کە کەمینەش بوون ـ لە ناو دەریایەکی هندۆسیدا دامەزرێنێتەوە.. هەموویانی وا لێکردبوو کە وولاتەکە بەو سیفەتە بپارێزن کە دارولئیسلامی خۆیانەو نابێت بهێڵن ببێتە دارولکوفر..

بزوتنەوەی خیلافەت بزوتنەوەیەکی جیهادی بوو، دەیخواست یەکبوونی موسوڵمانان بپارێزێت، دەیویست بە عەقیدەکەوە پەیوەست بە دارولئیسلامەوە ببن. لە کۆتایی تەمەنی بزوتنەوەی خیلافەتدا بزوتنەوەیەکی تر هاتە پێش (بزوتنەوەی هیجرەت) کە بیرمەندی ئیسلامی ئەبولکەلام ئازاد لە ساڵی ١٩٢٠ دا بانگەشەی بۆ کرد. ئەم بزوتنەوەیە هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە کە لە رەشبینی و بێ ئومێدی لەدەستدانی دەسەڵاتەوە هاتە سەر پاراستنی زاتی موسوڵمانەکان، کە وەکو هەتیوی بێ پەنا کەتبوونە بەر شالاوی چەکداریانەی دوژمنانی سیخ و هیندۆسی و

بەریتانی، هەموو هەر دەیان چەوساندنەوە! ئەبولکەلام ئازاد فەتوای دا کە هیندستان بۆتە دارولحەرب (دارولکوفر)و ئەو موسوڵمانەی لە توانایدا هەیە دەبێت بەرەو ئەفغانستان هیجرەت بکات، هەزاران جوتیاری رەشورووت و بێ دەرەتان بەدەنگیەوە هاتن و بەرەو ئەفغانستان کەوتنە رێ!! چونکە رێ دووربوو ئەمانیش نەدار، زۆرینەی زۆریان هیچیان نەبوو پێی بگەنە مەنزڵ، سەدانیان لە رێ لێ مردا ئەوانەی گەیشتنێ، سنوری ئەفغانستانیان بەڕوودا داخراو نەیانتوانی داخڵی ببن! چونکە لەوێش ئاراستەی نێودەوڵەتی کوفری رۆژئاوا کاریگەریی خۆی کردبوو، ئەگەرچی وەکو هیندستان و وڵاتی تورک و عارەبانی لێ نەهاتبوو!!

<u>**بزوتنەوەی عبدالقادری جەزائیری**</u>: دوای ئەوەی فەرەنسیەکان لە ساڵی ١٨٣٠ دا چوونە جەزائیرەوە کۆمەڵێک بزوتنەوەی جیهادیانە لە دژیان بەرپا بوو، چونکە لەوێش کۆمەڵێک فەتوا لەسەر مەسەلەی دارولئیسلام و دارولکوفر دەرچوو کە بە پێی سروشتی شەریعەتی ئیسلام ئەوەش دێتەوە سەر باسەکانی کوفرو ئیمان و هیجرەت و جیهاد و شێوەی رەفتارکردن لەگەڵ کافران و دابەشبوونیان بۆ کافری شەڕانی و کافری موسالیم.. سی چل ساڵ بوو پێش هاتنی فەرەنساییەکان شێخانی تەریقەت و موفتی و قازیەکان کەلێنە ئیداریەکانیان پڕ کردبۆوە (چونکە دەوڵەتی عوسمانی هەر کەنار دەریای سپی ناوەڕاستی لەباکورەوە گرتبوو، نەچووبووە قوڵایی جەزائیرەوە) لەوانەش تەریقەتی قادری لەسەر دەستی شێخ محێدین کە لە راستیدا ئەویش وەکو زۆر لە بزوتنەوەی سۆفیەکانی ئەو سەردەمە نەفەسێکی سەلەفێتی گرنگی تێگەڕابوو، شێخ محێدین هەر کەسێکی بانگ دەکرد بۆ بەیعەتپێدانی باسی تەوحیدو شیرکی بۆ دەکردو بە پابەندبوون بە سوننەت و لادانی بیدعەوە دینداریەکەی لە دڵ و دەروندا نوێ دەکردەوەو یەکسەر بەیعەتی جیهادیشی لێ وەردەگرت.. دوای کۆچی دوایی خۆی عبدالقادری کوڕی هاتە جێی (١٨٠٨-١٨٨٣) کە یەکسەر تیرەو هۆزەکانی

رۆژئاوای جەزائیر بەیعەتیان پێداو لە ساڵی ١٨٣٢ دا چەکی جیهادیان لەگەڵدا دژی فەرەنساییەکان کردە شان! ئەمەشی بە بەیعەتێکی نوسراو لەبەر دەستیاندا دادەنا[١٦]!

شێخ عبدالقادر کە بە ئەمیر عبدالقادر جەزائیری ناوبانگی دەرکرد توانی لە ساڵانی ١٨٣٤ و ١٨٣٧ دا دوو رێکەوتننامە لەگەڵ فەرەنسیەکاندا مۆر کات کە تا ماوەیەکی باش هێمنی و ئاسایشی ئەو ناوچانەی پاراست کە لەبەردەستی موجاهیدەکانیدا بوون، بەمەش خۆیان بەهێزتر کرد، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی جەزائیر.. توانی ئیدارەیەکی سەربەخۆو سوپایەکی مەشقپێکراوی رێکوپێک دامەزرێنێت، کە شەڕ لە ١٨٣٩ دا هەڵگیرسایەوە تا ماوەیەکی باش توانیان خۆی بەرامبەر لەشکری فەرەنساییەکان راگرن بەڵام سیاسەتی زەمینی سوتاو کە فەرەنسیەکان دژی گوندو ناوچەی موجاهیدان گرتیانە بەر هەروەها ئەو گەمارۆیەی کە لە پشتەوە سوڵتان عبدالرحمانی دەسەڵاتداری مەغریب (١٨٢٣—١٨٥٩) بە فیتی فەرەنساییەکان کردی کارتێکردنی سلبیان لە تێکشکانی شۆڕشەکەی ئەمیر عبدالقادری جەزائیریدا هەبوو. ئیتر ئەوە بوو دوای چەندین شەڕی نابەرامبەر ئەمیر عبدالقادردا هەبوو.. لە ساڵی ١٨٤٧ لە شەڕێکدا بە دیلی کەوتە بەر دەست فەرەنساییەکان و بە زیندانی بردیانە فەرەنساو تا ساڵی ١٨٥٢ لەوێ هێشتیانەوە، ئینجا لەو ساڵەدا رێیان پێدا بێتە سوریاو لەوێ مایەوە تا لە ساڵی ١٨٨٣ دا لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد رحمە اللە.. ئەمیر عبدالقادر شێخێکی تەریقەتبوو بەڵام چاوکراوە بوو، وەکو شێخ عوبەیدوللەی نێهری کوردان بوو، هەم زانای شەرع بوون هەم شێخی تەریقەت.. تەریقەتی قادری لەسەر دەستی شێخ عبدالقادری جەزائیری بووە بزوتنەوەیەکی سەلەفی پوخت و بەهێز، زۆری بایەخ بە یەکخواپەرستی و شیرک دەدا، هەروەها بە

---

١٦ دەقەکەی وا لە کتێبی تحفة الزائر في تاريخ الجزائر والامير عبدالقادر دا کە دوو بەرگەو لە دارالنشری ممدوح حەقی لوبنان لە ١٩٦٤ چاپ بووە ١٥٩/١.

سوننەت وبیدعەت. خۆشی لەسەر جیهادو سۆفێتی و بیدعە کتێبی نوسیووە، لە زۆر مەسەلەی شەرعی گەورەدا وەکو ئەحکامی دارولئیسلام و دارولکوفرو هیجرەت و وەلاء و بەراء نامەی بۆ زانایانی وەک عەبدوسسەلامی تەسولی دەنوسی وەکو کە لە ساڵی ١٨٢٤ دا پرسە شەرعیەکەی لە نامەیەکیدا بۆ نوسی تا حوکمی شەرعیی ئەو تیرەو هۆزانەی بۆ روونکاتەوە کە یارمەتی بزوتنەوە جیهادیەکەی دژی کافرانی فەرەنسی رەتدەکەنەوەو یارمەتی دارایشی بۆ نانێرن، یان دەربارەی دانیشتن لە سایەی دارولکوفرێکدا کە فەرەنسابیەکان لە وولاتدا دروستیان کردووە.. هەروەها نامەی تریشی بۆ دەرەوەی جەزائیر بۆ زانایانی تر دەنارد وەکو شێخ محمد عەلیش (١٨٠٢ـ١٨٨٣) کە شێخی مالیکیەکان بوو لە میسر، یان بۆ شێخ عبدالهادی العەلەوی الحوسەینی پێشەوای قازیانی وولاتی فاس لە مەغریب.. چونکە شێخ عبدالقادر کۆمەڵە فەتوایەکی زۆری لەسەر ئەو زاراوانەی دارولئیسلام و دار الحەرب و هیجرەت و جیهاد لا کۆبۆوە، خۆشی زانا بوو، کتێبێکی چاکی لەو بارەوە نوسی کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان کە هەیانبوو هیجرەتی بۆ مەغریب یان تونس یان شام دەکرد.. بۆیە فەرەنسابیەکان کەوتنە بەکارهێنانی فەتوای مەلای دانیشتوی پواوی بەرسێبەری خۆیان.. هەروەها خراپ بەکارهێنانی ئەو راجوێییەی لە ناو مەزهەب و زاناکاندا هەبوو، سوودیان لەمانە وەرگرت و ماوەیەک هیجرەتیان بەم فەتوا سەقەتانە کەم کردووە. بەڵام لە دوای نەمانی شێخ عبدالقادر خۆی، فەتوای هیجرەت زیاتر بڵاوبووەو سەرلەنوێ زەرورەتی هیجرەت بووەوە بە باسی کۆمەڵگەو هیجرەتی بە کۆمەڵی بەرچاویش لە ١٩١١ دا زیاتر روویدا کە تەقریبەن هەموو خەڵکی ناوچەی تلمسانی جەزائیر بەرەو رۆژهەڵات هیجرەتیان کرد..

**بزوتنەوەی مەهدێتی لە سودان:** محمدی کوڕی ئەحمەد (١٨٤٤ـ١٨٨٥ ز) کە دواتر ناوی مەهدی بەسەردا برا خاوەنی یەکێک لە شۆڕشە گەورەکانی ئەفریقایە

بە تایبەتی لە سودان، ئەمیش بە هەمان شێوە پەیوەستییەکی جەدەلی لە نێوان هیجرەت و جیهاد لە مێشکی شوێنکەوتووانی خۆیدا دروستکردەوە، مەهدی یەکێک بوو لەو پێشەوایانەی سوور بوو لەسەر چەسپاندنی شەرع، ئاراستەی دیدو بۆچوونی خۆی لە سەلەفیێتیەوە نزیکتر بوو وەک لە سۆفێتی، بۆیە هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەیەوە دژی شیرکیاتی گۆڕپەرستن و بیدعەچێتی بوو. ئەمیش داوای لە شوێنکەوتووەکانی دەکرد کە دوای ئەوەی بەیعەتی دەدنێ ئامادەی هیجرەتکردن بن بۆ لای، تا هەموویان بۆ جیهادی بەریتانیە کافرو موشریکەکان خۆیان کۆکەنەوەو خۆئامادەکەن. لە سالانی یەکەمی جیهادەکەیدا حەجی لە شوێنکەوتووەکانی قەدەغەکرد! دەیووت: جیهادەکە لەپێشترە چونکە کافرانی موحاریبی بەریتانی سودانی دارولئیسلامیان داگیر کردووە[17].

بەداخەوە دواتر بانگەوازی جیهادەکەی مەهدی رووی کردە عوسمانیەکان و میسریەکان! لەبەر ئەوەی بە نەزەری ئەو (یاریدەدری ئینگلیزی کافر بوون)، هێرشی سەختی کردە سەر زانایانی ئەزهەر چونکە (ئیعتیراف بە بزوتنەوەی مەهدی ناکەن)! دواتر کەوتە دژوارییەکی سەختتر کە فەتوای دا کوشتاری میسریەکان جائیزە (چونکە کافربوون لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە مەهدێتی ئەم نەهێناوە)[18]!

نفووزی مەهدی زیادی کرد تا ئەوەی هێرشی کردە سەر خەرتووم و گرتی و دەسەلاتی بەسەر زۆرینەی وولاتی سوداندا کێشا، لە خەرتوومەوە هەڕەشە نامەیەکی بۆ خدێوی تۆفیقی میسر نارد کە بەم زوانە دێتە سەر میسرو ئەویش و بەریتانیە کافرەکانیش دەردەکات، بەردەوام لە شەڕی بەریتانی و سەربازانی میسریدا (ماوەی ١٣ سالٌ) مایەوە تا سالٌی ١٨٩٨ کە کۆچی دوایی کرد.. ئەو شەڕەی بزوتنەوەی مەهدی پاش خۆشی هەر بەردەوام بوو، تا

17 P.M.Holt,The Mahdist Stats in the Sudan,1881-1898. A Study df its Origins and Overthrow (1970 ) p.18 ff::

١٨ عبدالله علي ابراهيم: الصراع بين المهدي و العلماء/الخرطوم ل ١١/١..

حکومەتی دەسکردی ئینگلیز لە میسر و سوپای بەریتانی هاتنە سەر سـودان و بزوتنەوەکەیان تێکشکاندو سودانیان هەموو بە کۆنترۆڵکراوی خستە سەر میسر و حوکمەکەی!!

**- بزوتنەوەی سنوسی لە لیبیا**: لە لیبیاش بزوتنەوەیەکی تری وا بەهێز دروست بوو کە بزوتنەوەی سنوسیەکانە بە سەرۆکایەتی (السید أحمد الشريف ١٨٧٣ـ١٩٣٣)، کە توانی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٥٠ـ١٩٠٠ دا بە هەرچـوار دەوری خۆیـدا تەشەنە بکات و لە یـەک کاتـدا بتوانێـت جیهـاد دژی ئینگلیـز لـە میسـرو فەرەنسیەکان لە جەزائیرو دواتر ئیتالیەکان لە خودی لیبیـا رابگەیێنێـت[19]! دوای ئەوەی ئیتالیەکانیش هاتنە ناوچەکە، بەرەیـەکی بەهێـز لـە سـوپای عوسمانی و بزوتنەوەی سنوسی و تیرەو هۆزەکان پێکهات کە دژایەتی هـەر سێ هێزە ئیستیعماریەکەیان دەکرد، بەڵام لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمـدا لە ساڵی ١٩١٤دا سوپای عوسمانی لەبەر شەڕی بەڵقان کە دژی بـەرپاکرابوو ناچار بوو زۆرینەی هێزەکەی لە لیبیا بکێشێتەوە.. بەمـەش هـەموو تـین و فشـارەکە کەوتـە سـەر بزوتنـەوەی سنوسـی و تـیرەو هۆزەکـان و ئـەو نیشتمانیانەی تازە وەکو رۆشنبیری مۆدێرن پێدەگەیشتن..

هەر لە سەرەتاوە کە شێخ ئەحمەد بانگەوازی جیهادەکـەی راگەیانـد کـە گۆڤاری ئەلمەناری میسـری لـە کـانونی دووەمـی ١٩١٢ دا بـڵاوی کـردەوە، کاریگەرییەکی زۆری لە کۆبوونەوەی موسوڵمانان هـەبوو، چـونکە تێـیدا نوسیبووی: (جیهاد لە بنەڕەتدا فەرزە، بەڵام کە خـاکی موسـوڵمانان داگـیر کرابێت ئەوە جیهادەکە دەبێتە دینەکەو دینەکە دەبێتە جیهادەکە، بۆیـە ئـەو کەسەی کە جیهاد دژی کـافرانی داگیرکـەر ناکـات یـان بـە شێـوەیەک لـە شێوەکان بەرهەڵستی ناکات، حاڵی لەوان باشتر نابێـت، بگـرە موشـریکەو پێویستە دوژمنایەتی بکرێت! ئەمما ئەو کەسانەی کە یارمەتیدەری کـافرانن و لەبەر خاتری بەرژەوەندیەکی دنیایی دەکەونـە ژێـر ئاڕاسـتەی کـافرانی

---

19 E.E.Evans-Prichard,The Sanusi of Cyranaica (1949 ) , P 99ff.

داگیركەرەوە ئەوانە لە ئاژەڵ خراپترن، دوژمنایەتی ئەوانە دەبێت بخرێتە پێش داگیركەرانیش)[٢٠].

سەید ئەحمەد شەریف دواتر لە ساڵی ١٩١٣ دا پەیامێكی تری دوورودرێژتری لە پەیامی یەكەمی بڵاوكردەوە كە ئەمجارە هۆشداریی دەدایە ئەو كەسانەی بە پرۆژەی "ئاشتیخوازانە"ی ئیستیعمار هەڵدەخەڵەتێن و پێیانوایە جیهادەكە تاسەر خۆی ناگرێت و حەتمەن دەبەزێت! هەروەها هەڕەشەی لەو تیرەو هۆزانە تێدابوو كە بە فیتی ئیستیعمارو شەڕی واتەواتی ڕێ لە زەكات دەگرن بگات بە موجاهیدەكان، ئەم شۆڕشەی سەید ئەحمەد دوای خۆشی بە سەرۆكایەتی عومەر الموختار بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٣١ كە ئەویش گیراو ئیعدامكراز. بەڵام شۆڕشی سنوسیەكان نەكوژایەوەو بەردەوام بوو تا (نیشتمانپەروەر) ان! لە ناویاندا زۆر بوون و شۆڕشەكەیان دزی و لە ساڵی ١٩٦٩ دا بە فیتی دەرەكی بوو بە كۆدەتاكەی موعەممەرولقەززافی[٢١]!

- <u>جیهادی كوردان و رووبەڕوو بوونەوەی ئینگلیز:</u> كوردستان وەكو وولاتانی تر نەبوو، دەسەڵاتی سەربازیی ئیستیعماریی وولاتانی رۆژئاوای درەنگ گەیشتێ، شۆڕشەكانی كورد زیاتر لە پێناوی ئازادی و پاراستنی ئیمارەتەكانیاندا بوو، سوودی گەورەی ئەم شۆڕشانە ئەوە بوو كە هەمیشە زەمینەی رەفزكردنەوەی بێگانەی بە پیتی دەهێشتەوە، بۆ نموونە پێش ئەوەی ئینگلیزی كافری موحاریب بێتە كوردستان، شێخ عبدالسلامی دووەمی بارزانی رەحمەتی خوای لێ بێت زەمینە ئیسلامیەكەی بۆ پاراستنی كیانێكی

---

٢٠ رضوان السید: سیاسات الاسلام المعاصر/ل ٩٤ ئەویش لە گۆڤاری ئەڵمانی ( Der Islam 3 (1912) ) ,PP.141-150 وەرگرتووە.

٢١ گەلی لیبیا لە دوای ٤٢ ساڵ حوكمی دیكتاتۆرێتی قەززافی لە ٢٠١١/٢/١٧ دوە شۆڕشێكی چەكدارانەیان لە دژی خۆی و خانەوادە فاسیدەكەی بەرپا كرد تا خوا كردی لە ٢٠١١/٨/٢٠ دا بە سەركەوتوویی چوونە تەرابلوسی پایتەختەوەو دواتر لە ٢٠١١/١٠/٢١ دا معمەممەر قەززافی و موعتەسەمی كوڕی و ئەبوبەكر یونسی وەزیری بەرگرییەكەشیان لە شاری سرت بەردەست كەوت و كوشتیانن.

کوردی لە ئێستای باشوری کوردستاندا ساز دەکرد تا لانی کەم ناوچەیەک لەژێر دەستی عەلەمانیەتیەکاندا دەرهێنێت کە بە فیتی ئینگلیز خۆیان بۆ کۆدەتایەک، (بەسەر سولتان عبدالحەمیددا) ساز دەکرد! شێخ عبدالسلامی رەحمەتی کە نەقشبەندی بوو هەڵسوڕێنەری کاریگەریی ئەو کۆنگرەیە بوو کە لە ١٩٠٧ دا لە دهۆک لە لایەن شێخ و موفتی و پیاوچاکانی سەرانی ئەو سەردەمەی کوردەوە گیرا کە ٧ بڕیاری ئیسلامی زۆر گرنگی لێوە دەرچوو.. کە بریتی بوون لە[٢٢]:

١- زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی هەموو ئیدارەکانی دهۆک، زاخۆو ئامێدی و ئاکرێ وسنجار.

٢- خوێندن لە ئیمارەتی بادینان بە کوردی دەبێت.

٣- هەموو فەرمانبەرانی دائیرەکانی بادینان دەبێ کوردبن یان لەوانە بن کە کوردی دەزانن.

٤- ئەو باجەی لە جێی سەربازی کردن دەدرێت، بەردەوام دەدرێتەوە بەڵام مەرجە بخرێتەوە خزمەت ناوچەکەو بۆ چاکردنی رێگاو بان و پردو کردنەوەی قوتابخانە تەرخان بکرێتەوە.

٥- یاسا لە ناوچەی بادیناندا بە پێی شەریعەتی ئیسلام دەبێت.

٦- باج کە لە خەڵکی ناوچەکە دەدرێت دەخرێتەوە بەر حوکمی شەرع، هەرچی جۆرە باجێک پێچەوانەی شەرع بێت ئیلغادەکرێتەوە.

٧- داوەریی و فەتوا لە بادیناندا بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دەبێت.

ئا ئەمە کاریگەریی ئەو شێخ عبدالسلامە مەزنەی کوردە کە دواتر لە موسڵ بە بڕیاری زۆڵە کوردێکی بە تورک بوو (سولەیمان نەزیف کە والی ویلایەتی موسڵ بوو) لە ١٩١٤ دا ئیعدام کرا..

ساڵی ١٩١٩ کە تازە جەنگی جیهانی یەکەم تەواو بووبوو دەسەڵاتی ئینگلیز بە تەواوی عێراقی کۆنترۆڵ کردو لە سلێمانیدا مێجەرسۆن بوو بە

---

٢٢ عوسمان عەلی: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ل ٢٣٦.

دەسەڵاتدار! مەکرو فێڵی ئینگلیز نەیتوانی قەناعـەت بـە شێـخ مـەحموودی حەفیـد بکـەن کـە ئینگلیـز دۆسـتی کـوردە، بۆیـە هـەر زوو شێـخ و شوێنکەوتووانی تەریقەتی قادریی لە ئینگلیز راپەڕین و جیهادیان راگەیاند.
جیهادی شێخ لە سنوری هەڵەبجەوە تا کەرکوک، لە پشدەرەوە تا خانـەقین دژی بـەریتانیای کـافرو حکومـەتی ئاڵقـە لـە گوێـی مـەلیک فەیسـەڵ و هاوبیرانی عەرەبی بەرپا بووبوو..
شێخی مەزن کە لە ساڵی ١٩١٤ خۆی و هێزێکی دوو هەزار سـەربازی خـۆی بـۆ رووبـەڕوو بوونـەوەی سـوپای ئیسـتیعماری بـەریتانیایی چـووبووە شوعێبەی بەسرەو لەوێوە جیهادی دژی ئینگلیز راگەیاندبوو، ئـەوە نـەبوو دیدە ئیسلامیەکەی بگۆڕێتەوە بە فاکوفیکی ئیسیتعماری کافر..
شێخی حەفید پەیوەندی نهێنی بە شێخ ئەحمەدی بارزانـەوە هـەبوو، بـە نامە داوای لێکردبوو کـە ئـەویش لـە بارزانـەوە دژی ئینگلیـزو حکومـەتی فەیسەڵ راپەڕێت، پەویەندیەکان لە رێی قادر بەگی میرانەوە بوو کە سەرۆک عەشرەتی خۆشناوەتی بوو خاوەن نفووز بوو، یەکێک لەو نامانەی شێخ لە ساڵی ١٩٣٠ دا بۆ شێخ ئەحمەدی ناردبوو، شێخ ئەحمەدیش نامەی خۆی بـە هۆی خالی بـەگی حەیدەرانلیـەوە دەنـاردەوە بـۆ شێـخی حەفیـد، چـونکە حەیدەرانلی جێمتمانەی شێخ ئەحمەد بوو، بەڵام شێخ ئەحمەد نەیدەوویست ئینگلیز بزانن کە پەیوەندی بە شێـخی حەفیـدەوە هەیـە، بـە تایبـەتی کـە ئەویش لەو سێگۆشە گرنگەی دوایی بووە سنوری هاوبەشی نێوان عێـراق و ئێران و تورکیا جموجـووڵی ئازادانـەی خـۆی بـەردەوام بـوو، بۆیـە ئـەم پەیوەندیە بەرهەمێکی هاوبەشی لێ نەکەوتەوە[٢٣]..

---

٢٣ لە عوسمان عەلی: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ل ٥٨٤ وەرگیراوە کە ئەویش لە دۆکۆمێنتەکانی بەریتانیای هێناوە لە
( Air 23/311 145295 Intelligence Report No.3. March 17,1931 ).

جیهاد لە کوردستاندا هەر بەردەوام بوو تا شێخی حەفید لــە ســالّی ١٩٣١ گیراو نەفی کرا بۆ باشووری عێراق، بەڵام دوای ١٠ سالْ لە سەردەمی حوکمی رەشید عالی گەیلانیدا بە نهێنی خۆی گەیاندەوە سلێمانی! بــەڵام نــەیتوانی شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە، چونکە حکومەتی بەغداو عەلەمانیەتی کوردیی بۆ پاراســتنی بەرژەوەنــدی ئینگلیــز پێگەیێــنرابوون و هــەموو دەسەڵاتێــکیان کەوتبووە بەردەست، بۆیە شێخ هەر بە نــەفی و دەسبەســەریی مایــەوە تــا سالّی ١٩٥٦ کە لە تەمەنی ٧٦ سالّیدا نەخۆش کەوت برایە نەخۆشـخانەکانی بەغداو لەوێ کۆچی دوایــی کــرد، گەیشــتنی هــەوالّی کۆچــی دوایــی شێــخ راپەڕینێکی سەختی دروست کردەوە چونکە وا بڵاوبۆوە کــە شێــخ بــە فــیتی ئینگلیزو دەســتودایەرەکەی شــەهیدکراوە.. کــە تەرمەکــەی هێــنرایەوە بــۆ سلێمانی شار خرۆشا، لە ناشتنی تەرمەکەیدا کە بــووە راپەڕینێــکی تــر ٣٦ کەس بە دەستی سوپای حکومەت شەهید بــوون و فیشــەک بــەر تەرمەکــەی ئەویش کەوت.. رەحمەتی خوای لێ بێت..

لە سالّی ١٩٢٥ یشـدا کــە مســتەفا کــەمالی تــاغووت ئیلغــای خیلافــەتی ئیسلامی کردەوە شێخ سەعیدی پیران رەحمەتی خوای لێ بێت کە هەم شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، هەم زانایەکی شەرعناسی بەناوبانگ بوو، خــۆی و زانایانی تر لە باکوری کوردستان راپــەڕین و جیهادیــان بــۆ گێــڕانەوەی خیلافەت راگەیاند، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش سەرنەکەوتن و دواتر خۆی و ١١ زانای شەرعناسی دیکەو دەیان کەسایەتی تری ئیسلام کە بە دیلی گیرابوون، ئیعدام کران.. بۆ سوکایەتی زیاتر بە ئیسلام ١١٤ سێدارەیان بۆ دانابوون، بە قەدەر ژمارەی سوورەتەکانی قورئان.. شۆڕشەکە دوای ئیعدامی شێخی مەزن و یاوەرانیشی تا سالّی ١٩٢٨ هــەر بــەردەوام بــوو بــەڵام دواتــر توایــەوەو حکومەتی مورتەددی مستەفا کەمال نەیهێشت ئاســەواری بمێنێــت، چــونکە

شێخ سەعیدی پیران کە بە شێخ سەعیدی پالویی بەناوبانگە کاریگەریی لەسەر موسوڵمانانی تورک تا ئێستاش هەیە[٢٤]..

* * *

ئاوا لە هەموو لایەکەوە بۆ موسوڵمان دەرکەوتبوو کە رۆژئاوای کافر بە سوپای بەهێزو زانیاریەکی ووردەکارانەوە هاتۆتە سەر دەوڵەتی عوسمانی و لە ناوەوە لەتوپەتی دەکات و ووڵاتی موسوڵمانان پارچە پارچە دەکات، لەوسەری ئەندۆنیسیایە کە بزوتنەوەیەکی نیشتیمانیانەی تێدا بەرپا کرابوو، بۆ ئەوسەری مەغریب و بزوتنەوەی عبدالکەریم خەتتابی کە بە شۆڕشی لادێ ناسرا، لە هیندستانەوە بۆ شۆڕش و بزوتنەوەی سنوسی لە لیبیا، ئەمە جگە لەو تین و فشارەی رۆژانە دەخرایە سەر ئەستانە تا تەنازولی زیاتر بکات.. ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە جیهاد رابگەیێنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو بەرەی جەنگ لە تفاقی شەڕدا بەرابەر نەبوون، بزوتنەوە ئیسلامیەکان هەرچەندە هەیانبوو چل پەنجا ساڵی خایاند بەڵام دواتر کەوتن و ووڵات کەوتە بەردەستی ئیستیعمارو هاوبیرانی.

* * *

٢٤ لەوەتای حزبی دادو گەشەی رەجەب تەییب ئۆردۆغان هاتۆتە سەر کار بایەخ بەم شۆڕشە مەزنەو سەرکردەکانی دراوەتەوە.. عبدالمەلیک فوراتی کوڕەزای شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە لە لیستی حزبی دادو گەشەی تەیب رەجەب ئۆردۆغان ئەندام پەرلەمانی تورکیایە.

## گەشانەوەی کوورەکانی جیهاد[٢٥]

ئەوە ئاشکرایە کە لە کۆتایی شەستەکانەوە رەوتێکی بزاوتی ئیسلامی بە دیدێکی سەلەفی جیهادی هاتۆتە کایەوە.. زەمینەی فیکریی ئەم رەوتە لە چەند پێکهاتەیەکەوە هاتووە، کە دەشێت بەم شێوەیە بخرێتە بەر چاو:

١ ـ پایەکانی فیکری ئیخوانولموسلیمین (کە فیکرێکی سیاسی ئیسلامی بوو داوای گێرانەوەی حوکمی شەرعی دەکرد، میکانیزم (ئالیەت) ی کاربۆکردنی ئەو رێکخراوە بەرفراوانەی ئیخوان بوو کە ئیمام بەننای رەحمەتی لە ١٩٢٨ دا دروستی کردبوو، کە بریتی بوو لە بەرنامەیەکی کردەوەیی پەروەردەکارانەی پشوودرێژ).

٢ ـ دیدو رێبازی بزاڤیانەی سەید قوتبی شەهید، کە بریتی بوو لە رەسەنکردنەوەی هەمان فیکری سیاسی ئیسلامی ئیمام بەننا لەگەڵ بایەخدانی زیاتری حاکمێتی و دۆستایەتی (الولاء) و دوژمنایەتی (البراء) و خۆبەجویێ زانین (المفاصلة) و (دارالاسلام و دارالکوفر)و هەروەها موفرەداتەکانی تری دیدو رێی ئەم مەدرەسەیە.

ئەم دوو قۆناغی گەشەکردنەی فیکری سیاسی ئیسلامی سەردەم زیاتر لە میسرەوە نەشونمای دەکردو ئاڕاستەوانی تریشی لە شام و عێراقەوە بۆ دەردەکەوت.. کە هەڵمەتی ناسریزم بۆ ریشەکێش کردنی ئیخوان دەستی پێکردو زۆرینەی ئیخوانەکانی وولاتانی عەرەبی لە شەستەکاندا کەوتنە بەر حەملەی کوشتن و راوەدوونان و گرتن، زۆر لە سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانانی ئیخوان چوونە وولاتانی خلیج بە تایبەتی سعودیە کە شا فەیسەڵ حوکمی دەکرد، فەیسەڵیش دوژمنی کەللەڕەقی ناسریەکانی میسرو بەعسیەکانی سوریا بوو، بۆیە داڵدەی هەمووانی دا.. لێرەوە دیدو رێبازێکی رەسەنتر هاتە پێش:

---

[٢٥] ئەم چەند لاپەڕەیەم لە کتێبی (زەمینەی کاری ئیسلامی لە باشووری کوردستان/ کرێکار)ەوە لێرەدا وەرگرتۆتەوە بە زیادکردنییەوە.

**٣ ـ ئاوێتەبوونی فیکرە سیاسیەکەو هەڵوێستە عەقائیدیەکان:** لە عەرەبستانی سعودی فیکرە سیاسیە ئیخوانیەکە لە لای هەندێک لە رێبەرانی ئیخوان ئاوێتەی دیدو هەڵوێستە عەقائیدیەکەی مەدرەسەی وەهابی (محمدی کوڕی عبدالوهاب و کوڕو نەوەکانی رحمهم الله) بوو. بەمەش بەڵگەی عەقائدی دەبووە لایەنگری فیکرییەکەی ئیخوان..

**٤ ـ بوژاندنەوەی فیقهی سیاسی:** دەبوو هەموو بنەمایەکی فیکریی سیاسی پشت بە بەڵگە شەرعیەکان ببەستێت، ئەمەش رەسەنکردنەوەی دیدو رێ و هەڵوێست دەخوازێ، جا لەگەڵ زیادبوونی ناکۆکیەکانی شەڕی ساردو کۆدەتا سەربازیەکانی هەردوو بلۆک و توندبوونی ململانێی چەپڕەوانی عەرەبی و لیبرالی بەرەی رۆژئاوا وەکو شانشینی سعودیەو وولاتانی تری خلیج و بەرز بوونەوەی نرخی پیترۆل و زۆر بوونی بایەخ بە چاپ و بلاو کردنەوەی کتێبی کەلەپوری ئیسلامی، هەموو بوونە هۆکاری رەسەنکردنەوەی چەمکە بزاڤیە شەرعیەکان بە گشتی و سیاسیەکان بە تایبەتی. بە پێی سروشتی کۆمەڵگەو دەوڵەتی سعودیەش کە لە ئەسڵی مەزهەبیاندا حەنبەلین، کتێبەکانی ئیمامان ئیبنوتەیمییەو ئیبنولقەییم بایەخی زۆرتریان پێدراو زۆرینەیان هێنرانەوە پێش و توێژینەوەیان کراو چاپ و بلاو کرانەوە.. ئەمەش لایەنی فیقهی سیاسی زەمینەی فیکرە ئیسلامیەکەی تەواو کرد کە هێشتا مابووی تەکاموول کات. ئاوا رەوتی ئیخوانی/سەلەفیانە دروستبوو..

کە یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٧٩دا ئەفغانستانی داگیر کرد، ئەمریکاو هاوپەیمانانیان توانیان هەرچی هێزە نەیارەکانی سۆڤیەت هەبوو کۆی بکەنەوەو ووزەیان لە بەرەیەکی جەنگی سۆڤیەتدا بخەنە گەڕ..

حکومەتی سعودیە ٧٥٪ بلیتی فڕۆکەی بۆ هەر گەنجێکی سعودیە خەرج دەکردەوە کە دەیەوویست بچێتە جیهادی ئەفغانستان.. بەمەش زیاتر لە چواردەهەزار گەنجی عەرەبستان هەبوونی خۆیان لە ئەفغانستاندا سەلماند.. ئەو دەزگاو رێکخراوانەی کە لە شاری پیشاوەری پاکستانیش

دامەزرابوون، هەموویان کەوتنە راکێشان و بەگەڕخستنی گەنجی موسوڵمان لە وولات و گەلانی تر.. ئیتر ئەم رەوتە سەلەفیە ئیخوانیە لە مەیدانی کردەوەییدا بووە رەوتێکی سەلەفی جیهادی خاوەن دیدو بەرنامەو رێبازو ئامانجی خۆی..

ئەم رەوتە جیهادیە (لە زەمینەی مەزهەبی فیقهیەوە هاتبێت یان لە زەمینەی فیکری سیاسی ئیخوانولموسلیمینەوە بوو بێت یان لە زەمینەی عەقیدەی سەلەفیەوە هاتبێت) لە ماوەی پەنجا ساڵی رابوردوودا دەرکەوت و لە دوو ساحەدا بۆ حاکمێتی شەریعەتی خوا کەوتە جیهاد:

**ساحەی یەکەمی جیهادیەکان:**

ئەم کۆمەڵ و بزاوتانەی سەلەفێتی جیهادی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی حکومەتی وولاتەکانیان بوو، بۆ لادان و رادانیان بوو، بەو سیفەتەی ئیمتیدادی حکومەتە بەکرێگیراوەکانی سەردەمانی ئیستیعمارن و ئیدارەی وولاتیان لەسەر سیستمی کوفری ئەوان پێکهێناوەو دستورو یاسایان بە پێی ئاراستەی ئەوان داڕشتووەو بە پێی بەرژەوەندی کوفری دەرێ هەڵوێست وەردەگرن.. لەو بزاڤە جیهادیانە:

١ ـ بزوتنەوەی لاوانی مەغریب (مەراکیش) (ساڵی ١٩٦٣) بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالکەریم موتیع دژی مەلیک حەسەنی پێشوو.

٢ ـ هەوڵدانەکانی سەید قوتبی رەحمەتی (ساڵی ١٩٦٥) دژی حوکمی جەمال عەبدوناسر لە میسر.

٣ ـ بزوتنەوەی موسوڵمانانی سوریا (ساڵی ١٩٦٥) بە سەرۆکایەتی شەهید مەروان حەدید دژی حوکمی بەعسی سوریا.

٤ ـ کۆمەڵە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان و جیهادیان دژی حکومەتەکانی ئەفغانستان لە سالانی (١٩٦٥ـ١٩٧٩) واتە تا پێش داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە..

٥ ـ بزوتنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە جەزائیر (ساڵی ١٩٧٣ـ١٩٧٦) بە سەرۆکایەتی شەهید بویەعلی مستەفا لە جەزائیر دژی حکومەتی هواری بۆمیدیەن.

٦ ـ شۆڕشی ئیسلامی سوریا (ساڵی ١٩٧٥ـ١٩٨٢) بە سەرۆکایەتی تەلیعەی موقاتیلە کە شەهید مەروان حەدید دایمەزراندبوو، دژی حکومەتی بەعسیەکان.

٧ ـ رێکخراوی جیهادو جەماعەتی ئیسلامی لە میسر (ساڵی ١٩٨١ـ١٩٩٧) دژی حکومەتی ئەنوەر سادات و حوسنی موبارەک.

٨ ـ هەوڵە جیهادیەکانی لیبیا (ساڵی ١٩٨٦) دژی حوکمی موعەممەر قەززافی.

٩ ـ جیهادو هەوڵی کۆدەتا سەربازیەکەی باڵی سەربازی (حركة الاتجاه الاسلامي) لە تونس (ساڵی ١٩٨٦) دژی حوکمی حەبیب بورقیبە.

١٠ ـ ئەزموونە جیهادیەکانی جەزائیر (ساڵی ١٩٩١) دژی حکومەتەکانی بوزیاف و جەنەراڵە سەربازیەکان.

١١ ـ جیهادی موسوڵمانانی تاجیکستان (ساڵی ١٩٩٢) دژی حکومەتی کۆمۆنیستی ئەو وولاتە.

١٢ ـ هەوڵە جیهادیە سەرەتاییەکانی وولاتی حەرەمەین (ساڵی ١٩٩٤) دژی حکومەتی مەلیک فەهدو ئال سعوود.

١٣ ـ رووبەڕوو بوونەوە جیهادیەکانی کۆمەڵی موقاتیلەی لیبیا (ساڵی ١٩٩٤ـ١٩٩٦) دژی حکومەتی قەززافی.

١٤ ـ راپەڕینە چەکداریەکەی باکوری رۆژئاوای پاکستان کە بە ناوی (حرکت نفاذ شريعت) واتە: (بزوتنەوەی جێبەجێ کردنی شەریعەت)، لە ساڵی ١٩٩٦.

١٥ ـ هەوڵە سەرەتاییە جیهادیەکانی وولاتی مەغریب (مەراکیش) لە ساڵی ١٩٩٦.

١٦ ـ هەوڵە جیهادیەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان (ساڵی ١٩٨٨) دژی حکومەتی کۆمۆنیستانەی کەریمۆف.
١٧ ـ ئەزمونی جیهادی سوپای عەدەن/ئەبیەن (ساڵی ١٩٩٩)لە یەمەن دژی حکومەتی عەلی عبدالله ساڵح.
١٨ ـ هەوڵە جیهادیەکەی موسوڵمانانی لوبنان لە چیاکانی نەبەتییە لە ساڵی ٢٠٠٠.

**ساحەی دووەمی جیهادیەکان:**

ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی داگیرکەری وڵاتەکانیان بوو.. زۆرینەی گرووپی جیهادی ئەم ساحە بەشێک بوون لە بزاڤی ئازادیخوازیی گەلەکانیان.. بۆ نموونە حەماسی فەلەستین بەشێکە لە بزوتنەوەی ئازادیخوازیی فەلەستینیەکان، هەروەها لەشکری تیبەی کشمیرو بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان.. لەو گرووپ و بزاڤانە:
١ـ بزوتنەوەی جیهادی موسوڵمانانی کشمیر لە ١٩٤٧ ەوە، هەروەها دواتریش لە ویلایەتی ئاسامی هیندستان.
٢ـ بزوتنەوەی جیهادی موسوڵمانان لە هەرێمی ئەراکانی وڵاتی بورما (میانمار) لە ساڵی ١٩٦٥ ەوە.
٣ـ بزوتنەوەی جیهادی موسوڵمانانی مەندناو لە باشووری فیلیپین بە تایبەت بەرەی مۆرۆ (١٩٦٥) و جەماعەتی ئەبو سەییاف (١٩٩٨).
٤ـ جیهادی کۆمەڵەکانی بزاڤی ئیسلامی کوردستان (لەشکری ئیسلامی، رابیتە، بزوتنەوەی ئیسلامی ) لە ساڵی ١٩٨١ـ٢٠٠١. کە لە دوای شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخی حەفیدەوە بە ناوی ئیسلامەوە شۆڕشێکی تری چەکداریی لە کوردستاندا دروست نەبووبوو..
٥ـ کۆمەڵی پشتیوانانی ئیسلام لە کوردستان (پاک) کە زیاتر لە راگەیاندنەکاندا بە ناوە عەرەبیەکەی (ئەنسارولیئسلام) ناسرا، لە ساڵی ٢٠٠١دا دامەزراو لە کوردستان دژی یەکێتی نیشتیمانی و لە ٢٠٠٣ شەوە دژی دژی ئیحتیلالی ئەمریکایی کەوتە جیهادکردن و تا ئێستاش بەردەوامە.

٦ـ جیهادی موسوڵمانانی هەردوو هەرێمی ئۆگادین و عەفەر لە دژی ئیحتیلالی حەبەشە لە ١٩٧١ ەوە..

٧ـ جیهادی حزبی ئیسلامی تورکستانی رۆژهەلات دژی حکومەتی چین.

٨ـ جەماعەتی تەوحید لە لوبنان دژی هەوڵی ریشەکێشکردنی ئەهلی سوونەت لە لایەن مەسیحی و نوسەیریەکانی سەر بە رژێمی سوریایی لە ساڵانی شەڕە ئەهلیەکەدا ١٩٧٥ ـ ١٩٩٢.

٩ـ جیهادی موسوڵمانانی ئەفغانستان دژی ئیحتیلالی سۆڤیەتی لە ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٩٢.

١٠ـ جەماعەتی جیهادی موسوڵمانانی ئەریتیریا دژی ئەتیوبیای داگیرکار لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە.

١١ـ بزوتنەوەی ئیسلامی (حەماس) دژی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە

١٢ـ بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین لە ساڵی ١٩٨٩ ەوە

١٣ـ جیهادی بۆسنەییەکان دژی داگیرکاریی سربیا، لە ١٩٩٤ ـ ١٩٩٦.

١٤ـ ئەزمونی جیهادی موسوڵمانانی شیشان و قەوقاز لە ١٩٩٥ ەوە.

١٥ـ دیسان جیهادی موسوڵمانانی ئەفغانستان دژی ئیحتیلالی ئەمریکایی و هاوبارانی ئەوروپایی لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە تا ئێستا.

١٦ـ جیهادی ئەهلی سوونەتی عێراقی (عەرەب و کوردو تورکمانەکانی) دژی ئیحتیلالی ئەمریکایی و هاوبارانی لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا.

١٧ـ بزوتنەوەی جیهادیانی سۆماڵ (ساڵی ٢٠٠٥ ئیتتیحادی ئیسلامی دژی ئیحتیلالی ئەمریکاو پاشان دژی داگیرکردنی ئەتیوبیا)، پاشان (دادگا ئیسلامیەکان لە ٢٠٠٦ـ ٢٠٠٨ دژی ئەتیوبیا) ئێستاش (لە ٢٠٠٨ ەوە حزبی ئیسلامی) و دواتریش ( لە ساڵی بزوتنەوەی لاوە موجاهیدەکان (کە سەر بە قاعیدەن) دژی هاتنەناوەوەی سوپای ئەتیۆبیا، پاشان دژی ٥٢٠٠ سەربازی سوپای بەکرێگیراوی ئۆگەنداو راوەندا، پاشان لە ٢٠١١/١٠ ەوە دژی هاتنەناوەوەی سوپای کێنیا).

١٨- بزوتنەوەی تالیبانی پاکستان (لە ١٢/١٤/ ٢٠٠٧ ەوە ) دژی حکومەتی سەربازی جەنەڕاڵ پەروێز موشەڕەف و دواتر دژی سۆشیالیستەکانی پیپڵز پارتی بێنەزیر بۆتۆو ئاسف زەرداری مێردی. کە ڕێیان بە سوپای ئیحیلالی ئەمریکایی دا بنکەی سەربازی شاری بەهاوەلپووری پاکستان بدرێت بە سوپای ئەمریکاو لەوێوە بۆردومانی بزوتنەوەی تالیبانی ئەفغانستان بکرێت..

١٩- بزوتنەوەی جیهادیانی موسوڵمانانی یەمەن بە ڕێبەری قاعیدە (لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە).

٢٠- بەشداریی جیهادیەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ ەوە لە بزاوتەکانی بەهاری عەرەبی لە تونس و میسرو لیبیاو یەمەن و سوریا.

* * *

## باسی دووەم
## ڕەنجی نەزۆکی دەستەمۆ
## (خەباتی ئیسلامی ڕەسمی)

**ڕەنجی تاك و كۆی لاواز:** لەگەڵ ئەم هەموو پیلانە سەخت و گشتگیرەشدا زانایـان و بیرمەندانی میسر هـەر بـێ ئومێـد نـەبوون، ئەگەرچـی زۆریـان لـەوە دڵنیابووبوون کە تـازە زۆر زەحمەتـە خیلافـەت هەستێـتەوە، بـەڵام لـەو زنجیرە چالاکییە کاردانەوەی خۆیان هەر نەکەوتن، لەوانە:

١ـ بەردەوام دژ وەستانەوەی میسر دژی حوکمی ئینگلیـز کـە لـە ١٩١٤/١٢/١٨ ەوە خدیـوی تـۆفیقی نوێـنەری حـوکمی عوسمانییـان لابردبـوو، بەمـەش دەسەڵاتی سیاسی عوسمانیان بەسەر میسرەوە ئیلغا کردبـۆوەو سیسـتمس حوکمی خۆیان سەپاندبوو، حسێن کامیلیشیان بە ناوی (سوڵتان)ەوە تەعین کردبوو.. حسێن ناکاملێش یەکەمین کارێک کە کردی ئیلغاکردنـەوەی پلـەی قـازی قازیـەکان (قاضي القضاة) ی میسر بـوو کـە لـە لایـەن دەسـەڵاتی عوسمانییەوە دادەنرا.. حوکمی عورفیش ڕاگەێنرابوو، واتە گرتن و دادگـایی کردنی خەڵکی لە دەرەوەی دادگا..

٢ـ کە سـوڵتان حسێـن کامیـل چـوو بـۆ کۆلیـژی مافناسـیی قوتابیـەکان نەچوونەوە کۆلیژەکەو وەکو کاردانەوەی ڕازی نـەبوون بـە تـەنها جێـیان هێشت!

٣ـ لە ١٩١٥/٤/٨ دا کاتێک مەوکیبی سوڵتان حسێن کامیلی عەمیل بە شەقامی عابیدینی قاهیرەدا گوزەری کرد درایە بەر دەسڕێژی تەقـە بـەڵام سـەلامەت دەرچوو.

٤ـ جارێکی تریش دوای ئـەوە لـە (شـەقامی تـین) نـارنجۆکی دەسـتی بـۆ هەڵدراو هەر سەلامەت دەرچوو.

٥ـ لە ١٩١٥/١٢/١٥ دا کەسانێک بە چـەقۆوە هێرشـیان کـردە سـەر وەزیـری ئەوقافی حکومەتی عەمالەتی حسێن کامیل و دایانە بەر چەقۆ..

٦ـ لــه ســاڵی ١٩١٨ دا کۆمەڵێـک لــه پیــاوی کۆمەڵــه نهێـنییەکانی میسـر پەیوەندییان بە شۆڕشی سنووسییەکانی لیبیاوە کرد بۆ چوونیان بۆ ئــەوێ بــۆ مەشــق و خۆئامــادەکردن بــۆ جیهــاد دژی ئینگلیــزو حکومەتــە بەکرێگیراوەکەی.

لەگەڵ دەیان چالاکی لەو جۆرەدا حسێـن کامیـل زۆر بەپشــوو درێـژییەوە دەجولایەوە، هەمیشە بە میسریەکانی دەووت: ئێمە دژی خیلافەتی ئیسـلامی نـین، بــەڵکو دژی رەفتــارە شــەڕانییەکانی حکومــەتی ئیتتیحــادو تــەرەقی تۆرانین.. بەڵام هەر نــەیتوانی موســوڵمانان قەناغــەت پێــبکات کــە راسـت دەکات[٢٦]..

**رەنجێکی تر لە پاڵەوە!!**

زانایانی ئەزهــەری میسـر دوای ئیلغاکردنــەوەی خیلافــەتی ئیسـلامی لــە تورکیا بەیانێکیان لە ١٩٢٤/٣/١٠ دا لە رۆژنامەی ئەهرامدا بە ناوی (لابـردنی خەلیفە کارێکی شەرعی نیە) بڵاوکردەوە کــە جــەختیان لــەوە کـردەوە کــە ئەوەی مستەفا کەمال کردویێتی کــە ســوڵتان عبدالمەجیــدی لابـردووەو بــۆ دەرەوەی وولات دەریکردووە کارێکی شــەرعی نیــە! چــونکە دانــانی بــە رای موسوڵمانان بووەو لادانی بــە رای دەســتەیەک کــەس کارێــکی ناشــەرعیەو نەشیاوە، ئیتر داوای بەستنی کۆنگرەیەکیان بۆ دانانەوەی خەلیفە کرد کە لە ماوەی هەفتەیەکدا ببەسترێت!

موسوڵمانانی هیندستانیش وویستیان لای خۆیانەوە خەلیفەیەک دانێن..

ئیدیعایەی ئەوەش هەبوو کە حسێنی کوڕی عەلی لــە شــەریفانی مەککــە خۆی وا دەهێنێتە پێش تا لە ناو عەرەبەکاندا بڕیاری بۆ بدرێت و بکرێت بــە خەلیفە، بەڵام ئەزهەر زوو بەیانێکی لەسەر ئەویش بڵاو کردەوە کــە دەڵــێ: (بە کەسانی وا هەڵنەخەڵەتێن کە دەسکەلای ئینگلیــزن و ئــەوان دروســتیان

---

[٢٦] علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين چ ٢ دارالوفاء ١٩٩٢ ب١ ل ٥٦

کردوون)[٢٧] هەروەها هۆشیاری ئەوەیان دایەوە موسوڵمانان کە نابێت هەر وولاتەو لای خۆیەوە خەلیفەیەک دیاری بکات و بەیعەتی بداتێ ئەگینا دەبێتە فەوزاو موسوڵمانان سەریان لێ تێک دەچێت و خەلیفەیەکی ساڵحیان پێ دانانرێتەوەو هەتا هەتایە زەلیل دەبن.)

داوای بەستنی کۆنگرەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی بارو دۆخی موسوڵمانان و دۆزینەوەی رێچارەیەک بۆ کێشەی خیلافەت پەرەی سەندو هەموو لایەکی گرتەوە، ئیتر دوای دوو هەفتە لە بەڵێنی پێشوو بریار درا لە ١٩٢٤/٣/٢٥ کۆنگرەیەک لە قاهیرە بە سەرۆکایەتی شێخی ئەزهەر ببەسترێت و موسوڵمانانی هەموو دنیای بۆ بانگهێشت بکرێت.. بەڵام دوژمنانی ئیسلام لە پێش هەمووشیانەوە ئینگلیز کە پیلانی سەدان ساڵەی رۆژئاوایان راپەڕاندبوو بە ئاواتی سەدان ساڵەی خۆیان گەیشتبوون چۆن دەهێڵن موسوڵمانان تازە ناوی خیلافەتیشیان بکەوێتەوە بیرو هەوڵی رەسمی بۆ بدەنەوە!! بۆیە جارێکی تریش گورزی خۆیان وەشاندو بە فێڵ کۆنگرەکەیان دواخست، بەڵام رێیاندا زانایانی ئەزهەر بەیانێک دەرکەن کە چەند خاڵێکی ئیستینکاریی زیاتر هیچی تری لێ نەکەوتەوە! لەوانە:

---

٢٧ راستە وابوو، حسێن کە بە شەریفی مەککە بەناوبانگبوو، داردەستی ئینگلیزبوو. خۆی و کوڕو نەوەکانی هەر لەسەر ئەو سیرە بوون، سێ کوڕی هەبوو: عەلی لە دوای خۆی بوو بە حاکمی حیجاز، عبداللە لە دوای خۆی بوو بە حاکمی ئەردەن (باپیری ئەو مەلیک عبداللەی دووەمەیە کە ئێستا حاکمی ئەردەنە)! فەیسەڵیشیان کرا بە مەلیکی سوریا، بەڵام فەرەنساییەکان نەیانوویست بۆیە درا بە عێراقیەکان و حوکمی مەلیکایەتی ژێر دەستی ئینگلیز لە ١٩٢١ ت ١٩٥٦ لە لایەن ئەم خانەوادە پیسەوە بوو کە وا ئیدیعایەیان بۆ کرا کە ئەولادی پێغەمبەرن صلی اللە علیە وسلم!

١ـ بەیعەتی سوڵتان عەبدولمەجید باتڵە چونکە کەمالیستەکان بە ناوی خیلافەتێکەوە دایاننا‌وە کە دەسەڵاتی سیاسی نەبێت[٢٨]!
٢ـ بڕیاردرا کە نوێنەری هەموو موسوڵمانانی جیهان بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە بکرێت کە بەسەرپەرشتی شێخولئیسلام لە زانکۆی ئەزهەر دەبەسترێت، بەڵام ئێستا دواخراوە، بەو ئومێدەی بە هەموان خەلیفەیەک دابنێنەوە..
٣ـ مانگی شەعبانی ١٣٤٣ی کۆچی (١٩٢٥/٥ز) کۆنگرەکە دەبەسترێت.
٤ـ گۆڤارێک بە ناوی کۆنگرەوە دەردەکرێت.. ژمارەی یەکەمی لە ١٩٢٤/١٠ دا دەرچوو. سەید محمد رەشید رەزا مەقالەیەکی گرنگی تێدا بڵاوکردەوە کە دەربارەی گرنگی و کاریگەریی بەستنی ئەو کۆنگرە دواخراوە بوو. تێیدا نوسیبووی:
ا ـ کۆنگرەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنیانەی ئیسلامی دەبەسترێت کە مەزنی شەریعەتی ئیسلامی تێدا نیشان بدرێت کە سەرچاوەی یاساکانی دەبێت.
ب ـ دارشتنی رێسای پەروەردەی ئیسلامی بۆ ئاراستە کردنی حکومەت و کۆمەڵگە بە شێوەیەک کە رێنمایی خەڵکی و بەرژەوەندییەکانیان بهێنێتەدی.
ج ـ هەڵبژاردنی خەلیفەیەک کە پێشەوای موسوڵمانان دەبێت.

بەڵام ئینگلیزو داروەستەکەی بۆ جاری دووەم کۆنگرەکەیان دواخست!! تا کاردانەوە ئینفیعالیەکەی موسوڵمانانیان لە خۆگرت و تووڕبوونیان دامرکایەوەو کۆنگرەکەیان بە یەکجاری لە ناوەڕۆکی خۆی دەرهێنا، ئینجا ووتیان با ببەسترێت، تا ئەو کاتەش زەمان لە یەک هەفتەی کاردانەوەی مانگی ئازاری ١٩٢٤ گەیشتبووە ساڵی ١٩٢٦!! و لەولاشەوە چەندین کەسی

٢٨ چونکە لەو سەردەمەدا ئینگلیزو هەندێک لە وولاتانی رۆژئاوا هەر ئەو پێشنیارەیان دەکردەوە کە خیلافەت ببێتە دەسەڵاتێکی سونبولی پیرۆزی وەکو پاپایەتی خۆیان سیاسەت نەکات.. بۆیە ئەو هەنگاوەشیان بە مستەفا کەمال نا.

بەکرێگیراوی ئینگلیز وەکو مەلیک فوئـادی میسـرو حسێـنی کـوڕی عـەلی مەلیکی حیجازو ئامانوالله‌خانی مەلیکی ئەفغانسـتان بـۆ پلـەی خیلافـەت کەوتبوونە کێبڕکێ!![29]..

ساڵەکان هاتن و تێپەڕبوون بێ ئەوەی کۆنگرەکە بگیرێت!

ئینگلیـز بـەم ڕەنجـە نـەزۆک و کورتبینـە وبـە کاردانـەوەی ئینفیعـالی سەرنەکەوتووی موسوڵمانان دڵخۆش بـوو، زانی لـە کوێـوە ڕەگـی هـەزار ساڵەی ئەم دەوڵەتە ئیسلامیەی بڕیووە.. زانی ئیتر دوای چەند ساڵێـکی تـر روکنێک وەکو حوکمی ئیسلام بە تیۆریش نامێنێت و نـاوی خیلافـەتیش لـە مێشکی نەوەکانی داهاتوودا دەسڕێتەوە[30]..

**گەڕانەوە سەرخۆو پەی بردن بە گشتگیریی پلانەکە!!**

کە زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە لەوە بێهیوابوون کـە بتوانن گیانێک بەبەر دەوڵەتی عوسمانییـدا بکەنـەوە، کـە بـە یـەکجاریی ئومێدیان لە ئیسلاحسازیی ناوەوە بڕاو دڵنیابوون کە هێزی دەرەکیش وەکو دوژمنێکی سەرسەخت بۆ تەواوکردنی پیلانەکەی هاتۆتـە وولاتیانـەوەو بـۆ رووتاندنەوەیان داگیری کردوون، کە هەموو لەوە دەڵنیـابوون کـە قۆنـاغی نوێ دیدو بۆچوونێکی نوێ و بەرنامەیەکی سیاسی و سیستمێکی نوێی حوکم و ڕۆشنبیرییەکی نوێ هاتۆتە کۆمەڵگەکەیانەوە، زۆرینەیان رایان هاتە سەر ئەوەی کە باشت روایە نوخبە ڕۆشنبیرە ئیسلامیەکە ـ کە زۆرینـەی هـەتیو بـوون ـ لەگـەڵ ڕۆشـنبیرانی تـری سـەردەم ـ کـە کەمینـەی بەردەسـتی

---

٢٩ عەلی عبدالحەلیم مەحموود: منهج التربیه عند الاخوان المسلمین/ دار الوفاء ـ القاهره چ ١٩٩٢/٢ ب٢ لا ٥٦..

٣٠ هاملتۆن جیب کە ڕۆژهەڵاتناسێکی ڕۆژئاواییە لە کتێبەکەیدا (ئیسلام بەرەو کوێ دەچێت؟) خۆشحاڵیی زۆری خۆی دەنوێنێت کە ئینگلیز ئاوا توانی خیلافەت بدات بە ئەرزداو زانای ئەزهەریی وەکو عەلی عبدالڕەزاق قەناعەت پێبکات کە ئیسلامەتی سیاسەتی تێدا نیەو ئەو کتێبەی پێ بنوسێت کە بە ناوی (الاسلام وأصول الحكم)ەوە بڵاویکردەوە!

ئیستیعمار بوون ـ یەکبخرێن، بەو هیوایەی نوخبە رۆشنبیرەکەی سەردەم لە دەم ئیستیعمار دەربهێننەوەو هەر بەو سیستەمەی رۆژئاوا لە شوێنی دەوڵەتی عوسمانی دایمەزراندووە هەوڵی گۆڕین و ئیسلاحاتەکەی خۆیان لە چوارچێوەی ئیسلامەکەدا بدەنەوە.. ئەمەش بیروهۆشێکی نوێی ئیسلامی قوڵتر دەخوازێت کە دەقەکان لە واقیعی نوێدا تەفسیر بکاتەوە.. چونکە لافاوە رادەرەکەی رۆژئاوا نیازی وایە هەرچی دێتە پێش لە ئینتیمای ئیسلامەتی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا رایبدات و بەرەو مێژووی ببات..

لە ناو پێداچوونەوەکانی زاناو بیرمەندەکانی ئەم قۆناغە دژوارەی ئەهلی ئیسلامدا، کۆمەڵێک زاناو بیرمەند بۆ ئەوە دەچوون کە ئەمەی ئێستا روویداوە بەرهەمە، ئەنجامی پێشەکییە، هۆهێناوی هۆکارە، ئەمە بەرهەمی رەنجی ئیهمالکراوی موسوڵمانان و رەنجی کۆکراوەو بەگەڕخراوی کافرانە.. ئەمە کەلەکەبووی کۆتایی سەردەمانی عەبباسی و مەمالیکە، ئینجا کۆتایی سەردەمی عوسمانیەکان.. بەڵام ئەمەیان لادانی ئیسلام و رادانێتی لە ژیانی موسوڵماناندا! ئەمە لەو جۆرە رووبەڕوو بوونەوە ناوخۆییانە نییە کە کەوتە نێوان خەلیفە مەئموون و پێشەوایانی شەرع و فەرموودەوانییەوە، ئەمە لە جۆری لێکدابڕان و ناکۆکی سەڵتەنەت و خیلافەتیش نییە، یان پێککێشرانی شمشێرەوانان و قەڵەم بەدەستان.. ئەمە لەو جۆرەیە کە ئیبنوعەقیلی حەنبەلی (٤٣١ــ٥١٣ک) و مەقریزی (٧٦٤ــ٨٤٥ک) لە زووەوە پەییان پێبردو ووتیان (شەریعەت کراوە بە قوربانی سیاسەت)! ئەمە ئەنجامی یەکنەخستنەوەی (شەرع و حوکمە) کە کۆتاییەکەی ئەم دیدە رۆژئاواییە کە دین لە دەوڵەت جوێ دەکاتەوە..

ئەمەبوو وای کرد زۆر لە (قیاس) ی ئەم سەردەمە بخەنە کەنارەوەو سەرلەنوێ تەماشای بنەماکانی ئیسلام بکەنەوە، بە تایبەتی مەبەستەکانی شەرع (مقاصد الشريعة) کە لە کتێبە ئوسوڵییەکاندا وا راڤە کراون، کە بەرژەوەندی عەبدەکانی خوا رەچاو دەکات.. وەکو کتێبە ئوسوڵییەکانی

ئیمامی جوەینی (٤١٩ـ٤٧٨ک) و ئیمامی غەزالی (٤٥٠ــ٥٠٥ک) و عیــززەدینی کوڕی عەبدوسسەلام (٥٧٧ـ٦٦٤ک) و ئیمامی شــاتیبی (ــ٧٩٠ ک).. بۆیــە بــە پێویست زانرا کە بگەڕێنەوە سەر جەخت کردنەوە لە مەبەستەکانی شەرع کە بریتییە لە مسۆگەرکردن و رەچاوکردن و پاراستنی پێنج زەروورەتەکە: گیان دین و هزرو ئابڕوو سامان..

هێشتا ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابوردوو تەواو نەبووبوو کە بیرمەندان دوچاری هەردوو هەڵوێستە سەرەکییەکە بوونەوە، کە دەیانوویست خۆی لێ ببوێرن:

یەکەم: پێناسەی رۆژئاواو هەڵوێست لە شارستانێتی و هێرشە سـەربازیی و سیستمە سیاسییەکەی و رەهەندەکانی تری..

دووەم: پێناسەی پیاوانی حوکمی ژێر دەسەڵاتی ئیستیعمارو هەڵوێسـت لــە خۆیان و یاساو بڕیاریان.

زانایان و بیرمەنــدان بــە گشـتی هــەموویان رەفـزی ئیسـتیعمارو دیـدو بۆچـــوون و رەوشـــی شارستانێـــتی و سیاســـەتی داگیرکردنـــەکانیان دەکـردەوەو پێـیان وابـوو کــە هیچـیان قــابیلی قبـوولکردن نـین.. بــەڵام تــەکنۆلۆجیاو پێشـکەوتنەکانی ئامێـرو کەرەســتە ماددیــەکانیان شتێـکی بەسوودەو دەکرێت بێ تیۆری ژیانیان وەربگیررێن.. چونکە بەرهەمی رەنجی هەموو جیهانیانن و ناکرێت لەبەر ئەوەی سیاسەتمەداری وڵاتەکانیان ئاوا دوژمنداریێتی ئیسلام و موسوڵمانان دەکەن، موسوڵمانانیش پشت بکەنە ئــەو بەرهەمانەیان کە کەرەســتەی دنیــایین و دەشێــت لــەوانیش و لــە غــەیری ئــەوانیش وەربگیررێـت.. بــەڵام لەبــەر ئــەوەی لــە ســێ دەیــەی ســاڵانی (١٩٢٠ــــ١٩٥٠) دوژمنداریــتییەکی زۆرزۆریــان دژی ئــەهلی ئیســلام نوانــدو ئەحکامی شەرعیان خستە کەنارو دینەکەیان سووک کردو لە کۆتایی جەنگی جیهانییەکەیاندا کیانی سیاسی ئەهلی ئیسلامیان لەبەر یــەک هەڵوەشــاندو هەموو ئوممەتەکەیان کرد بە ٥٦ دەوڵەت و ٧٦ کەمایەتییەوە کە بە درێـژایی

مێژووی نوێیان دەچەوسێنرێنەوە! ئەمە جگە لەوەی کە ئیسرائیلییان بە زۆری سەربازیی لە ناوجەرگەی وولاتی موسوڵمانانندا چەقاند.. بۆیە زۆر لە زاناکان بە تایبەتی قوتابیەکانی شێخ محمد عەبدە دەیانووت: کێشەکە هەر لە هێزە ئیستیعمارییە سەربازییەکەدا نییە، بەڵکو لە عەقڵیەتە ئیستیعمارییە لووتبەرزەکەیاندایە، لە دیدو بۆچوونە فەلسەفییەکەیاندایە کە لێیەوە دەڕواننە مرۆڤ و ژیان و گەردوون! لە ڕۆشنبیریی و کلتوورییاندایە کە سەدان بەڵگەی مێژوویی هەیەکە ڕۆژئاوا دوژمنی کەللەڕەقی ئیسلامەو هزرو کلتووریشیان هەستی مرۆڤایەتی پارسەنگی پێوە نییە!

ئەم پێناسەو هەڵوێستەی زانایان و بیرمەندان لە هەموو جیهانی موسوڵمانانەوە لە ڕۆژئاواو شارستانێتییەکەی، پاشان لە عەلەمانێتی ڕقن و ڕەفتاری حکومەتەکانی بن سێبەری ئیستیعمار کە بە دەست بەکرێگیراوەکانیانەوە بوو، ئەوەی زیاتر لە بیرو هزرو واقیعی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەدا دەچەسپاند کە ڕۆژئاوا بە هەموو مانایەک دوژمنداریێتی ئیسلام دەکات، وەکو دین و ئینتیمای شارستانێتی نەک هەر وەکو حوکم و سیاسەت.. بۆیە هەموو ئەم قۆناغە تا زەمانی ئینقیلابە عەسکەرییەکانی سالانی پەنجاکانی سەدەی رابوردوو ـ کە هەر بە فیتی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بوون ـ بە ڕەفتاری دوژمنانە دەستی پێکردو هەر بە ڕەفتاری دوژمنایەتیش کۆتایی پێ هات..

ئەوەی ئەهلی ئیسلام لە بەرامبەر ئەم لافاوەدا سووربوون لەسەری مانەوەی ئیسلامەکەو عەبدایەتی خوا بوو لە دلّی جەماوەر موسوڵمانەکەدا.. حکومەتە عەمیلەکانی ئیستیعماریش لە خۆداکوتان و پاراستنی بەرژەوەندی ئاغاکانی ڕۆژئاوایاندا بوون و وولاتیان بۆ خستبوونە سەرپشت..

ئاوا هەرچی نوخبەی بازنەی ئیسلام هەبوو گەیشتنە حاڵەتی رەشبینی لە رۆژئاواو سیاسەت و رۆشنبیریی و کلتوورو ئادابی کۆمەڵایەتی و رێسای ئابووریی و بنەماکانی پێکەوە هەڵکردن و ژیانی هاوبەش.. ئەمەش ساڵانە سەری دەکێشا بۆ دابڕان و بەرامبەر بوونەوەی دوو بەرە: بەرەی ئیستیعماری رۆژئاواو حکومەتە عەمیلەکان و دامودەزگاکانیان، بەرامبەر بە بەرەی زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی و نوخبە سیاسییە لادراوەکە، کە لە لایەنی سیاسی و سەربازییەوە تێکشکابوون، تەنها ئەوەندەیان پێ دەکرا کە بە بەڵگەی بەهێز موناقەشەی بیرو هزری هاتووی ئیستیعمار بکەن کە لە هەموو وڵاتی موسوڵماناندا سەدانی وەکو عەلی عبدالرزاق و ئەحمەد لوتفی السسەیدو تەها حسێن و ئەوانە بووبوون بە نوێنەرییان!

دوای نەمانی بزوتنەوە جیهادیەکان و تێکشکانی سەربازییان، دوای ریشەکێش کردنی سیستمی سیاسی عوسمانی، وخۆگرتنی دەسەڵاتی راستەوخۆو لاوەکی حەملەی ئیستیعماری رۆژئاوا، هێزە داگیرکەرەکان توانیان شەڕێکی شارستانێتی سەخت بەرامبەر بە ئیسلام و موسوڵمانان بەرپا کەن، کە چەندەها بەرەی پێکداکێشران و رووبەڕوو بوونەوەی لێوە پەیدابوو: بەرەی جەنگی یاساو دەستوور، بەرەی داوەریی و شێوەی مورافەعات، بەرەی فێرخوازیی، بەرەی راگەیاندن (بە هەموو جۆرەکانیەوە)، بەرەی کۆمەڵایەتی و جەنگی نەریتەکان، بەرەی چۆنیەتی ئاراستەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە، شەڕەپاڵی حزبایەتی و کێبڕکێی سیاسی.. لە پشت هەموو ئەمانەوە هێزی ئیستیعمار راستەوخۆ یان لاوەکی ئاراستەی دەکردو ئیدارەی جەنگە شارستانێتیەکەی دەکرد، پشتی دەگرت، پرۆژەی دەدا، بواری فێرخوازیی و پێگەیاندن و تەعینبوونی لەبەردەم پیاوانی خۆیدا دەکردەوە، پیاوانی بریقەداریی دەکردە واجیهەی پرۆژەکانی، دەزگای بۆ دەرکەوتن و گەشەی هەموان دروست دەکرد.. لە بەرەی ئەمبەریشەوە زاناو بیرمەندە موسوڵمانەکان و عەوامە رەشۆکییە بوو، تا قەناعەتی لەسەر شتێک

دەهێڵرایەوە ئیستیعمارو پیاوانی رەهەندی تری گۆڕانکارییان دەخستەبەر دەستی و دەیانخستنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە!!

ئیستیعمار توانی تەنگژەیەکی گەورە بۆ پیاوانی ئیسلام دروستکات، بەوەی بەرەی نەوەی نوێی خوێندەواری بۆ خۆی کەسب دەکرد، گومان و دووڵی و ڕاڕایی زیاتری لە قبووڵ کردن و پابەندبوونیان بە ئیسلامەکەوە بۆ دروست دەکردن.. زانایانی شەرع و دەزگاکانیان و بیرمەندە ئیسلامیەکان کەتبوونە نێوان دوو بەرداش: یەکیان نەزانین و دەمارگیریی و خۆبەستنەوە بە دەقی راوبۆچوونی زانایانی پێش خۆیان بێ ئەوەی ئەو جورئەتە بە خۆیان بدەن کە لە توندیی و سەختی چوارچێوە مەزهەبەکانیان دەرچن و بگەڕێنەوە سەر بەڵگەی قورئان و سوننەت، یان بتوانن واقیعە تازەکە لەخۆ بگرن و وەڵامی بۆ ئامادە بکەنەوە! ئەمەش هەموو متمانەیەکی لەق دەکرد، سەرەتا بە بیروهزری زاناکان و پاشان لەگەڵ هاتنی دیدو بۆچوونی زاناو فەیلەسوفەکانی رۆژئاواو بەرهەمەکانیاندا وێڵیی و سەرگەردانی زیاتر بۆ نەوەی نوێ بە تایبەتی بۆ خوێندەوارەکان دروست دەبوو! تا سەردەمی تاسانی رمانی منارەکەی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتی سیاسەتی موسوڵمانان تەواوبوو، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابوردوودا سی و سینەی موسوڵمانان گوشادبوو، کۆمەڵێک زاناو بیرمەندی بەهێز قیتبوونەوەو ئاڵای بەرەی خۆمانیان هەڵگرتەوەو کەوتنەوە هاوار لە ئوممەتەکەو رەنجێکی زۆریاندا تا ئوممەتیان بە هۆش خۆی هێنایەوەو ئاهێک بۆ لاوانی خوێندەواری موسوڵمانی بێنەوا گەڕایەوەو سەرلەنوێ زانایان و بیرمەندانی گەورەی ئەم ئوممەتە نەمرە ئومێدیان لە خەڵکەکەدا رواندەوەو کەوتنە بەرپەرچدانەوەی گومان و تۆمەتی رۆژهەڵاتناسان و بەکرێگیراوان. زەمان نەگەیشتە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابوردوو زۆرینەی ئەهلی ئیسلام گەیشتنەوە ئەو قەناعەتە کە ئەوی قەڵای ئوممەتەکەیەو توانای بەگەڕخستنەوەی ئوممەتەکەی بۆ جیهادی کافران هەیە تەنها

ئیسلامەو بەس.. ئوممەت هاتە سەر ئـەو قەناعەتـەی کـە ئەمانـە کـافری شەڕانین و بە زۆری زۆرداریی وولاتی موسـوڵمانانیان داگیرکـردووە، بۆیـە پێویستە ئەهلی ئیسلام نەهێڵن پرۆژەیان سەرکەوێـت، دەبـێ بەرهەڵسـتیان بکەن ودژیان بوەستن تا لە وولاتیان وەدەر دەنرێن.

* * *

ئەوەی جێی سەرسوڕمان و تێڕامانە ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلام بە سۆفی و سەرڕووتییەوە ئیستیعماری بە کافری شەڕانی دەزانی و جیهاد کـردن لـە دژییانی بە فەرز دەزانی جگە لە مەلاکان! مەلای سوننی زۆر زوو قابیلییـەتی خەساندنی فیکریی و غیرەتی بەرهەڵستکاریی تێدا دروستبوو!

سەیرە کە لەو کاتەی ئیمام بەننا لە میسرو ئەبولئەعلای مـەودوودی لـە هیندستان و پاکستان و دکتۆر محمد ناسر لـە ئەندۆنیسـیا دەبینیـت وەکـو یەک لە دین و واقیعەکە (ناسینی دۆست و دوژمـن و توانـای هـەردووکیان و ئەو زەمەنەی تێیدان) تێگەیشتوون، کەچی زانایـانی ئیسـلام لـە هـەر سـێ وولاتەکە دەبینیت نەک هەر کۆلێـکی بانگـەوازو جیهادەکـەیان هەڵنـەگرت، بەڵکو بوونە گەورەرتین کۆسپی رێی ئەو پێشـەوا مەزنانـەش! تـەنها ئـەو زانایانە لەم حاڵەتە جودان کە پەییان بە لایەنی ململانێ شارستانێتییەکەی ئیستیعمار دەبرد..

میسر: لەو کاتەی ئیمام بەننا ئەو بزوتنەوە رەسەنەی دامەزراندو بەرنامەی تێگەیشتنەوەی لە عەقیدەو یەکرێزیی و جیهاد بە سێ پـەیامی (رسالة العقائد ورسالة التعالیم و رسالة الجهاد) روون کردەوە، بە کردەوەییش چەسپاند:

یەکەم: نەیهێشت ناکۆکی بە هۆی دیدو تێڕوانین و پێناسـەی عەقائیدییـەوە بکەوێتە ناو ریزەکانی ئیخوانەوە. چونکە چوارچێوەی تێگەیشتنی لەعەقیدە بە (بازنەی دیدی ئەهلی سوننەت و جەماعەت) دیاری کردبوو.

دووەم: موسوڵمانانی بۆ کۆمەڵکارییەکی مەرکەزیی رێکخسـتبوو، پەیکـەری ئیداریی بۆ دیاری کردبوون تا ووزەی هەموو چین و توێژێـکی کۆمەڵگەکـەی

خۆی بۆ بانگەوازو کۆمەڵکارییەکەی ئیخوان و ململانێ شارستانێتییەکەی بەگەڕ بخات.
سێیەم: کەشافەو رێکخستنی سەربازیی نهێنی و هێزی مەشق و جیهادیشی بە ئاشکرا پێکهێنابوو.. بۆیە کە وویستی ئیخوانی میسر لە جیهادی فەلەستین دژی جولەکەی داگیرکار بەشداری جیهاد بکەن، ئاسان ئەو هەموو موجاهیدە سەرڕاستانەی بەدەستەوە هات..
کەچی ئەو ئەزهەرەی بە حساب قەڵای ئیسلامەتی بوو، ئەو هەموو زانایە یەکێکیان ـ جگە لەوانەی ئیخوانی بوون ـ کارێکی وای پێ نەکرا!
لە هینستان و پاکستانیش هەر وا بوو.. ئیمامی مەودوودی رەحمەتی عەقیدەکەی وەکو (بازنەی دیدی ئەهلی سوننەت و جەماعەت) بە دیدی سەلەف روون دەکردەوەو کۆمەڵکارییەکی پشوودرێژی بۆ ململانێ شارستانێتییەکە ئامادە دەکرد، پەیکەری ئیدارییی بۆ سوودوەرگرتن لە ووزەو وورەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکە وەردەگرت.. خەڵکەکەی خۆی بۆ رووبەڕوو بوونەوەو جیهاد ئامادە کردبوو، بۆیە دەبینیت بە هەزارانیان بەشداری خۆبەخشانەیان لە غەزای سوپای هیندستاندا کرد، کە جەنگی خوێناوی کەوتە نێوان هیندستان و پاکستانەوە..
کەچی زانای هیندستان و پاکستان دەبینیت هەر لەو کاتەوە تا ئێستا هەر دوژمنداریێتی مەودوودی و جەماعەتی ئیسلامی زۆر بێ بەزەییانە دەکەن! نەیاندەهێشت یەک فەقێیان کتێبێکی ئیمامی مەودوودی بخوێنێتەوە!! زۆر ئاسان بە دەست هەموو دوژمنانی ئیسلامەوە دەهاتن، کەچی لەگەڵ ئیمامی مەودوودی و جەماعەتی ئیسلامییدا تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانیشدا رێک نەدەکەوتن.. شێخ فەزلوڕڕەحمانی کوڕی مەولانا مەحموود کە موفتی هەرە گەورەی پاکستانە، دەروێشی بێنەزیر بۆتۆیەکی کافرە شەڕانیی بوو!
لە ئەندۆنیسیاش هەر وابوو.. دکتۆر محمد ناسری رەحمەتی عەقیدەی ئەهلی سوونەت و جەماعەتی بە جوانترین شێوە روون دەکردەوە..

تێگەیشتنی ئیسلامی خەڵکەکەی راست دەکردەوە، چوارچێوەی بانگەوازو کۆمەڵکاریی نیشان دەدانەوە، ماشۆمی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)ی پێکهێنا، پەیکەری ئیداریی بۆ بەگەڕخستنی ووزەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەندۆنیسیا داڕشتبوو، شێوازی کارکردنی فێر دەکردن.. بانگەوازو جیهادێکی پاکی راگەیاندبوو، خۆی وەکو فەرماندەی سەربازیی لە بەرەکانی شەڕدابوو.. کەچی زانایانی ئیسلام نەک هەر هاوکارییان نەکرد بەڵکو بوونە دەردەسەرییەکی گەورە بۆی.. رێکخراوێکیان بە ناوی (راپەڕینی زانایان)ەوە دروست کرد، بەڵام خۆزگە دروستیان نەکردایە.. بە هۆی ساویلکەیی خۆیانەوە دوژمن هەڵیدەسوڕاندن تا دژایەتی محمد ناسرو جەماعەتی ماشۆمی بکەن! دوژمن پارەیەکی زۆری دەخستە بەردەستیان تا ئەندامی ماشۆمی یان لایەنگرانیان بدزنەوە! بۆیە لە (١٨ ی رەجەبی ١٨٤٤ ک/ ١٩٢٦/١/٣١)ەوە کە هاشم ئەشعەریی باپیری عبدالرحمان وەحیدی (راپەڕینی زانایان) دامەزراند، هەر لە خزمەت ئەحمەد سۆکارنۆدا بوون! دوای ئەویش دەنگیان بە سۆهارتۆی کافرو خوێنڕێژ دەدا، کە لە زەمانی عبدالرحمان وەحیددا بوونە ٣٠ ملیۆن ئەندام!! دەنگیان بە حزبی فۆلکاری عەلەمانی و بە مێگاواتی کچەکەی سۆکارنۆدا!! هەر دەشبێت وابن.. چونکە لە سەردەمی هاشم ئەشعەریی دامەزرێنەریەوە راپەڕینی زانایان دژی ئەوەیە کە ئەندۆنیسیا بکرێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی بە بەهانەی ئەوەی کە غەیرە موسوڵمانیشی لێ دەژی!! عبدالرحمان وەحید ئەزهەری خوێندبوو، پاشان بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتبوو.. لە دیدارێکیدا دەڵێ بە هند رۆستەمی ژنەئەکتەری میسری سەرسامم!!

هند رۆستەمیش لە ١٩٤٩ دا کە تەمەنی بیست ساڵان بوو، لەبەر رۆڵە جینسییە پیسەکانی پێی دەوترا شاژنی ئیغراکردن!!

ئەمە هەڵوێستی مەلا بوو لەو سێ ئیمامە بیرمەندە گەورەیەی ئوممەتی ئیسلام.. جا بۆچی لۆمەی ئیتتیحادولوعولەمای پارتی و یەکێتی بکەین؟!

## بۆچی مەلاکان
## هەڵوێستی دژ لە فیکرو بزوتنەوە ئیسلامیەکانی سەردەم دەگرنەبەر؟!

چونکە دەڵێن: دەسکاری مەکە با لێمان خراپ نەبێت!!

بەڵام بۆچی وا دەڵێن؟!

لەبەر ئەوەی نایانەوێ، نازانن، ناتوانن، ناوێرن تاک و کۆو سیستمی جاهیلییەت بگۆڕن و بیکەن بە ئیسلامیی!

نایەنەوێت، چونکە نازانن.. چونکە دنیاوویستن.. بێ هیممەتن، حەوانەوەی بەرسێبەریی جاهیلییەتیان پێ خۆشترە وەک لە سێبەری شمشێری جیهاد!

نازانن کە ئەم ئیسلامە گۆڕینی ناخی تاک و سیمای کۆمەڵگەو بنەماکانی دەوڵەتی جاهیلییەت دەگۆڕێت و لە شوێنیان کەسایەتی موسوڵمان و کۆمەڵگەی ئیسلامخوازو دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دادەمەزرێنێت..

کە زانیشیان، ناتوانن کۆمەڵکارییەک بۆ ئەو ئامانجە ستراتیژێتییە دابمەزرێنن و ووزەی موسوڵمانانی بۆ بخەنە گەڕ.. چونکە متمانەیان بە خۆیان نییە، متمانەشیان بە خەڵکەکە بۆ دروست نابێت! بۆیە هەر وا دەزانن غەیری خۆیان کەمتەرخەمن و بەدەم خوتبە گۆرانیەکانیانەوە نایەن!

کە وویستیشیان و زانییان و توانیان، ئینجا ناوێرن دەسبەکار بن. ناوێرن خۆ لە بەربەست و کۆسپەکان دەن..

بۆچی وایان لێهاتووە؟!

یەکەم: لەبەر ئەو سیستمە فاشیلەی خوێندنەکەیانە، کە لە زەمانێکدا دانرابوو کە سیستمی حوکمی ئیسلام و ئەحکامی شەرع مونافیسی نەبوو.. خۆی خاوەن هێزبوو، میکرۆبی لاوازیی وەکو ئێستای موسوڵمانان لە ناخدا نەبوو.. مەیدان وەکو ئەو زەمانانەی دوایی نەبوو کە سیستمی کوفر خۆی کردە بەدیلی ئیسلامەکە.. ئەو کاتە زانایانی ئیسلام ئاسایی بوو کە بۆ فێرخوازیی لێبڕابوون، نە خەمی هێرشی دەرەکییان بوو، نە خەمی مورتەدد

بوونەوەی حاکمیان هەبوو، دەیانزانی ئوممەت دەرەقەتی هێزی دەرەکی دێت و خەمی کێشەی حاکمیش نەبوو چونکە دەیانزانی حاکم ناوێرێ کافر ببێت.
دووەم: زانایانی سەلەف هەموو موراقەبەی کاربەدەستانی حکومەتیان دەکردو هەر ناڕەواییەکیان لێ ببینانانەی لێیان راست دەبوونەوەو رێیان لێ دەگرتن.. زانایان بەشێکی سەرەکی بوون لە هێز.. هێزی ئوممەت، چونکە هەر یەکەیان و هەر مزگەوت و مینبەرێکیان وەکو (رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوروپای ئەم زەمانە) بوو.. بەڵام زانایانی دوایی وورەیان روخاو پاڵیان لێ دایەوەو ئوممەتەکەشیان بێ خاوەن هێشتەوە..
سێیەم: مەنهەجی دەرس خوێندنەکان جیاواز بوون.. زانایانی سەلەفە بە عەقیدەی یاوەران و تابعین دەستیان بە خوێندن دەکرد، بەڵام زانایانی دوایی بە مەنتیقی ئەرەستۆو عەقیدەی تەفتازانی دەستیان پێ دەکرد کە پێشتر دەتخاتە سەر گومان و دواتریش پێی چارەسەر ناکرێییت!! زانایانی سەلەف بە پێی قورئان و سوننەت دەیانزانی کە کافری شەڕانی و حاکمی مورتەدد دەبێت جیهادیان دژ بکرێت، مەلای ئەم سەردەمانەی دوایی چونکە هەر چاویان لە معاشی خۆڕایی بوو، لەگەڵ هەموو دەسەڵات و حاکمێکی داگیرکەرو ئیستیعمارو مولحیدو بێدینێکدا خۆیان دەکردە هاودەنگ.
چوارەم: زانایانی سەلەف کە سیرەیان دەخوێند بۆ ئەوەیان بوو قۆناغەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلامی فێربن و هەنگاو وەکو مێژووی ژیانی پێغەمبەری سەروەرمان صلى الله عليه وسلم هەڵهێننەوە، بەڵام مەلای ئەم زەمانە سیرەیان وەکو مێژوویەکی ساردوسڕو بەسەرچوو دەخوێننەوە، بۆیە هیچی لێوە فێرنابن.. وەکو بیرمەندو سیاسییەکانیش نین بە ئەدەبیاتی حزبیانەی عەلەمانییەت خۆ رۆشنبیر کەن و بزانن چۆن کۆمەڵکاریی دەکەن، تا دەست پێ بکەن..
پێنجەم: مەلای سونی هیچ باس و بابەتێکی زانستی سەردەم ناخوێنێت و پەی بە هیچ زانستێکی ئەکادیمی نابات، نە فیزیاو کیمیا، نە جوگرافیاو

کۆمەڵناسیی. بێ گومان نە فیکرو سیاسەتیش، بۆیە دەڵێی لە ئەشکەوتدا دەژین! پێیان وایە ئەدەبیات شیعرو پەخشانەو خیتاب خوتبەی سیاسییەو مەنگەنیس موگناتیزە!!

ئێ کۆمەڵکاریی و کۆمەڵگەو دەوڵەتیش چۆن بەو نەخوێندەوارێتییە ئاڕاستە دەکرێت!

لە بەرامبەردا بڕوانە ئەو مەلایانەی کە فیقهو فیکری سیاسییان پێکەوە وەرگرتووە، شارەزای زانستە شەرعیەکانیش بوون و درکیشیان بە ململانێ شارستانێتییەکەش کردووە. ئەوە شێخ یوسفولقەرەزاوی و شێخ عومەر عەبدوڕەحمانی میسرو شێخ مستەفا سیباعی سوریاو شێخ عەبدولعەزیز بەدریی و شێخ حارس الزاريی عێراق و مامۆستا مەلا عوسمانی رابەرو مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودی خۆمان و شێخ سەفەرولحەوالی حیجازو فەیسەڵ مەولەوی لوبنان و شێخی نەبهانی و شێخ عەبدولقەدیم زەللوم و شێخ عبدالله عەززامی فەلەستین و شێخ عەبدولمەجید زیندانی یەمەن و شێخ ئەبولحەسەنی نەدەوی هیندستان و گەوهەروڕەحمانی پاکستان و شێخ بورهانەدینی رەببانی و مەلا عومەری ئەمیری تالیبانی ئەفغانستان و شێخ محێدین کەبیری تاجیکستان و شێخ یەحیا حاجی عوسمانی مالیزیاو سەدانی تر..

* * *

## باسی سێیەم
## تۆکمەترو پشوودرێژانە
## (ئیسلامی سیاسی)

ئەمە پێناسەیەکی هەر سێ حزبی وەکو دەڵێن (ئیسلامی سیاسی)یە: ئیخوانولموسلیمین وجەماعەتی ئیسلامی پاکستان و ماشۆمی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)یە کە بە دایکی حزبە سیاسییە ئیخوانی مەشرەبەکان دادەنرێن.. وەکو حزبی ئیسلامی مالیزیاو حزبی دادو گەشەی تورکیاو حزبی نەهزەی تونس و ..هتد. کە باوەڕیان وایە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەگەنە دەسەڵاتێک کە شەریعەتی خوا جێبەجێ بکەن.

## ئیخوانولموسلیمین

گومانی تێدا نییە کە گەورەترین کاردانەوەی رمانی خیلافەت و هاتنی ئیستیعمارو دروستکردنی حکومەتی مورتەددی سەربەخۆیان، گەورەترین هیواو ئومێدێکی سیاسی کە خوای پەروەردگار لە دڵی ئوممەتەکەدا رووانديەوە ئیمام بەننای رەحمەتی و ستراتیجێتی و هەڵوێست و رەنج و جیهادی ئیخوانولموسلیمینەکەی بوو کە لە ساڵی ١٩٢٨ دا لە ئیسماعیلییە بۆ پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی و زیندووراگرتنی دروشمەکانی ئیسلام و بایەخدان بە کێشەی موسوڵمانان و هێنانەوەی حوکمی ئیسلام دروستی کرد.. کە توانی لە رووی فیکری سیاسییەوە ئەو قەناعەتە بۆ موسوڵمانان دروست بکاتەوە کە ئیسلام بەرنامەی خوایەو ئەمانیش موسوڵمانن و حەتمەن بۆیان نییە شوێن بەرنامەیەکی کوفر بکەون.. پاشان سەدان بیرمەندی دیکەی بۆ ئوممەتەکە پەروەردەکرد.. خوا پاداشتی شایانی بداتەوە.. ئامین.

ئیمام حەسەنولبەننا رحمەالله لە ساڵی١٩٠٦ لە خانەوادەیەکی دینپەروەر لەدایکبووە، تەمەنی ١٨ ساڵانبوو کە منارەی ئوممەتەکە روخاو دەوڵەتی عوسمانی - کە کۆتا سونبولی دەسەڵاتی سیاسی حوکمی مەرکەزێتی ئوممەت بوو - کەوتبووە گۆشەیەکی بیرچۆوەی مێژووەوە! ئیمام بەننا سۆراغی کاردانەوەکانی کردبوو، بەشداری کۆڕی مەزن و شکۆداری زانایان بووبوو، هەستێکی یەکجار قووڵی هەتیووی ئوممەتی لا دروست بووبوو، پەی بەوەش بردبوو کە بەو کەرەستە کۆن و سادانەی بەردەستی ئوممەت بەری ئەو لافاوە توندە ناگیرێت، زەمەنیش لە لایەنی ئیستیعمارە نەک موسوڵمانان.. خەمی خاک و خەڵکی لەبەر بوو، تا دوای چوار ساڵ لە نەمانی دەوڵەتی عوسمانی خوای گەورە بەرچاوی رۆشن کرد کە بکەوێتە پێکهێنانی رێکخراوێکی پەروەردەیی سیاسی پشوودرێژو بەرچاوڕوون،

بکەوێتە گردکردنەوەو ئاڕاستەکردنەوەی هەموو ئەوانەی وەدەنگ بانگەوازەکەیەوە دێنەوە..

نە لە خودی ئیمام بەننا و نە لە خانەوادەو نزیکانی نەبیستراوە ووترابێت کە ئیمام بەننا لە منداڵییدا خەریکی وازی و بازیی بووبێت، چ جای لە هەرزەکارییدا.. لە سەرەتای چاوکردنەوەیدابوو (لە هەشت ساڵییدا) کە جەنگی جیهانی یەکەمی بەو هەموو کارەساتانەوە بینی کە بەسەر میللەتانییدا هێنا، ئەم ئەو کاتە خەریکبوو لەبەر کردنی قورئانەکەی تەواو دەکرد. لە سێزدە ساڵییدا کتێبەکانی شەرعی دەخوێندەوە! دەچووە کۆڕی هەر مەلایەک، کۆمەڵێک زانای کۆستکەوتووی تری لابوو، هەموو باسیان لە زەرووورەتی کارکردنێک دەکرد بۆ گێڕانەوەی خیلافەت!

کە شێخ محمد حەسەنەینی جێگری شێخی ئەزهەر بابەتەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی ئەهرامدا لە ١٩٢٨/٣/٧ دا بڵاوکردەوە، کە کەمالیزمەکانی تێدا بەدرۆ دەخاتەوە کە دەیانووت: (خیلافەت ڕێی لە پێشکەوتنمان گرتووە)! کە تێیدا داوای بەستنی کۆنگرەیەکی بەرفراوانی بۆ دانانەوەی خەلیفەیەک لە زانایان وبیرمەندانی ئیسلامی کرد، بەتایبەتی لە ئەزهەرییەکان، لەو کاتەدا بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوە پەروەردەییە سیاسییەکە لە سەری ئیمام بەننادا خەملێیبوو، بۆیە هەر لەو کاتەدا یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵی ئیخوانولموسلیمینی بە هاوبیرانی کرد! لە هەمان کاتیشدا چاوەڕێی بەستنی ئەو کۆنگرەشی دەکرد، بێ ئەوەی ئومێدی خۆی پێوە ببەستێتەوە!

وەکو کە لە دۆکۆمێنتەکانی ئیمام بەنناو ئیخوانولموسلیمدا دەردەکەوێت لەو کۆبوونەوەیەدا یەکەم ڕەشنووسی دەستووری ڕێکخراوەکەی ئامادە کردبوو، کە ناوی نابوو (القانون الاساسي) واتە: یاسای سەرەکی. سەرجەمی کۆبوونەوەو دیدو بۆچوونەکانی ئیمام بەننای ڕەحمەتی لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٣١ دا کرا بە تیۆری کۆمەڵکاریی ئیخوان و هەموو پێوەی پابەندبوون..

له ماددەی دووەمی یاسای سەرەکی ئەو سەردەمەی ئیخواندا وا هاتووە کە: (ئیخوانولوموسلیمون (برایانی موسوڵمان) دەستەیەکی ئیسلامی کۆمەڵکارە، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئیسلام و هەرچی پێوەی بەندە، تێدەکۆشێت..).

لە بڕگەی (هـ)ی هەمان بڕگەشدا هاتووە کە:

(ئازادکردنی دۆڵی نیل و هەموو وولاتە عەرەبیەکان و نیشتیمانی ئیسلامی بە هەموو پارچەکانیەوە لە دەسەڵاتی هەموو بێگانەیەک، هەروەها پشتگیریی و یارمەتی هەموو کەمایەتییە ئیسلامیەکان لە هەر کوێیەک بن، وە پشتگیریی کردن ولایەنگریی تەواوی یەکێتی عەرەب و هەنگاوهەڵهێنانەوە بەرەو کۆمەڵکارێکی عەرەبی..)[31].

ڕۆشنە کە ئەم بڕگەی دوایی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵی ئیخوان کار بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە دەکەن کە ئیسلامی هێناونی و دەخوازێت بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بهێنێتە دی. سەرەکیترین ئامانجی ئیسلامیش دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامە کە سیستمی خیلافەت و دانانەوەی خەلیفەیەکی موسوڵمانە. مەبەستەکانی ئیسلامیش وەکو زانای گەورە ئیبنوخەلدوون دەفەرموێ بریتیە لە: (سەرفرازیی ڕۆژی دوایی خەڵکی، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە سنوری ڕەفتارو کردارو ئیدارەی ژیانیان بە شەریعەتەکەی خوا بکرێت.. ئەم حوکمکردنەش تایبەتە بە نێرراوانی خواو ئەو کەسانەوە کە نێرراوانی خوای گەورە دیاریان کردووە. لەمەوە مانای خیلافەتت بۆ روون دەبێتەوە کە:

- هێزو دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ئەوەیە هەمووشتێک بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە تا هەموو حەزو ئارەزووەکانی خۆییان پێ بهێنێتە دی.

---

[31] علي عبدالحليم محموود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين چ ٢ دارالوفاء ١٩٩٢ ب١ ل ٥٦

- سیاسەتیش بەکارهێنانی هەموو ووزەکانی بەردەستە بۆ هێنانەدی ئەو هیوایانەی لە روانگەی هزرو ژیرییەوە پەی پێبراوە، بۆ ئەوەی زیانەکانیان پێ دوور بخرێتەوەو بەرژەوەندییە دنیاییەکانیان پێ بهێنرێتە دی.

- بەڵام خیلافەت بۆ بەگەڕ خستنی هەموو ووزەو هێزێکە بۆ چەسپاندنی شەرع تا بەژەوەندییەکانی دنیاو دواڕۆژیی خەڵکەکەی پێ بێتەدی، چونکە هەموو بارودۆخی دنیایی بە پێوەریی قیامەتی دەپێورێت. بۆیە لە راستیدا خیلافەت بریکاریی خاوەن شەریعەتەکەیە لە پاراستنی دین و ئاڕاستەکردنی دنیا پێی)[٣٢].

پاشان دەفەرموێ: (دانانی ئیمام (خەلیفە)فەرزە، فەرزبوونیشی بە بەڵگەی شەرع بە پێی کۆڕا (ئیجماع)ی یاوەران و تابعینە، چونکە دەبینیت هەر لە ساتی یەکەمی کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم یاوەران کەوتنە راوێژی دانانی خەلیفە تا لەسەر ئەبوبەکری سددیق خوا لێی رازی بێت رێکەوتن و بۆی ملکەچ بوون و بە بڕیارەکانیەوە پابەندبوون، لە هەموو سەردەمەکانی دوای ئەوانیش هەر وارۆیشتووە، نەیانهێشتووە کاروبار بە فەوزاو گەڕەلاوژێ بڕوات، ئاوا گەیشتوونەتە ئەوەی کە حەتمەن دەبێت خەلیفەیەک دابنرێت)[٣٣].

ئەم فەرزە شەرعییە لە بیروهۆشی زانایانی ئیسلام و بیرمەندان و تەنانەت لە هەست و هۆشی عەوامی گەلانی هەموو ئوممەتی ئیسلامدا رۆشن بوو کە گێڕانەوەی سیستمی خیلافەت بۆ شوێنی رەوای خۆی لە حوکمڕانی کردنی ئوممەتی ئیسلامدا ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکەو کەمتەرخەمیی نواندن تێییدا گوناحبارییە.

حەتمەن ئەمە لای ئیمام بەننای دووربین و بە هیممەتیش رۆشن بووە.. دکتۆر عەلی عەبدولحەلیم مەحموودی مێژوونوسی ئیخوان دەنوسێت:

---

٣٢ ئیبن خەلدوون: المقدمة/ الفصل السادس والعشرون ل ١٥٠

٣٣ هەمان سەرچاوە ل ١١١.

(دانانی خەلیفە لە هەموو سەردەمانی مێژووی ئیسلام و موسوڵمانانیدا — هەر لە سەردەمانی یاوەرانەوە تا ئێستاو تا رۆژی قیامەت — بە فەرزی سەرشان دانراوە.. چونکە فەرزێتییەکەی لە دینەکەوە هاتووەو کات و شوێن کاریگەریی لەسەری نییە.. بۆیە فەرزێتی دانانەوەی خەلیفەو گێڕانەوەی خیلافەت لە وویستی ئیمام بەنناو پاشان لە هزری هەموو ئیخوانەکانی دەوروبەرییدا هەبوو.. ئیخوان — کە ئەو کاردانەوە پشێویەی لە نێوان زانایانی ئەزهەرو بیرمەندو نوەرو سیاسییە موسوڵمانەکان و گەلی میسرو عمومی رەعیەتە سەرلێشێواوەکەدا دەرهەق بە ئیلغاکردنەوەی خیلافەت دەبینی — زیاتر قەناعەتی بە فەرزێتی هێنانەوەی خیلافەت دەکرد، بۆیە هەر دەبوو ئیخوان ئەو ئەرکە شەرعییە بکاتە یەکەمین ئەرکی سەرەکی سەرشانی خۆی..[٣٤].

زۆر کەس — بە تایبەتی لە لایەنگرانی حزبی تەحریر[٣٥] — ئەوەیان لە کۆنەوە وەکو رەخنەگرتن لە ئیمام بەنناو لە ئیخوان پرسیووەو دەپرسن کە

---

٣٤ علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين چ ٢ دارالوفاء ١٩٩٢ ب١ ل٥٨.

٣٥ حزبی تەحریر کوتلەیەکی سیاسی ئیسلامییە داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەکات، تا هەموو موسوڵمانان جارێکی تر لەژێر سایەیدا کۆببنەوە. حزبی تەحریر هەر وەکو حزبێک رەفتار دەکات. لە ساڵی ١٩٥٢ دا لەسەر دەستی شێخ تەقییوددینی نەبهانی — کە قازی شەرع بوو — دروست کرا. سەرۆکایەتی حزب بە ناوی ئیمارەتەوەیە، سەرۆکی حزبەکەش پێی دەوترێت ئەمیر. ئەمیری یەکەمی حزب لە ١٩٥١ـ١٩٧٧ دامەزرێنەرەکەی بوو رحمەاللە. پاشان شێخ عەبدولقەدیم زەللوم بوو کە بە رەچەڵەک کوردەو لە شاری خەلیلی فەلەستین لە ١٩٢٤ دا لەدایکبوو، لە ١٩٤٣دا دکتۆرای لە فیقهدا هێناو لە حزبدا زۆر نزیکبوو لە شێخی نەبهانییەوە. بە ئەمیرێتی حزب مایەوە تا ١/محەڕەمی ١٤٢٤ـ ٢٠٠٣/٣/١٧ چونکە تەمەنی بووبوو بە ٨٠ ساڵ لە دوای ٤٢ رۆژ لە ٢٧/سەفەری ١٤٢٤ / ٢٠٠٣/٤/٢٩ دا کۆچی دوایی کرد رحمە اللە. دوای ئەو لە ١١/ سەفەری ١٤٢٤ ـ ٢٠٠٣/٤/١٣ عەتا ئەبو رەشتا بوو بە ئەمیری حزب کە لە ١٩٤٣ دا لە شاری خەلیل لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦١ بڕوانامەی ئەندازیاریی مەدەنی لە قاهیرە وەرگرتووەو تا ئێستا هەر ئەو ئەمیری حزبە کە پێشتر ووتەبێژیی رەسمی حزب بوو لە ئەردەن.

بۆچی ئیمام بەننا کە ئاوا دەیزانی هێنانەوەی خیلافەت فەرزە ئاشکراو راشکاوانە نەیدەووت کە من هەوڵ بۆ هێنانەوەی خیلافەت دەدەم ؟! دیسان بۆچی ئیخوان لەو کۆنگرەی ١٩٣١ ەوە تا ئێستا هەر دەڵێن حوکمی ئیسلامیمان دەوێت بەڵام ناڵێن خیلافەت؟!

لە بەندی پێنجەمی نامیلکەی ئیمام بەننا (عقیدتنا) کە لە ٢٨/شەعبانی ١٣٥٣ ـ ١٦/١٢/١٩٣٤ دا بڵاوکرایەوەو بە دۆکۆمێنتی ئیخوان هەژمارد دەکرێت هاتووە کە: (باوەڕم وایە کە زیندووکردنەوەی شکۆمەندییەکەی ئیسلام ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە، ئەوەش بە رابوونی گەلەکانیان و چەسپاندنەوەی شەریعەتی ئیسلام دەکرێت.)[٣٦].

لە بەندی حەوتەمیشدا هاتووە: (باوەڕم وایە کە خاڵی نهێنی دواکەوتنی موسوڵمانان دوورکەوتنەوەیانە لە دینەکەیان، سەرەتای چاکسازییش بە گەڕانەوە دەبێت بۆ تەعلیماتی ئیسلام و ئەحکامی شەریعەتەکەی..)[٣٧].

هەروەها لە نامیلکەی (الی الشباب)یشدا ـ کە لە ساڵی ١٩٣٦ ەوە دۆکۆمێنتی رەسمی ئیخوانە ـ ئیمام بەننا دەفەرموێ: (دوای ئەوە حکومەتێکی موسوڵمان دەخوازین کە رێنیشاندەرێتی ئەم گەلە بەرەو مزگەوت بکات.. ئێمە دان بە شەرعێتی هیچ سیستمێکی حکومییدا ناهێنین کە لە ئیسلامەوە وەرنەگیرابێت و ئیعتیمادی نەکردبێتە سەر ئیسلام.. هەوڵیش دەدەین بۆ زیندووکردنەوەی سیستمی حوکمی ئیسلامی بە هەموو دیمەن و ناوەڕۆکێکیەوە، ئینجا حکومەتە ئیسلامیەکە لەسەر بنەماکانی ئەو دادەمەزرێنینەوە)[٣٨].

خواش دەیزانێت رەنگە پێی وا بووبێت کە مەرج نییە حوکمی ئیسلام هەر بە سیستمی خیلافەت و دەزگاکانی وەزارەتی تەفویزو وەزارەتی تەنفیزی

---

٣٦ علي عبدالحليم محموود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين چ ٢ دارالوفاء ١٩٩٢ ب١ ل٥٩.
٣٧ هەمان سەرچاوە.
٣٨ هەمان سەرچاوە ل ٦٠.

بێت، بەڵکو دەشێت لەوەشدا ئیجتیهاد بکرێت، هەر وەکو کە هەندێک موسوڵمان لە کۆن و نوێدا پێیان وابووە کە چەسپاندنی شەرع فەرزەکەیە نەک شێوازێکی دیاری کراوی حوکمڕانی و ئیدارەی دەسەڵاتی سیاسی..

دەشێت باوەڕی پێبووبێت کە خیلافەت سیستمێکی رەسەنی خودی ئیسلامەو حەتمەن دەبێت لەسەر شێوازی سەردەمی یاوەران و تابعین دابمەزرێتەوە، بەڵام ئەو هێرشە ئیستیعمارییە سەختەی وەکو لافاوی دژوار هاتبووە سەر ئوممەتی ئیسلام و سیستمی خیلافەت و حوکمی ئیسلامی لە ریشەوە هەڵکەندبوو، هەموو ئەو دەوڵەتە ئیستیعمارییە سەرکەوتووانەی رۆژئاواش لە سەنگەردابوون بۆ هەر کەسێک یان کۆمەڵێک هەوڵی دانانەوەی خەلیفەیەک - با رەمزییش بێت - بدەنەوە.. ئیمام بەننای ویستبێت خۆی لەو تین و فشارە نێودەوڵەتییە کاریگەرە بپارێزێت، بە تایبەت تین و فشاری راستەوخۆی بەریتانیا کە لە میسردا بووبوونە حاکم و وورده وورده خۆیان راستەوخۆو بەکرێگیراوەکانیان بە شێوەیەکی لاوەکی بەوپەڕی جورئەتەوە دەزگاکانی حوکمی ئیسلامییان رادەدایە کەنارو بەدیلی ئیستیعمارییانەی خۆیان دەخستە شوێنی..لە حوکم و داوەرییەوە تا دەگاتە سیماو رواڵەتی دەرێی ئافرەتی موسوڵمان کە حیجابیان پێ داناو روویان پێکردە سفووریی..

لەوانەشە هەنجەتی تر هەبووبێت، بەڵام هەرچییەک هەبووبێت پێم وایە بیرمەندو سیاسییەکانی دوایی ئیخوان - ئەگەر بیانوویستایە - وەکو حزبی تەحریر دەیانتوانی بیکەنە دروشمێکی سەرەکی ئامانجی ستراتیژێتی خۆیان..

هەر لێکدانەوەیەک بۆ ئەمە بکرێت لە جەوهەری کێشەکە کەم ناکاتەوە کە ئیمام بەننای رەحمەتی و ئیخوان لادانی حوکمی شەرعییان لە سیاسەت و داوەرییدا بە کارەساتێکی گەورەی ئوممەتی ئیسلام زانیووەو هەموو

هەوڵێکی سەرڕاستانەیان بۆ گێڕانەوەی حوکم بۆ شەریعەتی ئیسلام داوە.. ئەمەش کرۆکی مەبەستەکەی ئێمەیە.

ئیمام بەنناو بیرمەندانی سەرەتای کۆمەڵکاریی ئیخوانولموسلیمینی لە میسرو وولاتانی تری عەرەبی هۆکاری سەرەکی داڕشتنەوەی زەمینەی فیکری سیاسی بوون لەناو نەوەکانی نوێی ئەم ئوممەتەدا.. ئیمام بەنناو بیرمەندانی یەکەمینی ئیخوان هەموویان لەو قەناعەتەدا بوون کە دەسەلاتی سیاسی ئیسلامی کە بە سەدان ساڵ پێکەوەنراوە، لە ماوەی مانگ و ساڵدا نەڕوخێنراوەتەوەو تەنها هۆکاری دەرەکی هۆی رماندنی نییە، بەڵکو دەیان هۆی ناوەکیش هەیە لە سەرەتایانەوە نەزانین و تێنەگەیشتنەوەی ئیسلام و پێوەپابەندنەبوونی سەرڕاستانەو هەوڵ بۆ نەدان و وازهێنان لە روکنە سەرەکییەکانی وجودی ئیسلام کە تەوحیدو سیاسەت و جیهادە.. بۆیە ئەوان ئاوا بە پشوودرێژانە کەوتنە کۆمەڵکارییەکی پەروەردەکارانەی فیکرو سیاسەت و بانگەوازو لە پێناوییدا هەرچی ناسۆرێک بەسەر خاوەن فیکرو سیاسەتدا دێت، بێباکانە لە پێناوی خوادا چێشتیان، هەر لە تیرۆرکردنی ئیمام بەنناو ئیعدامی کەڵەپیاوانی ئیخوان و ئیسلام وەکو سەیید قوتب و عەبولقادر عۆدەو زیندانی دەیان ساڵەی پیاوانی دڵسۆزو پاکی ئیخوان بۆ مەحرووم بوونی هەزاران ئەندامی خێزانە ئیخوانیەکان و هەتککردنی ناموسی خوشکان و دایکانیان و کەناردان و سووکایەتی پێکردن بە نەوەکانیان..

لەبەر ئەوەی ئەوانەی بەیعەتی خواوویستانەیان بە ئیمام بەننا دابوو سەرڕاستبوون، خاوەن هیممەت وئازاو چاونەترسبوون، تەحەممولی هەموو ناسۆرەکانیان کردو کۆسپە سەرەکیەکانی سەررێی بانگەوازەکەی خۆیانیان بڕی. حەملەی ستەمی دامودەزگای داپڵۆسینی مەلیک فارووق وعەبدونناسرو سادات وحوسنی موبارەک بە ئیعدام و ئەشکەنجەو مەحرومبوون زیادی کرد لەسەر ئیخوانی میسر.. هەمان حەملەی ریشەکێشکردنی تاغوتانی وولاتانی

تر لەسەر لقەکانی کۆمەڵکاریی ئیخوان بە تایبەتی لە شەستەکان تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابوردوو بەردەوامبوو، زۆری لە رێگادا شەهید کردو کەناری دان و وازی لە ئیخوان پێهێنان، بەڵام رێبەریی ئیخوان رەنج و خەباتی سیاسییانی هەر بە رێکخراوەیی تۆکمەو پتەو هێشتەوە.. تا ئیخوان بووە مەدرەسەیەکی فیکرو سیاسەت و کۆمەڵکاریی پەروەردەو ئاڕاستەیەکی ململانێی شارستانێتی نەبەز.. ئیخوانولموسلمین دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ دا رێکخراوی نێودەوڵەتییان بۆ لقەکانیان دروست کرد، بۆیە ئێستا لە میسر سێ ملیۆن ئەندامیان هەیەو لە ٦٣ وڵاتی جیهاندا لقیان هەیە..

## نموونە لە بەرنامەی ئیخوانولموسلیمین[٣٩]

پێی دەوترێت: (قانون النظام الاساسي للجماعة)، لە ٢ ی شەووالی ١٣٦٤ ک/ ١٩٤٥/٩/٨ لە کۆنگرەی (الجمعية العمومية للاخوان المسلمين) لە بارەگای مەڵبەندی لاوانی موسوڵمان (دار المركز العام للشبان المسلمين) بەسترا. لە هەشت (باب) و ٦١ مادده پێک دێت.. لەوانە:

١- ئامانج و هۆکار.

٢- ئەندامێتی و مەرجەکانی ئەندامێتی و بەیعەتدان. کە زیاتر تەرکیز دەکاتەوە سەر لایەنی پارسەنگی رەفتارو رەوشت و دینداریێتی ساغ.

٣- ئۆرگانە ئیدارییەکانی ئیخوان: (رابەری گشتی (کە مەرجە تەمەنی لە ٣٠ساڵی هیلالی کۆچی کەمتر نەبێت و پێنج ساڵی لەناو رێکخستنەکانی ئیخواندا بردبێتەسەر)، مەکتەبی گشتی ئیرشاد (وەکو مەکتەب سیاسی حزبەکانی کوردستانە)، دەستەی دامەزرێنەران، کە بریتییە لە ئەنجومەنی گشتی شورا (وەکو مەکتەبی سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستانە). هەموویان بە هەڵبژاردن دێنە سەرەوە.

٤- پەیکەری ئیداریی لق و ناوچەکان. هەموو بەرپرسێک کە لێپرساروێتی نوێ وەردەگرێت بەیعەت نوێ دەکاتەوە.

٥- پەیوەندی نێوان مەرکەزی گشتی و لقەکان. مەکتەبی ئیرشاد بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر کردنەوەی لق یان داخستنی بدات.

٦- سیستمی گشتی دارایی. دارایی لق و بەشەکان لە پارەی بەخشینی ئەندامان و زەکات و خێروخێراتی خۆیان و یارمەتیدانی سەرکردایەتی پێک دێت.. هەر پارەیەک بە ئاگاداری مەکتەبی ئیرشاد کۆبکرێتەوە، تەرخان دەکرێت بۆ ئەو پرۆژەی بۆی کۆکراوەتەوەو زیادەکەشی دەچێتەوە دارایی گشتی.

٧- بەش و لقەکان هەر دوو ساڵ جارێک کۆنگرەی خۆیان دەبەستن.

---

[٣٩] علي عبدالحليم محموود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين چ٢ دارالوفاء ١٩٩٢ ب١ ل ٢٤٥

## نموونه له پێڕەوی ناوخۆی ئیخوانولموسلیمین[40]

پێی دەوترێت: (اللائحة الداخلية العامة للجماعة)، کۆتا دەسکریکردنەوەی لە ٢ ی سەفەری ١٣٧١ ک/ ١٩٥١/١١/٢ دا بوو.. سێ (باب) و ١٠٤ ماددەیە. لەوانە:

١ـ مەکتەبی ئیداری ناوچەیەک دەبات بەڕێوە کە پێک دێت لە کۆمەڵێک ناوچە، هەر ناوچەیەکیش چەندین لقە. لقیش دابەش دەبێتەوە ئوسرە، ئوسرەش بۆ پێنج ئەندامی رەسمی، کە بریتین لەو کەسانەی بە رەسمی بوون بە ئەندام و ئەوانەش کە هێشتا ئەندامی رەسمی نین و لە شانەی کراوەدان.

٢ـ ماددەی حەوتەم: مەرجەکانی ئەندامێتییە، کە دەبێت لە ١٨ ساڵ کەتر نەبن.

٣ـ ماددەی سییەم باسی مەکتەبی ئیرشادە کە لە مەکتەبی ئیداریی گەورەترەو سەرپەرشتی بانگەوازو ئاڕاستەو موراقەبەی گشتی رێکخستنەکانی ئیخوان دەکات.

٤ـ بەش و لیژنەکانی مەکتەبی ئیرشاد: دە بەش و شەش لیژنەن، لە بەشی بانگەوازو بەشی کرێکاران و بەشی جوتیارانەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە بەشی پیشەکان و بەشی خوشکان (کە لە ساڵی ١٩٤٨ ەوە لائیحەی تایبەتی خۆیان هەیە). لیژنەکانیش لە لیژنەی دارییەوە باس دەکات تا لیژنەی ئامار.

٥ـ پەیوەندی ئیداری و دارایی ئۆرگانەکان و مەرکەزی رێبەریی..

* * *

---

٤٠ علي عبدالحليم محموود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين چ٢ دارالوفاء١٩٩٢ ب١ ل٢٧٢

## دوو مەدرەسەی تری ئیسلامی سیاسی

وەک چۆن دیدی ئیخوان بووە ئەو مەدرەسەی چەندین شێوازی کۆمەڵکاریی تری لێوە پەیدابوو.. بە تایبەتی لە وولاتانی عەرەب و وولاتانی عەجەمی دراوسێیاندا وەکو تورکیاو ئێران و کینیاو سۆمال و نەیجیریاو وولاتانی تر.. بە هەمان شێوە دوو رێکخراوی تری وەکو ئیخوان گەورەو گرنگ و کاریگەر لە باقی ناوچەکانی جوگرافیای ئوممەتی ئیسلامدا هاتنە کایەوە، کە بریتین لە جەماعەتی ئیسلامی نیوەدۆرگەی هیندستان و ماشۆمی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا) لە باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا.

.....ـــــــ.....

## جەماعەتی ئیسلامی

ـ **جەماعەتی ئیسلامی**: كە بە رێبەری ئیمامی مەودوودی رحمەالله لە ساڵی ١٩٤١ دا لە هیندستان دامەزراو پاشان هەر لەسەردەمی ئەودا لە هەموو وولاتانی هیندستان و پاكستان و بەنگلادیش و سریلانكاو میانمارو ئەفغانستان و سەرووتردا لقی كردەوە..

**هۆكارە كاریگەرەكانی دروست بوونی جەماعەتی ئیسلامی**: جەماعەتی ئیسلامی پاكستان خۆی بە درێژكراوەی رەنج و جیهادی رێبەرە موسوڵمانەكانی هیندستان دەزانی و هەستی لێپرسراوێتی پاراستنی یەكێتی فیكریی موسوڵمانانی خستبووە سەرشان، وەكو ئەوەی قەناعەتی بەوە هەبێت كە زیانیان لە نیوەیدا بگەڕێتەوە، چونكە دەسەلاتی سیاسی شەش سەد ساڵەیان لەدەست چووبوو..

لە هیندستاندا دەوڵەتی ئیسلامی زۆرو جۆراوجۆر دروست بوو، پاشاو سوڵتانی زۆر حوكمڕانیان كردن، هەیانبوو ستەمكارو تاوانبار وەكو مەلیك ئەكبەر (٩٦٤ـ ١٠١٤ ك/١٥٥٧ـ١٦٠٧ ز) كە هەموو دەسەلاتی سیاسی خۆی بۆ ئینحیراف و دەرچوون لە ئیسلام تەرخان كردبوو.. سیماو جەوهەری كوفرینی زۆری نیشاندابوو، جارێك خۆری بە مەزن دەزانی و جۆرێك لە پەرستنی بۆ دەكرد، جارێك مانگ و جارێكیش خوای كردگار! دیدەوانانی كۆڕی خۆی ناچاری سوجدەبۆ بردنی دەكردن. شەراب و زیناو سووی حەلاڵ كردبوو، لەبەر دڵی هیندۆسەكان رێی لە سەربڕینی مانگا گرتبوو.. ئەم گومڕاییەشی ناو نابوو (دینی ئیلاهی ئەكبەرشاهی) و خەڵكی ناچار دەكرد پێوەی پابەندبن.. زۆریشی لە زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی چەوساندەوە لەوانەی دژی گومڕاییەكانی دەدوان و هەڵوێستی پێچەوانەیان دەگرتەبەر!

سەرباری ئەم ناهەموارێتییەی سیاسەت و حوكم، زانا زۆر كەم بووبوونەوە، بە دە هەزار كەس مەلایەكیان بەرنەدەكەوت! حوجرەكان فەقێیان كەم دەبۆوە، مەلا نەیدەتوانی مەلایەتیش بكات و كاسبیش بكات..

ئەو مەلایانەی کە هەشبوون کەڕوکونتێی مەزهەبی حەنەفی بوون، ئەقڵیان بە گەڕانەوە سەر قورئان و سوننەت نەدەشکا، زۆرینەشیان هەر نەیاندەزانی چۆن ئەحکامی شەرعی لەو دوو سەرچاوە پاکەوە وەردەگیرێت!

لەسەر ئەم بێکەسییەوە نەزانینێکی تاریک دڵ ودەروونی خەڵکی گرتبۆوە، شیرکیاتێکی سەیر بە ناوی سۆفیگەرێتیی و عیرفانەوە بە ناو دینداراندا دەهاتودەچوو! زۆرینەی شێخی تەریقەو عەوامی دینداران کەوتبوونە ژێر کاریگەریی عەقیدەی شرکیاتی هیندۆس و سیخ و دینەکانی تری هیندستان.. باوەڕیان بە (وەحدەتی وجود) هەبوو، واتە دەشێت خالق و مەخلووق ببن بە یەک! یان باوەڕیان هاتبووە سەر (کۆپیکردنی رۆح)! واتە وەکو سیخ و بودایی لو باوەڕەدابوون کە رۆحی پیاوچاک دەچێتە جەستەی کەسانی تری ژێرو پارسەنگ، رۆحی خراپەکارانیش دەچێتە ناو جەستەی سەگی رەش و بەرازو گیانلەبەری دڕندە!!

بەڵام لە تاریکستانی شەوەزەنگی ئەم گومڕایی و بێکەسییەدا چەند مەلیکێکی پیاوچاکی وەکو فەیرووز تەغلەق (٧٥٢ـ٧٩٠ ک/ ١٣٥١ـ١٣٨٩ ز) و مەلیک ئۆرەنگ زیب جیهانگیر (ئۆرەنگ زیب واتە: جوانی شاهان) (١٠٢٨ـ١١١٨ ک/ ١٦١٩ـ١٧٠٧ ز) کە ٥٢ ساڵ حوکمی دادپەروەرانەی کردو لە تەمەنی ٩٢ ساڵییدا کۆچی دوایی کرد.. دەیان زانای بلیمەتی مێژووییش دەرکەوتن کە زۆر بە قووڵی لە دین و واقیعەکە تێگەیشتبوون، ئاسەواری بانگەوازەکانیان بۆ سەد ساڵ بڕی کرد. لەوانە :

١ـ <u>**ئیمام سەید ئەحمەدی سەرهەندی** (٩٧١ـ ١٠٣٤ک/ ١٥٦٣ـ١٦٢٥ ز)</u>: زانای شایانی ئیمامەت و ئیجتیهاد شیاوی نازناوی (نوێکاری هەزارەی دووەم) وەکو شێخ ئەبولحەسەنی نەدەوی دەفەرموێ[41] لە ناوچەی سەرهەندی هیندستان لە خێزانێکی دینپەروەرو زانا لەدایکبوو، باوکی شێخی تەریقەی قادری بوو، بەڵام شەرعناس بوو، زۆرینەی زانستە شەرعیەکانی بە سەید ئەحمەدی

---

٤١ ابوالحسن الندوي: الامام السيد احمد السرهندي ـ دارالقلم الكويت ١٩٩٤ ل ٥.

کوڕی ووتەوە ئەمیش وەکو منداڵێکی وووریاو گەنجێکی پڕ هەستی بەرپرسی شەووڕۆژی دایە دەم یەک تا لە تەمەنی ١٧ ساڵییدا ئیجازەی مەلایەتی لە زانستیە شەرعیەکاندا وەرگرت و بوو بە مەلا، پاشان ئیجازەی شێخێتیشی دایە کە ببێتە شێخی تەریقەتی قادریی.. ئینجا بۆ وەرگرتنی زانستی زیاتری شەرع ناردی بۆ دەهلی.. لەوێ چووە خزمەت شێخ عبدالباقی بەدەخشی و لەوێ بوو بە شێخی نەقشبەندی..

کە باوکی کە لە ساڵی (١٠٠٧ک/ ١٥٩٩ ز) دا کۆچی دوایی کرد، ئینجا ئەم چووە حەج و دوو ساڵ لەوێ بۆ وەگرتنی زانستی زیاتری شەرع مایەوە.. کە گەڕایەوە ڕێبازێکی جوانی لە هیندستاندا دانا کە تا ئێستاش مەدرەسە شەرعییەکانی ئەو وولاتانە لەسەری دەڕۆن، ئەویش دەرسدادانی پەروەردەی دەروونە (تەزکیەی نەفس) بۆ قوتابیانی شەرعناسیی.. بۆیە ئەو مەلایەی لەم مەدرەسە دەردەچوو، خواناسیشی زۆر باش دەبوو.. هەر ئەم سیستمەشە دەبینیت لە تەکیەکانی بیارەی لای خۆشماندا هەیە.. ئەمە لە تەریقەتی قادرییدا کەمتر دەبینرێت..

ئەم زانا بەڕێزو بەهێزە لە نیوەی دووەمی حوکمی مەلیک ئەکبەری ستەمکارو نەفام و مونحەریفدا (٩٦٤ـ ١٠١٤ ک/١٥٥٧ـ١٦٠٧ ز) لەدایکبوو، بەڵام لە سەردەمی مەلیک جیهانگیری کوڕی ئەکبەری مونحەریفدا بانگەوازەکەی پەرەی سەند، کە ئەویش وەکو ئەکبەری باوکی مونحەریف و موشریک و ستەمکاربوو.. بۆیە هەر زوو شێخی سەرهەندی خستە زیندان و بەرهەڵستی بانگەوازە ئیسلاحییەکەی کرد.. پاشان ناچاری ئازادکردنی بوو.. لە کۆتایی ژیانی ئەم پیاوە مەزنەدا مەلیک خورەمی کوڕی مەلیک جیهانگیر کەوتە ژێر کاریگەریی بانگەوازەکەی ئیمامی سەرهەندیی و کردی بە ڕێبازی خۆی و کاربەدەستانی دەوڵەتەکەی.. بەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ چاکسازیی داڕشت کە بۆ مەلیک عالەمگیریی کوڕی چاکی (١٠٧٨ـ١١١٨ ک/ ١٦٦٨ـ١٧٠٨ ز)

مایەوە، کە ئەویش لەسەر سیرەی باشی باوکی ڕۆیشت و زانستی شەرعیی بوژاندەوەو بە دادی شەرع ئاهێکی کامەرانی خستەوە ناو موسوڵمانانەوە..

**٢ـ ئیمامی وەلییواللەی دەهلەوی (١١١٤ـ١١٧٦ ك/ ١٧٠٢ـ١٧٦٤ ز)** ئەحمەد وەلییواللەی کوڕی عەبدوالرحیمی عومەری دەهلەوی.. ئیمامی پێشڕەوانی عەقیدەی پاکی ئەهلی سوننەتوجەماعەت، پێشەوای تەفسیرو فەرموودەوانی، دەریای قووڵی فیقهو ئوسوڵ، تاقە زانای بێهاوتای هەموو هیندستان.. باوکی هەر زاناو عبدالعەزیزی کوڕیش خەریکبوو دەگەیشتە مەنزیلەی باوکی!! ئیمامی وەلییواللەی دەهلەوی لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرت! هەر کەس کتێبی (حجة الله البالغة)کەی بخوێنێتەوە دەزانێت چ دەریایەکی هەموو زانستە شەرعیەکان بووە..

پێشەوای گۆڕانکاریی بوو، سەدان جۆر بیدعەی ژێرخاک ناو سەدان سوننەتی لە شوێنیان گەشاندەوە.. شوێنکەوتووانی بە هەزرارن مەلاو بە ملیۆنان شوێنکەوتوو بوون!

ئەم پێشەوا بەڕێزە کاریگەریی زۆری لە زانایانی سەردەمی خۆی کرد..

ئەوەی کاریگەریی دیدو ڕێبازو هەڵوێستی ئەم ئیمامە بەهێزەی وەکو خۆی بۆ زیاتر لە سەد ساڵ ڕاگرت دوو ئیمامی تری بەڕێزبوون: سەیید ئەحمەدی شەهید( خاوەنی کتێبی الصراط المستقیم)و سەیید ئیسماعیلی شەهید (خاوەنی کتێبی منصب الامامة).. کە هەردووکیان لە جەنگێکی دژی سیخدا لە ساڵی (١٢٤٦ ک/ ١٨٣٠ ز) شەهید بوون..

ئیمامی مەودوودی دەربارەیان دەفەرموێ: هەردوو شەهیدو بزوتنەوەکەیان هەر درێژکراوەی بزوتنەوە ئیسلاحییە گەورەکەی ئیمامی وەلییواللەی دەهلەوی بوون.)[٤٢].

**سەرەتای ئیستیعماری بەریتانیایی:** لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمی زاییندا ئینگلیز بە ناوی کۆمپانیای بازرگانییەوە جێپێی خۆی لە هیندستان قیام کردبوو..

---

٤٢ الشیخ مسعود الندوي: تاریخ الدعوة الاسلامیة في الهند ل ١٧١.

که پێی کرایەوەو هەنگاوی گەورەو دژواریی بۆ پچڕینی دەسەڵات نا.. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەڵاتێکی کردەوەیی کەوتبووە بەر دەست بۆیە ئیتر بەریتانیا نەوەستا تا سوپای خۆی گەیاندە هیندستان و خۆی کرد بە حاکمی وولات و بە هەزاران گەنجی ئەو گەلانەی کرد بە سەربازی خۆی!!

**بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی هیندستان** (١٢٧٣ ك/ ١٨٥٧ ز):

هەست بە زوڵم و چەوسانەوەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریی ئینگلیز بووبوو بە کاردانەوەیەکی پەنگخواردوو تا لە ساڵی (١٢٧٣ ک/ ١٨٥٧ ز) دا بوو بە شۆڕشێکی خوێناوی سەراپای وولات.. شۆڕشەکە بە سەرۆکایەتی فەرماندە موسوڵمانەکان بوو، چونکە ئەوان لە روانگەی دینەکەوە ئیستیعماری ئینگلیزییان بە ئەغیار دەزانی و هەستیان بە ستەمێکی زۆرتر کردبوو کە لێیان کرابوو.. شۆڕشەکە چەندین مانگی خایاند، تا لە کۆتاییدا ئینگلیز سەرکەوت و مەلیک جیهانگیری فەرماندەی شۆڕش بە دیل گیراو نەفی کرا بۆ بورما (میانماری ئەمڕۆ). بەمەش بە یەکجاریی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی لە هیچ شوێنێکی هیندستاندا نەما.

لەگەڵ ئەم کارەساتەشدا موسوڵمانان بە پێی سروشتی دینەکە هەر دەبوو لە هەوڵی سەرەکییدا بن تا ئەوەی لە دەستیاندا ماوە وەکو دەسەڵاتەکە لەدەستیان دەرنەچێت، بۆیە کەوتنە بزوتنەوەیەکی زانستی و بڵاوکردنەوەی بیروهۆشی ئیسلامی و چەندین فێرگەی سەرەکییان دانا کە تا ئێستاش سەرچاوەی پێگەیاندنی فەرماندەو بیرمەندو زانای شەرعناسییە، وەکو:

- **زانکۆکانی دێوبەند**: کە شوێنکەوتووانی ئیمامی وەلییواللەی دەهلەوی دوای دە ساڵ لە شکستی شۆڕش لە (١٢٨٣ ک/١٨٦٧ ز) کردیانەوە، کە زانستیە شەرعیەکان بخوێنن و بایەخی زۆرتر بە فیقهـ لەسەر مەزهەبی حەنەفی بدەن.

- **زانکۆی عەلیکرە**: دوای بیست ساڵ لە شۆڕشەکە لە (١٢٩٣ ک/١٨٧٧ ز) بە سەرپەرشتی سەیید ئەحمەدخان (١٢٣٢ـ١٣١٦ ک/ ١٨١٧ـ١٨٩٨ ز) دامەزرا بەرنامەو ئاڕاستەی ئەم زانکۆیە بۆ پێکەوە سازاندنی زانستیەکانی سەردەم

بوو تا موسوڵمانان بتوانن لەگەڵ ئەم شارستانێتییەی ئیستیعماردا هەڵکەن و سوودی لێ وەرگرن.

- **کۆمەڵەی نەدوەی زانایان**: دوو مەدرەسەی پێشوو شێوازی کۆن و نوێی فێرکردن و پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنیان گرتبووە بەر . کۆمەڵێک زاناو بیرمەندی تر لە نێوان هەردوولایاندا ئاڕاستەیەکی تریان هێنایە کایەوەو کە رایانگەیاند بەرنامەیان بریتییە لە (چاکسازیی لە مەنهەجی مەدرسەکانی فێرخوازیی، تا شیاوی خوێندنی قورئان و سوننەت و زانستیەکانی سەردەم دەبن..). دوای پەنجا ساڵ لە کردنەوەو چالاکی ئەم کۆمەڵە شێخ شبلی نەعمانی پەیدابوو کە لقێکی زانستی شەرعی تایبەتی بە ناوی (دارالعلوم) دامەزراند.. ئێستا زیاتر لە سێ سەد لقی لە نیوەدۆرگەی هیندستاندا هەیە.. هەموو سەرکردایەتی تالیبانی ئەفغانستان دەرچووی ئەم مەدرەسەیەن..

.....- - - - -.....

لەم مەدرەسەو بارودۆخانەوە کۆمەڵێک بیرمەندی گەورە پەیدابوون لەوانە:

- **ئەبولکەلام ئازاد** (١٣٠٦-١٣٧٧ ك/ ١٨٨٨- ١٩٥٨ز): ناوی خۆی ئەحمەدی کوڕی خەیرەدینە دایکی عەرەبەو لە شاری مەککەی پیرۆز لەدایکبووەو لە شاری دەلهی کۆچی دوایی کردووە. گەنجێکی زیت و وورياو زیرەک، پڕ لە زانستیەکانی قورئان و سوننەت، شارەزا لە واقیعی خۆی، ووتاربێژێکی بێ وێنەو نوسەرێکی کاریگەر، لەبەر ئەوەیە کە نازناوی ئەبولکەلام (خاوەن قسە یان قسەزان)ی بەسەردا دراوە! زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئۆردۆو ئینگلیزی بە رەوانی دەزانی، گۆڤاری (هیلال)ی دەردەکرد کە لەو سەردەمەدا ٢٥،٠٠٠ دانەی لێ دەفرۆشرا، ئەوەش تیراژێکی زۆرزۆرە بۆ ئەو سەردەمە کە خوێندەواری کەم بوو.. زۆرجار زیندان کراو نەفی کرا.. زۆر ویلایەتی لێ قەدەغەکرا.. لە بەشی بەنگلادیش ماوەیەک جێگیربوو، لەوێ هەموو قورئانی تەفسیرکردو بڵاوی کردەوە.. بەردەوام لە سەرۆکایەتی

کۆمەڵکاریی کاریگەردا مایەوە. دوای سەربەخۆیی هیندستان ١٩٤٧ تا ١٩٥٨ بۆ ماوەی یازدە ساڵ لە حکومەتی هیندستاندا وەزیری مەعاریف (پەروەردەو خوێندنی باڵا) بوو.

- **محمد ئیقبال:** (١٢٨٩-١٣٥٧ ك/ ١٨٧٣-١٩٣٨ ز): ئیقبالی کوڕی شێخ نوورمحمد، لە شاری سیالکۆتی پاکستان لەدایکبوو، پەنجابی و عەرەبی و فارسی و ئۆردو ئینگلیزی و ئەڵمانییەکی رەوانی دەزانی، چونکە دکتۆرای لە فەلسەفەدا لە شاری میونیخی باشووری ئەڵمانیا وەرگرتبوو.. خاوەنی شیعرو ئەدەبێکی زۆر باڵاو دیدێکی فەلەسەفی زۆر قووڵە.. بەکالۆریۆس و ماستەرەکەی لە ئەدەبدایە.. چووە بەریتانیاو بڕوانامەی تری لە مافناسییدا بە ئیمتیازەوە لەوێ هێنایەوە، چووە ئیسپانیاو ئیتالیاو موحازەرەی لە قورتوبەو رۆماداو کەسانی وەکو مۆسۆلینی حاکمی ئیتالیا زۆر پێی سەرسام بووبوو، چووە میسرو حیجازو ئەفغانستان.. لە هەموو وڵاتێک وەکو سەرۆکێک پێشوازی لێ دەکرا.. دوای گەڕانەوەی لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٠٨ دا بوو بە سەرۆکی پەیوەندی موسوڵمانان (موسلیم لیگ) کە ئێستا لە پاکستان نەواز شەریف سەرۆکێتی. وەکو پیشەش لەشاری لاهوری پاکستان بووبە پارێزەر. یەکەمین سەرکردەی موسوڵمانبوو کە داوای جیابوونەوەی موسوڵمان و هیندۆسی کرد.. ئەویش ناوی پاکستانی بۆ هەڵبژارد بەڵام بە چاوی خۆی نەیبینی، چونکە دە ساڵ پێش جیابوونەوەی پاکستان کۆچی دوایی کرد.. ئەو رۆژەی ئەو کۆچی دوایی کرد هەر هەموو دائیرەکانی دەوڵەت داخران، دوکان و بازاڕەکان داخران، دەتووت هەموو خەڵکی لاهور لەبەردەمماڵەکەی ئەودا کۆمەڵبوون.. نەک هەر لاهور، هەموو هیندستان بە موسوڵمان و هیندۆسیەوە بۆی خەمبار بوون.. تەنانەت تاگۆری شاعیری گەورەی هیندستان کە هەواڵی مردنی ئیقبالی درایە، ووتی: (کۆچی دوایی ئیقبال بۆشاییەک جێ دەهێڵێت وەکو قووڵی برینە، ماوەیەکی زۆری دەوێت تا پڕ

دەبێتەوە. کارەساتی کۆچی دوایی شاعیرێکی جیهانی وەکو ئیقبال ئەوەندە بەخەمە هیندستان بە تەنها تەحەممولی ناکات)!

ئیقبال رەحمەتی خوای لێ بێت بیست کتێبی لە سیاسەت و ئابووری و پەروەردەو فەلسەفەو فیکردا جێهێشتووە جگە لەو دیوانە شیعریانەی جێی هێشتوون کە بە هۆیەوە ناونرا شاعیری ئیسلام.. سەیر لەوەدایە ئەم هەڵۆ بەرزفڕە بەو خێراییە گەیشتە لوتکەو ئەو هەموو ئاسەوارەی جێهێشت، تەمەنیشی نەچووە ٣٣ساڵ!!

.....-----.....

## دوو دەزگای تری سیاسی کاریگەر

### ١- کۆنگرەی نیشتیمانی هیندستانی:

کۆنگرەی نیشتیمانی حزبێکی چوارچێوەفراوانی ئازادیخوازی نیشتیمانی بوو، خەڵکی هیندستانی بە هەموو جۆرە دین و دیدەکانەوە تێدابوو.. داوای سەربەخۆیی هیندستانی دەکرد، زۆرینەکەی هندۆکی بوون، لە رواڵەتدا لەگەڵ موسوڵماناندا هاوسەنگەربوون. ئینگلیز داوای لەکۆنگرە کرد کە دەستوورێک بۆ وولاتەکەیان بنوسن.. کە نوسرا جیاوازییەکی گەورەی خستە نێوان موسوڵمانان و هندۆسەکانەوە، بووە مایەی ململانێیەکی خوێناویی و سەری کێشا بۆ دوو لەتکردنی وولاتەکەیان..

موسوڵمانەکانیشی لەناو خۆیاندا کردە دووبەش: هەندێکیان بە رێبەری شێخ ئەبولکەلام ئازادو جەمعیەتی زانایان لایەنگری دەستوورەکە بوون، ئەوانی تریش بە سەرۆکایەتی محمد عەلی جەناح بەرهەڵستکاری بوون. سەرەنجامی ئەم ناکۆکییە ناوخۆییەش ئەوەبوو کە جەمعییەتی زانایان متمانەی موسوڵمانانی لەدەست خۆیداو کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەکەیان کەمبۆوە.. لەولاشەوە ئەوانەی رێبەریی موسوڵمانانیان کەوتە دەست خاوەن غیرەتی دینی و جوامێریی بوون، بەڵام لە لایەنی تێگەیشتنی ئیسلام وزانستی شەرعییەوە ئاستی هەرەخوارەوەیان هەبوو! عەلەمانیی و غەربزەدەکانیش (ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی رۆشنبیریی

ئیستیعمارو دیدو رێی رۆژئاواوە) لەم لایەنەیاندا بووبوونە ئەندام و ئاڕاستەوانی سەرەکی!! ئەمەش ئەوەندەی تر کێشەکەی لە ناو موسوڵمانانداا ئاڵۆز کردبوو..

**٢- کۆمەڵەی رابیتەی ئیسلامی (موسلیم لیگ):**

لەبەر ئەوەی موسوڵمانەکانی هیندستان هەستیان دەکرد کە ئاست و پلە کاریگەرەکانی حزبی کۆنگرەی نیشتیمانی هیندستان دراوە بە هندۆسەکان. بۆیە موسوڵمانەکان لە ساڵی ١٩٣٦ دا بڕیاریاندا جیاببنەوەو خۆیان حزبێکی تر بە ناوی (جەمعیەتی رابیتەی ئیسلامی)ەوە بە سەرۆکایەتی محمد عەلی جەناح دروست بکەن.. ئیتر لە بواری سیاسییدا ئەم حزبەی رابیتەو سەرکردایەتییەکەی - هەرچەندە زۆر شیاوی نوێنەرێتی موسوڵمانانیش نەبوون - بوون بە دەمڕاستی موسوڵمانانی هیندستان..

حزب پڕبوو لە ئاڕاستەو بیروباوەڕی لێک جوداو دوور.. دوای جیابوونەوەی پاکستانیش لە هیندستان لە سال!ی ١٩٤٧ دا هەر ئەم سەرکردانە بوونەوە بە بەرپرسی رەسمی دەوڵەتی پاکستان و دەرکەوت کە فڕیان بەسەر ئیسلامەتی و مەنهەجییەوە نییە!

## ئیمامی مەودوودی رحمەالله

( ١٣٢١_ ١٣٩٩ ک/ ١٩٠٣_١٩٧٩ ز)

دەشێت قۆناغەکانی ژیانی ئیمامی مەودوودی رەحمەتی بکەین بە سێ قۆناغی سەرەکییەوە:

قۆناغی یەکەم:

- لە کاتی لەدایکبوونیەوە تا تەمەنی ٢٣ ساڵانی، تا ئەو سەردەمەی کە کتێبی (الجهاد في الاسلام)ی نووسی.

- لە دوای کۆچی دوایی باوکی بەڕێزی کێشەی زۆری هاتنە رێ بە تایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، چونکە دەبوو خۆی و خێزانەکەشیان بەخێو بکات، بۆیە زۆر شوێن بۆ کار گەڕا تا لە ساڵی ١٩١٨ دا لە شاری بەنگۆر لە رۆژنامەی (مەدینە) گیرسایەوەو کەوتە ئیشی رۆژنامەوانی..

- هیندستانی ئەو رۆژگارە بە حزب و روداوی سیاسیی جمەی دەهات، لەوانە (بزوتنەوەی خیلافەت) کە مەبەست لە خیلافەتی عوسمانی بوو، ئیمامی مەودوودیش بە نووسین و سامانی بەشداری تێدا دەکرد.

- لە بواری رۆژنامەوانی و چالاکی بزوتنەوەی خیلافەتیدا ئاشنایی لەگەڵ زۆر کەسایەتی ئیسلامی بەهێز پەیداکرد، کە هەر یەکەیان بە جۆرێک کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی فیکرو جۆری بیرکردنەوەی دواتری هەبوو..

- لە سەرەتای ساڵی ١٩٢١ دا کۆمەڵەی زانایان لە شاری دەلهی بڕیاریان دا رۆژنامەیەک بە ناوی (مسلم) دەرکەن و ئیمامی مەودوودی بکەنە بەرپرسی..

لە ساڵی ١٩٢٤ دا بۆیان ئاسان بوو رۆژنامەیەکی تری شبە ناوی (جەمعییەت) ی خۆیانەوە دەرکەن و بڕیارەکەش هەر وا بوو کە ئیمامی مەودوودی ببێتە سەر نوسەری ئەمیشیان!

- لە ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٢١_١٩٢٨ دا دوای ئەوەی زمانی ئینگلیزییەکەش باش فێربوو، دەروازەی زیاتری زانیاری بۆ کرایەوەو رۆشنبیرییەکی

قوولّتری وەرگرت. لەم ماوەیەشدا ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرفراوانتر بوو، تێگەیشتنی راستتری چەمکە ئیسلامییەکان لا دروستبوو.. لەوانە:

* ئەو شێوازی تێگەیشتنەی زانایانی ئیسلامی ئەو سەردەمە بۆ ئیسلام هەیانە دەبێتە مایەی شێواندنی زیاتری ئیسلام نەک هەڵگرتنی پەیامەکەی.

* بانگەشەی نەتەوەپەرستیی کە بڵاودەبۆوە دژوارییەکی خراپی هەیە، وەکو شمشێری بێ کێلانە.. دوژمنانی ئیسلام بۆ لەتوپەت کردنی موسوڵمانان هێناویانەتە ووڵاتانی ئیسلامەوە.

* هەوڵدانی بۆ پاراستنی خیلافەت و دانانەوەی خەلیفە رەنج بەبادانە!

* ئیسلام کە دینی پاکی خوای میهرەبانە، داوای لێکردووین بەڕاستی و پاکی خوا بپەرستین نەک بۆ بەرەی نەتەوایەتیی شوێنکەوتووی پێ زۆر کرێت.

* لە ساڵی ١٩٢٦ دا کە گاندی لە ووتارێکی جەماوەرییدا ووتی: ئیسلام بە شمشێر بڵاوبۆتەوە، محمد عەلی جەوهەریش لە مزگەوتی گەورەی دەلهی ووتارێکی دژی دا، لە ووتارەکەیدا بە دەنگێکی خەماویەوە ووتی: ئای بۆ کەسێکی موسوڵمان بەرگری لە دینەکەە بکات و ئەم تۆمەتە ناهەقانەی هیندۆس رەت کاتەوە.. ئەو کەسە موسوڵمانە لێهاتووە ئیمامی مەودوودی بوو کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەرپەرچی هەموو تۆمەتەکانی دایەوەو کێشایەوە بەناوچاوانی هیندۆسەکاندا.. کۆکراوەی ئەو ئاڵقە بابەتانەیە کە دواتر بوو بە کتێبی (الجهاد في الاسلام). ئەو کاتە تەمەنی ٢٣ ساڵان بوو. ئەم کتێبە خۆی بووە دووڕێیانێکی سەیری گۆڕانکاریی لە ژیانی ئیمامدا.. خۆی دەربارەی دەفەرموێ: (کتێبی جیهادەکە سوودی بەخۆم زیاتر گەیاند وەک لە خوێنەرانی! چونکە من بە هەستی نەتەوایەتییەوە کەوتمە نووسینی بەڵام کە تەواوم کرد کەوتمە سەر هەستی ئیسلامێتی رەسەن.. لەو کتێبەوە زانی مکە ئیسلام چییەو ئەویش بووەوە بە دەلیلی رێم! ئەوەش بوو وای لێکردم

که پیشەی رۆژنامەوانی نەگۆڕم و بیکەمە شێوازێکی بەکاری خزمەتکردنی ئیسلام)[٤٣].

**قۆناغی دووەم:**

- ئیمامی مەودوودی شاری دەلهی بەرەو حەیدەرئاباد بەجێهێشت بەو ئومێدەی لەوێ هەندێک کاری سەرپێیی ئاسان بدۆزێتەوە، بەڵام ساڵانی ١٩٢٨ـ١٩٣٢ بۆی بوونە ساڵانێکی قاڵ و قوولبوونەوە لە سەرچاوە پاکەکانی ئیسلام و ناسینی واقیعی ئاڵۆزو پڕ مەینەتی موسوڵمانان.. زۆرینەی بۆچوونەکانی کە دواتر لەناو بزوتنەوەی ئیسلامی و جەماعەتی ئیسلامییدا داڕشتن زادی ئەم قۆناغەبوون.

**قۆناغی سێیەم:**

- لە ساڵی ١٩٣٢ ەوە بڕیاریدا لە گۆشەگیریی بێتە دەرەوەو خۆی گۆڤارێکی مانگانە دەرکات بە ناوی (ترجمان القران). کە تا کۆتایی ژیانی هەر دەریکرد، مەگەر لەو کاتانەدا وەستاندبێتی کە حکومەتی پاکستانی موسادەرەیان دەکردو رێیان لە دەرکردنی دەگرت[٤٤]..

- گۆڤاری (ترجمان القران). گرنگ بوو، چونکە هەر لەوێدا ئیمامی مەودوودی بە شێوەی زنجیرە ئاڵقە دیدو رێی خۆی تێدا روون دەکردەوەو دوایی بابەتەکانی دەکردنە کتێب و بڵاوی دەکردنەوە. لەو کتێبانە:

* بابەتەکانی ساڵی ١٩٣٣ـ١٩٣٤ بوون بە کتێبی: (الحضارة الاسلامية).

* بابەتەکانی تری (١٩٣٣ـ١٩٣٨) بوون بە کتێبی: (نحن والحضارة الغربية) و (الاسلام في مواجهة التحديات المعاصرة) و (مفاهيم اسلامية) و ( في محكمة العقل) و (الرسول والرسالة).

---

[٤٣] گۆڤاری (أضواء الشريعة) ژمارە ١١ ل ٥٠٧.

[٤٤] تا کۆتایی ساڵی ١٩٩١ کە لە پاکستان بووم هەر دەردەچوو.. بە بینینی شوێنەوارەکانی ئیمامی مەودوودی شادبووم، چوومە مەکتەب و کتێبخانەو مزگەوت و کۆتا شوێنی لە شاری لاهور کە تێیدا کۆچی دوایی کرد..

* بابەتەکانی ١٩٣٥ بوون بە کتێبی: (حقوق الزوجين) و (تحديد النسل).
* بابەتەکانی ١٩٣٨ ناونران: ووتراەکان (الخطب).
* بابەتەکانی ١٩٣٩ بوون بە کتێبی (نظرية الاسلام السياسية).
* بابەتەکانی١٩٤٠ بوون بە: (موجز تاريخ تجديد الدين وإحيائه) و ( منهاج الانقلاب الاسلامي).
* بابەتەکانی تری ١٩٤٠ بوون بە کتێبی: (المصطلحات الاربعة في القران) و (الاسلام والجاهلية) و (معضلات الانسان الاقتصادية و حلها في الاسلام).

بە سەرنجدان لە ناونیشانی کتێبەکانی ئیمامی مەودوودی ئەوە روون دەبێتەوە کەئیمام دەیویست دوو نیشان بپێکێت:

یەکەم: روون کردنەوەی زاراوەی (جاهیلیزم) و دەرخستنی پووچەڵییەکەی.

دووەم: راڤەکردنی سیستمی ئیسلام بۆ ژیان کە دواتریش بوو بە ناوی یەکێک لە کتێبەکانی بەناوی: (نظام الحياة في الاسلام)، کە دەیخواست ئەوە بۆ موسوڵمانان تێدا روون بێتەوە کە دەبێت ژیانیان بە پێی دیدو پێناسەی قورئان و سوننەت دارێژن.. هەموو ئەم باسانەشی بە شێوەیەکی ژیربێژیی ووردەکارانە بە بەڵگەوە دەخستە بەردەست، لە هەمان کاتیشدا ئەم باسانەشی روون دەکردەوە:

* بیروباوەڕو عەقیدەی ئیسلامی.
* دیدی ئیسلام و پێناسەی ئیسلام دەربارەی ژیان و گەردوون و مرۆڤ.
* رەفتارو رەوشت لە روانگەی ئیسلامەوە.
* بنەما بنیتنەرەکانی شارستانێتی.
* بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام لە کۆمەڵناسیی و سیاسەت و ئابوریی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی تاک و کۆی کۆمەڵگە لە سەردەمانی پێشیندا، تا پەی بە چۆنیەتی چارەسەری کێشەکانی ئەم سەردەمەش ببرێت.

نووسینەکانی ئیمام بەڵگەن لەسەر (دیدی گشتگیر)ی ئیمامی مەودوودی رەحمەتی دەربارەی ئیسلام و واقیعی هەنوکەیی ئوممەتەکەی. ئیمامی

مەودوودی دەفەرموێ: (نەمدەوویست هەر بابەتی زانستیانەی ئیسلامی بخەمە بەردەستی موسوڵمانان، بەڵکو ئەوەشم دەویست کە ئەو قەناعەتە لە هەست و هزرو ئاخ و ناخی موسوڵمانانی ئەم سەردەمەدا بچەسپێت کە ئیسلام تاکە بەرنامەی بێ لەکەو زاڵە، بۆیە دەبێت موسوڵمانی دیندار وەکو رەفتارێکی سروشتی جەستەو هزری هەوڵبدات بیهێنێتەوە کایەی ئاڕاستەو ململانێی شارستانێتی.. تا لە پێناویدا هەموو کەندو کەۆسپێک بە سووک و سانا بزانێت و چاوی لێی نەترسێت، تا ئازایانە رووبەڕووی جاهیلییەت بوەستێتەوەو ناهەقییەکەی ژێر نێت و ئیسلامەکەش پایەدار کاتەوە.. تا ووزەو وورەی خۆی و هاوبیرانی پێکەوە بەگەڕخات تا پێشەوایەتی لەدەست کوفر دەردەهێنێت و دەیخاتەوە دەست ئیسلامەکە..)[٤٥].

محمد ئیقبالی مەزن لە سەرەکیترین خوێنەرانی گۆڤاری (ترجمان القران) بوو، زۆر جێبایەخی بوو، بۆیە داوای کرد ئیمامی مەودوودی دیدەنییەکی بکات.. ئیمامی هاتە لاهورو یەکتریان بینی ، ئیتر زۆرجاری تر دیداریان ساز دەکردەوە.. ئیمامی مەودوودی دەربارەی ئەو دیدارانە دەفەرموێ: (گونجاویەکی زۆر هەبوو لە نێوان دیدو بۆچوونەکانی من و ئیقبالدا)[٤٦]. هەر لەبەر ئەمەشبوو کە ئیقبالی شاعیر داوای لە ئیمامی مەودوودی کرد کە لە حەیدەرئابادەوە (کە زۆر دووربوو) بگوێزێتەوە بۆ رژهەڵاتی پەنجاب (کە لاهور یەکێکە لە شارە سەرەکییەکانی).. ئەویش لە ساڵی ١٩٣٨ دا گواستیەوەو لە گوندێکی بچووکدا نیشتەجێ بوو، گوندەکەیان ناونابوو دارالاسلام.. لەوێوە خەریکی پێگەیاندنی نوخبەی یەکەمی هاوبیرانی بوو. بەڵام هێشتا مانگ و نیوێکی لە مەنزڵگای نوێی نەبردبووە سەر هەواڵی پێگەیشت کە محمد ئیقبالی گەورە کۆچی دوایی کرد!

---

٤٥ گۆڤاری (أضواء الشريعة) ژمارە ١١ ل ٥١٣.

٤٦ هەمان سەرچاوە ل ٣١٤.

ساڵی ١٩٤١ ئیمامی مەودوودی حەفتاو پێنج کەسایەتی موسوڵمانی خاوەن هیممەتی بانگهێشتی لای خۆی کردو دوای موناقەشەو باسوخواس بڕیاریاندا (جەماعەتی ئیسلامی) پێکبهێنن و ئیمامی مەودودیشیان بە ئەمیرێتی جەماعەت قبووڵ کرد..

لە مانگی ئابی ١٩٤٧ دا بڕیار درا پاکستان لە هیندستان جودا بێتەوە، بۆیە ئیمامی مەودودیش وەکو زۆرێک لە موسوڵمانانی هیندستان هیجرەتی کرد بۆ پاکستان و لە لاهور نیشتەجێبوو..

شێخ خەلیلولحامیدی هاوڕێی جیهادی ئیمامی مەودوودی و یەکێک لە نوخبە نزیکەکانی دەفەرموێ[٤٧]: (ئیمامی مەودوودی لایەنگری دابەشکردنی هیندستان و جوێبوونەوەی موسوڵمانان و دامەزراندنی پاکستان بوو،بەڵام لە سەرکردایەتیەکەی پاکستان کە هەموویان سەربازیی بوون رازی نەبوو. چونکە ئەوانە دووبەشکردنی هیندستانیان بە پێی ئیسلامەکە نەبوو، بەڵکو بە پێی موسوڵمانی جوگرافیایی بوو، کە گوایە هەرچی کەسێک لە ناوچەی موسوڵمانان دەژی و باوەڕی بە ئیسلام بە گشتی هەیە موسوڵمانەو مافی دەنگدان و پاڵاوتنی لە پاکستاندا هەیە..

ئەمە پێشبینییەی ئیمامی مەودوودی راست دەرچوو، چونکە لەو رۆژەوە تا ئێستاش موسوڵمانانی پاکستان، لە پێش هەموویانەوە جەماعەتی ئیسلامی هەر لە رەنج و هەوڵی ئەوەدان ئیسلام ببێتە سیستمی حوکمڕانی پاکستان، بەڵام هەر جارێک میللەت ئامادەی بلندکردنەوەی سیستمی حوکمی ئیسلام دەبۆوە عەسکەریتاریا ئینقیلابێکی دەکردو نەیدەهێشت ئەهلی ئیسلام بێنەوە پێشەوە، تا ئەو زەمانەی بە ملیۆن کەسایەتی بێدین و لارێی وەکو قادیانیەکان دروستبوون و بوون بە حزبی پاڵدراوی بلۆکی سۆشیالیستی

---

٤٧ صلاح الدين النكدلي: الجماعة الاسلامية في باكستان/المكتبة السلفية- المغرب ط١ - ١٩٩٥/١٤١٦

سەرمایەداریی و گەێنرانە دەسەڵات تا نەهێڵن پاکستان ئەو گۆڕانە ریشەییەی بەسەردا بێت کە ببێتەوە بە دارالاسلام!

ئیمامی مەودوودی رەحمەتی دەبوو لە چەندین لاوە هەڵمەت بەرێت تا بتوانێت بەرگریی لە ئیسلامەکە بکات:

- بەرەی عەلەمانییەت: لە شوێنکەوتووانی ئیستیعماری بەریتانی و کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان کە مێشکی لاوەکانی پاکستانیان پڕکردبوو لە گومان لە ئیسلام و بەڵێنی بەهەشتی سەرزەمینیان پێیان دەدان! ئیمامی مەودوودی رەحمەتی زۆر پشوودرێژانەی موناقەشەی لەگەڵ ئەمانەدا دەکردن و گومانەکانیانی دەڕەواندەوە..

- بەرەی دەرەبەگایەتی: گەلانی هیندستان نەک هەر بە پێی باری ئابووریی و خاوەنێتی بووبوون بە چین و توێژ بەڵکە بە پێی دینەکەشیان هەر چینایەتییەکی سەیرلە ناویاندا تا ئێستاش گەشەی کردووە، دەبوو ئیمامی مەودوودی دژی بەرەی دەرەبەگ و ئاغاکانیش بوەستێتەوەو بەرگریی لە مافی خوراوی ئەو هەموو مرۆڤە مەحروومە بکات، دژی دەسەڵاتی دەربەگەکان کە توانای بڕیاری سیاسییان هەبوو، دەستیان لە چارەنووسی گەلاندا هەبوو..

- بەرەی قادیانی: دژواری ئەمانیش کەم نەبوو، بەرەیەکی بە توانابوون، چونکە ئینگلیز دروستی کردبوون و زۆر بە جیددی پشتی دەگرتن، ئەمانە دینێکی نوێیان هێنابووە کایەوەو دەیانووت میرزا غولام کۆتا پێغەمبەرە نەک محمدی سەروەرمان علیه الصلاة و السلام! ئەمانە نفووزیان لە سوپاو پۆلیسدا زۆربوو، ئەمانەبوون نەیاندەهێشت شەریعەتی ئیسلام بکرێتە یاسای پاکستان چونکە پێیان وابوو یاساکانی ئینگلیزیش هەر لەبەرژەوەندی خەڵکی دانراوەو ئینگلیزیش ئەهلی کیتابن و موسوڵمانن!!! کە ئیمامی مەودوودی فەتوای دا قادیانی کافرن، ئەوانیش شکاتیان لێکردو دایانە دادگاو بڕیاری ئیعدامی بۆ دەرچوو، پاشان حوکمەکەی گۆڕا بۆ زیندانی

هەمیشەیی، بەڵام لەژێر تین و فشاری جیهانی ئیسلامییدا دوای چوار ساڵ ئازاد کرا..

- بەرەی مەزهەبیی بیرکول: گەلانی هیندستان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر مەزهەبی حەنەفین، ئەو مەزهەبەش ماشاءالله کە شوێنکەوتووانی بیرکول دەکات و زانایانی دواییینیان مەزهەبپەرستییان لێ کردوونەتە دینداریی! ئیمامی مەودوودی دەبوو دژی داخستنی ئیجتیهادو ئەو تەعەسسوبە مەزهەبیەش ببێتەوە. بەرەی ئەمان دژوارتر بوو، چونکە نەک هەر ئیمامیان تەکفیر کرد، بەڵکو زاناکانی پاکستان دەچوونە پاڵ هەر حکومەتێک کە جەماعەتی ئیسلامی ببوغزێت، بە حاکم و حکومەتی پاکستانیشەوە نەدەوەستان، دەهاتنە وولاتە عەرەبیەکان و لەسەر دەعوەتی جەمال عەبدونناسری تاغووت عەللامە بەننوری پاکستان دەچووە میسرو ماوەی رەمەزانەکە لە تەلەفزیۆنی میسرییەوە دژی بیروبۆچوونی ئیمامی مەودوودی قسەی دەکرد، چونکە گەنجی ئیخوان بە هۆی ئیخوانەوە بە تایبەتی بە هۆی کاریگەریی سەید قوتبەوە وەکو مەرجەعییەتێکی فیکریی تەماشای مەودوودی مەزنیان دەکرد.. جا بەننوری دوای رەمەزان لە میواندارێتی عەبدونناسر دەڕۆیشت بۆ سعوودیەو لەوێ تا حەج کردنەکەی لەوێ دەمایەوە! ئێستاش زۆر لەو زانا کەڕەحەنەفییانە بە ئیمامی مەودوودی دەڵێن: مەردوودی!!

- بەرەی نکووڵی کارانی سوونەت: ئەمانەش بەرەیەکی تری سەرسەخت بوون، ئەمانە نکووڵییان لەوە دەکرد کە سوننەتی پاکی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ببێتە سەرچاوەی دووەمی یاساو رێسا وەرگرتن، دەیانووت: سوننەت وەکو قورئان نییەو دەسکاری کراوەو سەرچاوەکانی هەمەجۆرن.. حکومەتە عەلەمانیەکانی پاکستان و بەرە عەلەمانیەکانیش بۆ دروست کردنی بەلەبەلەی زیاتر لە ناو موسوڵماناندا ئەمانەیان هان دەداو

کتێبەکانیان بۆ چاپ دەکردن و لە دادگاکاندا بەرگرییان لە تۆمەتبارانیان دەکرد!

ئیمامی رەحمەتی دەبوو بە جورئەت و پشوودرێژیی و سینەفراوانییەوە رووبەڕووی ئەم هەموو بەرەیە ببێتەوە.. لەسەر ئەمەوە دەبێت بۆ پەروەردەکردنی نوخبەکەی خۆشی موتەفەڕیغ ببێتەوە!!

ئیمامی هیممەت بەرز کۆڵی نەدا تا جەماعەتی ئیسلامی دروست کردو سەدان پیاوی وەکو خورشید ئەحمەدی تێدا پەروەردە کرد کە سێ جار کرا بە وەزیری دارایی و ئابوریی، چونکە یەکێکە لە هەرە شارەزایانی بواری نەخشەی ئابووری جیهانی ئیسلام بۆیە کرابوو بە ئەندامی داڕشتنی دەستووری ئیماراتیش!

ڕەنج و جیهادی ئیمامی مەودوودی مەزن هەر بەردەوامبوو، تا لە بەرەبەیانی ١٩٧٩/٩/٢٣ دا دڵی گەورەی لە لێدان کەوت و کۆڵێکی زۆر قورسی بۆ جەماعەتی ئیسلامی بەجێهێشت، کە تا لە ژیاندا مابوو کەس لە ئەندامانی جەماعەت هەستیان بەو قورساییەی نەکردبوو.. ئیمامی مەودوودی کۆچی دوایی کردو بۆشاییەکی گەورەی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە نە وەکو مەرجەعییەتی فیکرو فیقهـ پڕ بۆوە، نە وەکو نەخشەوانی پەروەردەی سیاسی .. هەرچەندە جەماعەتی ئیسلامی یەکسەر دوای ئیمامی مەودوودی شێخ میان توفەیلیان لە شوێنی دانایەوە، بەڵام کەلێنی ئەمیرێتی جەماعەتی ئیسلامی زۆر لەو گەورەتربوو، بۆیە چووە کەنارو قازی حسێن هاتە جێگای و ئەویش تا ساڵی ٢٠١٠ کارامانە بردی بەڕێوەو کە ئەویش کەناری گرت، جەماعەت بە رای زۆرینە منەوەر حەسەنیان هەڵبژارد کە لەسەردەمانی خوێندنی زانکۆیدا لە حەفتاکانی سەدەی رابوردوودا بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی جەماعەتی ئیسلامی بوو.. یەکێکیشە لە بیرمەندەکانی جەماعەتی ئیسلامی..

* * *

## لە بەرنامەی جەماعەتی ئیسلامی

**بانگەوازی جەماعەت**

**١ـ بانگەوازەکەمان بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بە تایبەتیش بۆ موسوڵمانانە، تا خوا بەیەک بناسن و بە پاکی بیپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، چونکە غەیری ئەو هیچ خوایەکی دیکە تییە.**

**٢ـ بانگەوازەکەمان بۆ هەر کەسێکە کە بە ئاشکرا بە ئیسلام رازی بووەو هەر بە ئیسلام دینداریێتی دەکات و خۆی لە چڵکوچەپەڵی دووڕوویی پاک دەکاتەوەو رەفتاری لە پێچەوانەکاریی دینەکە دەپارێزێت.**

**٣ـ بانگەوازەکەمان بۆ هەموو خەڵکی سەرزەوییە، تا چاکسازییەکی سەرڕاستانە لە بنەماکانی حوکمڕانی ئەم سەردەمەدا بکەن، کە تاغووتان و ملهوڕان دنیایان پڕ کردووە لە فەسادو ستەم و خراپەکاریی.. دەخوازین پێشەوایەتی فیکریی و کردەوەییان لە چنگ دەربهێنرێت و بخرێتە بەردەست ئەو پیاوە دەسپاکانەی باوەڕیان بە خوای گەورەو بە رۆژی دوایی هەیەو لەسەر دینی حەقن و ئیستیکباریی و خراپەکارییان لەسەر زەوییدا ناوێت..**

* * *

## نموونە لە پێڕەوو پرۆگرامی جەماعەتی ئیسلامی

١- زۆر بێ و بۆر بێ نا: ئیمام لە کتێبی (واقع المسلمین و سبیل النهوض بهم)دا دەفەرموێ: (مەبەستمان پاڵفتەکردنی تاکە پیاوچاکەکانە- تا هەموویان لە رێکخستنێکدا گردبکەینەوە، تا ئەوانەیان بەگەڕخەین کە خۆیان لە گوناح پاراستووەو ئامادەیی ئەوەیان تێدایە ئەرکی بانگەوازەکە بخەنە ئەستۆی خۆیان و بە سامان ورەنجیانەوە خۆ بۆ ئەم کارە تەرخان کەن.

٢- پێگەی رێکخستن ئەمیرو ئەنجومەنی شورا هەڵدەبژێرێت: جەماعەتی ئیسلامی زاراوەی ئەمیر بۆ سەرۆکەکەی دادەنێ، ئەمیر بە هەڵبژاردنی نهێنی لە نێوان ئەندامانداا هەڵدەبژێررێت. ئەمیرە کە سیاسەتی جەماعەت دیاری دەکات و لە دوای راوێژ بە ئەنجومەنی شورا ـ کە پەنجا کەسن ـ بەرنامەی کۆمەڵکاریی دەزگاکان دادەڕێژێت..

٣- ئافرەتیش ئەندامە لە جەماعەتی ئیسلامییدا: مادەی دەیەمی دەستوری جەماعەتی ئیسلامی جەخت لەسەر ئەندامێتی ئافرەتان لە جەماعەتەکەدا دەکاتەوەو دەڵێ: ئافرەتان لە سنوری چالاکی خۆیاندا کار دەکەن. لە مادەی هەشتاوهەشتیشدا دەڵێ: سیستمی کاری خانمان ـ لە ئەندامان و لایەنگران ـ لە سیستمی کاری پیاوان جودایە، ئەمیری جەماعەت بۆی هەیە بەرنامەو پێڕەوێکی تایبەت بە خۆیان بۆ دارێژێت.

٤- جەماعەتی ئیسلامی چەکداریی ناکات: ئیمامی مەودوودی لە پەیامی (واجب الشباب المسلم)دا دەفەرموێ: نە کۆمەڵی نهێنی پێکەوە بنێن و نە چەکیش بۆ گۆڕانکاریی بارودۆخ بەکار بهێنن. چونکە ئەو شێوازەکارە سەرەنجامی پەلە کردنە..

٥- کۆمەڵکاریی جەماعەتی ئیسلامی نهێنی نابێت: لە برگەی (ت) ی مادەی پێنجەمی دەستووری جەماعەتی ئیسلامییدا هاتووە کە جەماعەتی ئیسلامی لە خەباتی خۆیدا بە شێوەی نهێنی کار ناکات، بەڵکو هەموو چالاکییەکانی بە ئاشکرای وەک رۆژی روون ئەنجام دەدا.

## نموونه له پەیکەری ئیداریی جەماعەتی ئیسلامی

١ـ **کۆنگرەی گشتی**: سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.

٢ـ **ئەمیری جەماعەت**: ئەمیر بە رای زۆرینەیەکی کەم لە نێوان ئەندامانی جەماعەتدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێررێت ودەکرێت نوێ بکرێتەوە.

٣ـ **ئەنجومەنی مەرکەزیی شورا**: لە پەنجا ئەندام پێک دێت، کە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێررێن، هەر ناوچەیەو ژمارەیەکی گونجاو نوێنەری خۆی لە ئەنجومەنی شورادا دەبێت. خولی ئەنجومەنی شورا سێ ساڵە.

٤ـ **بڕیاری شورا بەکۆڕا (ئیجماع)ە، ئەگەر نەبوو بە زۆرینە**: لە ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە. ئەگەر ئەمیر بڕیارێکی شورای واژۆ نەکرد، دەخرێتەوە دانیشتنی داهاتووی شوراو موناقەشە دەکرێتەوەو دەنگی لەسەر دەدرێتەوە، کە زۆرینەی بەدەست هێنا ئەمجارە ئەمیر بۆی نیە واژۆی نەکات.

٥ـ **ئەمیر سەرۆکی بەش و ناوچەکان دادەنێت**: دەشتوانێت لایاندا.

٦ـ ناوچەکان دەستەی راپەڕێنەرانیان دەبێت کە لە دە کەس کەمتر نابن..

* * *

## ماشۆمی
## (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)

**حزبی ماشۆمی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)**: بە سەرۆکایەتی دکتۆر محمد ناسر رحمەالله، کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا دامەزراو لەو ساڵەوە کاریگەریی خۆی لەسەر پتەوکردنی بیروهۆشی فیکری سیاسی ئیسلامی ئەندۆنیسیاو هەموو وولاتانی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیادا هەبوو، وەک مالیزیاو تایلەندو فیلیپین و سەنگافورەو ژاپۆن و کۆریاکان..

لەبەر ئەوەی زۆر لە گەنجی نەوەی نوێی ئێستامان زانیاری مێژوویی و جوگرافیایی دەربارەی وولاتێکی دووری وەکو ئەندۆنیسیا کەمە، باشتر وایە کەمێک لەو دوو لایەنەوە بیناسێنین:

**ئەندۆنیسیا**: ئێمەی کورد دەڵێین ئەندۆنیسیا، لە راستییدا ئیندۆنیسیایە، کە لە دوو ووشە پێک دێت ئیندۆ واتە: (هیندستان) و نیسیا واتە: رۆژهەلات. هەندێک دەڵێن: بە مانای دۆرگەیە. ئیندۆنیسیای بە مانای یەکەم واتە: هیندستانی رۆژهەلات. تا پێش زەمانی ئیستیعماری رۆژئاوا هەر پێی دەوترا هیندستانی رۆژهەلات.. بە مانای دووەمیش یەعنی دۆرگەکانی هیندستان.

* **پێکهاتەی**: ئەندۆنیسیا وولاتێکی ئیسلامییەو دەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی کیشوەری ئاسیاوە، وا لە نێوان (٧پلەی باکوور) و (١١ پلەی باشووری هێڵی ئیستیوا) لە باری درێژییشەوە وا لە نێوان دوو پلەی ٤٥ و ١٤١ی رۆۆژهەلات). هەر چوارلای ئاوە. چونکە وولاتەکە لە (١٧٥٠٨) دۆرگە پێکهاتووە، زۆرینەی کەسی تێدا ناژی. رووبەرەکەی نزیکەی ١٢ ملیۆن کیلۆمەتری دووجایە، بەلام ووشکارنیەکەی نزیکەی (٢٫٠٢٧ ملیۆن) مەتری دووجایەو باقیەکەی تری دەریایە.. گەورەترین دۆرگەی کالیمانتانە کە بەشی باکووری عایدی مالیزیایە.. پاشان جاوە، هەزار کیلۆمەتر درێژە (لە زاخۆوە تا زوبێری بەسرە) ئینجا سۆمەترە کە پڕە لە روبارو چیاو دەشتی بە پیت، چیای تێدایە کە نزیکەی ٣٥٠٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە بڵندە،

زۆرترین رێژە دانیشتوانی تێدایەو زۆر ئاوەدانە، هەروەها دۆرگەی سۆلاویسی کە سێیەمین دۆرگەی گەورەی ئەندۆنیسیایە، ئینجا دۆرگەکانی سولواو نالودەو ئەوانی دیکە..

* **ئاووهەوا**: کەشی هەوای مەدارییە، پلەی گەرمی لە ٢٥ تێناپەڕێت، بە درێژایی ساڵ باران دەبارێت و سەرما نییە.. شێی هەوای زۆرە.

* **سەرەکیترین شاری**:جاکارتای پایتەخت کە لە دۆرگەی جاوەدایە، ئیستیعماری هۆڵەندی دروستیان کردوناویان لێنا باتافیا، بەڵام دوای رزگاریی وولات ناونرا جاکارتا.

باندۆنگ: کە یەکەمین کۆنگرەی دەوڵەتانی بێ لایەنی لێ بەسترا.

سورابایا: لە رۆژهەڵاتی جاوەیەو بەندەرێکی سەرەکیی بازرگانییە، و زۆر لە پیشەسازیی وولاتیش لەوێیە.

**دانیشتوانی**: ئەندۆنیسیا لە رووی زۆری دانیشتوانەوە یەکەمین وولاتی ئیسلامییەو لە دوای چین و هیندستان و ئەمریکا چوارەمین وولاتی چڕی دنیایە، ٢٣٨ ملیۆن کەسی لێ دەژی.٦٠٪یان لە جاوەو مادۆرا دەژین. ساڵانە ٣ ملیۆن زیاد دەکەن! توخمی مرۆڤەکانی: سەر بە توخمی مەلاوین، سەریان بچووک و خڕەو باڵایان کورتەو چاو بچکۆلەن.. لەگەڵ دانیشتوانی ئەسڵی وڵاتەکەدا چینی و هیندستانی و عەرب و هۆڵەندی لێ دەژی.

**دینی**: ٩٤٪ی دانیشتوانی ئەندۆنیسیا موسوڵمانن، ٣٪ی مەسیحین و ٢٪ی هندۆسن و ١٪ی بودایی و ١٪یش دینی ترە.

**زمانی**: زمانی رەسمی وولات باهاسایەو ٥٨٣ زارگۆتن (لەهجە)ش هەیە. بە پیتی عەرەبی دەنوسرا، بەڵام کاتێک مستەفا کەمال نووسینی زمانی تورکی کرد بە لاتینی، ئیستیعماری هۆڵەندیش خۆی هانداو لە ١٩٢٧ دا نووسینی زمانی ئەندۆنیسیای گۆڕی بە لاتینی..

**ئابووری**: چاندن گەورەترین هۆکاری بەرهەمهێنانە، بۆیە ٦٥٪ی دانیشتوان لە ١٨ ملیۆن هیکتاری خاکی بەپیتدا پێوەی خەریکن.. سەرەکیترین بەرهەم

برنجە کە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانەکەیە، ساڵانە نزیکەی ٥٠ ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دێت! پاشان گەنمەشامی کە نزیکەی ٥ ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دێت.. ئینجا گەنم و قاوەو چا..

ئەندۆنیسیا دوای مالیزیا دووەمین وولاتی جیهانە بۆبەرهەمهێنانی لاستیک (وەکو بنێشتەتاڵە قەدی درەختی بۆ لەلە دەکرێت ولێی دێتە دەرەوە)، ئەندۆنیسیا ساڵانە نزیکەی ١٦ ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دەهێنێت.

سامانی ئاژەڵی: ئەندۆنیسیا زیاتر لە ٨ ملیۆن سەر مانگاو ٥ ملیۆن سەر گامێش و ٥ر٥ ملیۆن مەڕو ٩ ملیۆن سەر بزنی تێدایە. ساڵانەش نزیکەی ٣ ملیۆن تەن ماسی بەرهەم دەهێنێت..

کانزا: ئەندۆنیسیا نزیکەی ٣٠ هەزار تەن قەسدیر دەردەهێنێت کە دەکاتە چارەکی بەرهەمی جیهان، پێنجیەکی بۆکسیتی[٤٨] جیهان لە ئەندۆنیسیایە، زیاتر لە دوو ملیۆنی لێ بەرهەم دەهێنێت. ئەمە جگە لە مەنگەنیزو ئاسن و فۆسفات و یۆدو خوێ..

نەوت و غاز: ئەندۆنیسیا یەکێکە لە وولاتە نەوتییەکانی جیهان، چونکە نەوت و غازی زۆرە، ١٠ ملیار تەنی ئیحتیات هەیەو ساڵانەش ٧٠ ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دەهێنێت، لە غازیش ٢٥ ملیۆن مەتری دووجا..

پیشەسازی: زۆرینەی بەرهەمەکانی پیشەسازی لە ئەندۆنیسیا دەسکارن، ١٠%ی بوجەی ساڵانەی دەوڵەت پێک دەهێنێت. جۆریشی وەکو شەکرو چاو بەرهەمی لاستیک و تایەی سەیارەو سابوون و پەینی کیمیاوی و کاغەزو شووشەو بەرهەمی جنراو..

هاتوچۆ: سەرەکیترین رێی هاتوچۆ دەریایە، بازاڕ هەیە لەسەر ئاوەو دوانەکانی بەلەمن و خەڵکیش بە سواری بەلەم دەڕوات بۆ بازاڕ!!

---

٤٨ کەرەستەیەکی خاوی زەوییەو زۆر شتی لێ دروست دەکرێت، لەوانە ئەلەمنیۆم و ئەو توێژاڵە کانزایەی کە ناوفرنی پێ سواغدەدرێت.. وەکو ستیل دەبریسکێتەوەو وەکو فۆرمیکا بۆ رووکەشکردنی مس و ئاسن و شتی وا بەکار دێت..

٨٥ هەزار کم ڕێگای سەیارەو ٩ هەزار کم هێڵی شەمەندەفەر هەیە.

**سیستمی حوکم**: سیستمی حوکم کۆمارییەو سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان) ڕاستەوخۆ لە لایەن دانیشتوانەوە هەڵدەبژێررێن.

**ئەندامێتی نێودەوڵەتی**: ئەندۆنیسیا لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتانی بێلایەن و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی ئاسیان و بیست وڵاتە ئابوورییە گەورەکەی جیهان و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە. هەژدەهەم وڵاتی ئابووری باشی دنیایە..

## ئەندۆنیسیاو ئیسلام

بەروارێکی ووردەکارانە نییە کە کەی ئیسلام گەیشتە ئەو وڵاتە، بەڵام هەموو مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە زۆر زوو ئیسلام لە ڕێی بازرگانە یەمەنییەکانەوە گەیشتە ئەندۆنیسیاو خەڵکەکەش زۆر بە پێشوازییەوە هاتن و موسوڵمان بوون. مارکۆپۆڵی گەشتیاری ئەورپایی لە ساڵی (٦٩٢ ک/ ١٢٩٢ ز) دا نوسیوێتی: (دانیشتوانی ئەو وڵاتە موسوڵانن و مەملەکەتێکیان بە ناوی (بەرلاک) بەپێی شەریعەتی ئیسلام دامەزراندووە)[٤٩].. سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامیش ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە هەندێک کەسی خەڵکی ئەم وڵاتە لە سەردەمی هاروونە ڕەشیددا هاتوونەتە بەغدا.. هەروەها ئیبنوبەتتووتەش لە ساڵی (٧٤٦ ک/ ١٣٤٥ ز) واتە دوای پەنجا ساڵ لە نوسینەکەی مارکۆپۆلۆ چۆتە ئەندۆنیسیاو باسی دووردودرێژی نوسیووەو ئاماژەی بەوە کردووە کە لە بەرلاک کە ناوچەیەکە لە سۆمەترە دەوڵەتێکی ئیسلامی لێیە، مەزهەبیان شافیعییەو پاشاکەیان ناوی مەلیک زاهیرە، پیاوێکی خاوەن تەقوایەو بە پێ دەچێت بۆ نوێژی هەینی و هەمیشە هۆشی لای جیهادەو کۆڕەکانی پڕو لە ئەهلی قورئان و شەرعناسیی.. دیارە لەوەودوا زۆر ئیمارەتی تر لەو وڵاتە دروست بوون. لەوانە:

---

٤٩ دائرة السفير للمعارف الاسلامية/ ب ٢٨ ل ٢١٩٧.

- بەنتام: کە سولْتان حەسەنوددین لە ساڵانی (٩٧٦ ک/ ١٥٦٨ ز) لە دۆرگەی سۆمەترە پێکیهێناوە. گەورەترین رۆڵی لە جیهاددا دژی ئیستیعماری پورتوغالی بینیووە.
- باسای: مەملەکەتێک بووە بە ناوی دەسەلاتدارەکەیەوە ناونراوە، کاتێک لەسەر دەستی داعییەکی ئیسلام بە ناوی بورهانەدینەوە موسوڵمان دەبێت مەملەکەتەکەی دەکاتە ئیمارەت و خۆشی ناودەنرێت (پاشای پیاوچاک). هەواڵ بۆ والی مەککە دەنێرێت کە موسوڵمان بووین بەڵکو زانامان بۆ بنێرن، ئەوانیش زانایەکی گەورە بە ناوی ئیسماعیل دەنێرنە لای کە وەکو مەرجەعییەتی شەرع بۆیان دەبێتە سەرچاوەی ناسینی دینەکەو زانینی..
- ئاچێ: لە باکووری سۆمەترە بووە، لەو زەمانەوە کە ئیسلامی وەرگرتووە لێی لانەداوەو نەشیهێشتووە کەس سیاسەتێکی تری بەسەردا بدات.. تا ئێستاش ناوچەیەکە شۆڕشی ئیسلامی تێدایە.. سەلاحەددینی کوڕی عەلی و عەلادینشاو سولْتان ئەسکەندەری مۆتا بەناوبانگترین سولْتانە کۆنەکانین.
- مەلقا: پاشاکەیان کچە ئەمیرێکی موسوڵمانی ئیمارەتی باسای مارەکردو موسوڵمان بوو، بەوەش ئیمارەتەکەی موسوڵمانبوون و هەر وا مانەوە تا ساڵی (٩١٧ ک/ ١٥١١ ز) دوای بەرگرییەکی زۆر شکان و کەوتنە بەردەستی ئیحتیلالی پورتوغالی.. - دیماک لە ناوەڕاستی دۆرگەی جاوەیە، رەمەزان فاتیمی دروستی کردووە، پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ خیلافەت و مەڵبەندەکانی ئیسلامدا بە بەردەوامی هەبووە، تا ئەو سەردەمەی ئەمیش کەوتۆتە ژێر چەپۆکی ئیستیعماری پورتوغالی. بەناوبانگترین ئەمیریان: رادین فەتاح ورادین ترینگانۆ. ئێستا ویلایەتێکی مالیزیا ناوی ترینگانۆیە.

داگیرکەران:

١- پورتوغالیەکان: لە ساڵی (٩١٧-٩٤٧ ک/ ١٥١١-١٥٤٠ ز)یان وویست تا وولاتیان کۆنترۆڵ کرد..

٢-: ئیسپانییەکان: لە هەمان ماوەدا ئەوانیش دۆرگەی کالیمانتانیان داگیرکردو خستیانەژێر حوکمی خۆیان.

٣ـ: هۆڵەندا: کە لە رواڵەتدا بۆ دژایەتی پورتوغالییەکان (کە لە ئەوروپا دژی یەکتریی بوون) هاتبوو، واش موسوڵمانانی ناوچەکەی فریوودا کە بۆ یارمەتیدانیان هاتووە. بەڵام هەر بەوەندەی پورتوغالییەکان دەرکران، ئینجا هۆڵەندییەکان دەستیان بەسەر هەموو ناوچەکەدا گرت و ئەمانیش وەکو بەریتانیای ئیستیعمار لە ساڵی (١٠١١ ک/ ١٦٠٢ ز) دا (کۆمپانیای هیندستانی رۆژهەڵاتی هۆڵەندایی) دامەزراند. هۆڵەندییەکان زۆر لەو دوو ئیستیعمارەی تر خراپتربوون، زمانی هۆڵەندییان بەسەر دانیشتواندا فەرزکرد. ناوی جاکارتایان گۆڕی بۆ بیتاڤیا، هەرچی بەرهەمی چاندنی وڵاتەکە هەبوو دەیاندزی و دانیشتوانەکەیان ناچار دەکرد کە ئەو بەرهەمە بچێنن کە خانم و ئاغای هۆڵەندی حەزیان لێیە! بەمەش گرانییەکی یەکجار گەورەیان لە ئەندۆنیسیادا دروست کردبوو! لە ساڵی (١٢١٤ ک/ ١٧٩٩ ز)دا هەر وەکو رەفتاری ئیستیعماری ئینگلیزی کۆمپانیاکەیان کۆتایی پێهێناو بە رەسمی خۆیان بوونە حاکمی کردەوەیی هەموو ئەندۆنیسیا!! موسوڵمانانی هەموو ئیمارەتەکان بەردەوام بەرگرییان لە خۆیان دەکرد، بەڵام چونکە پەرتەوازەبوون و دەستیان بە یەکتریی نەدەگەیشت، ئیحتیلالی هۆڵەندی ئاسان و خێرا بەرگریی کردنەکەیان خامۆش دەکردەوە.. ئەمە هەر وا رۆیشت تا لە ساڵی (١٢٤١ ک/ ١٨٢٥ ز)دا شۆڕشێکی بەرفراوانتر لە ئیمارەتەکانەوە دژی ئیستیعماری هۆڵەندا بەرپابوو، لە ئاچێوە بە سەرۆکایەتی دوو پاشای یەک لەدوای یەک: ئیبراهیم مەنسوورو تەنکۆ عومەر. لە دۆرگەی ملووکەوە بە سەرۆکایەتی سوڵتان حەسەن. لە سۆمەترەوە بە سەرۆکایەتی ئیمام بتگۆل، لە جاوەشەوە بە سەرۆکایەتی ئەمیر دیبۆ نەجارا.. ئەمەش وای کرد هۆڵەندای رقن سیاسەتی زەوی سوتاو بگرێتەبەرو هەرچی دەستی گەیشتێ سوتاندی.. تین و فشارێکی خوێنڕێژیی خستە سەر هەموو ناوچەکان.. ئەم ململانێ خوێناویە هەر وا بەردەوامبوو تا جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـ١٩١٨)

که دانیشتوانی ئەندۆنیسیا زیاتر خۆیان گردکردبۆوەو چەندین کۆمەڵیان پێکهێنابوو، هەمووشیان لەسەر دەرکردنی ئیستعمار کۆک بوو. لەوانە:

- کۆمەڵەی خێرخوازانی جاکارتا.
- کۆمەڵەی رەوشتبەرزیی لە رۆژهەڵاتی جاوە.
- کۆمەڵەی محمدیان کە محمد دەحلان لە ساڵی (١٣٣١ ک/ ١٩١٢ ز) دروستی کردبوو.
- کۆمەڵەی ئیسلاحی ئیسلامی.
- حزبی یەکێتی گەلی ئەندۆنیسی. ساڵی (١٣٤٩ ک/ ١٩٣٠ ز).
- حزبی سۆسیال دیموکرات. - حزبی لاوانی جاوە.
- حزبی ئیسلامی ئەندۆنیسی. - کۆمەڵەی لاوانی موسوڵمان.
- حزبی هاوبەشی ئیسلامی لە سۆلۆ.
- حزبی نیشتیمانی کە ئەحمەد سۆکارنۆ لە ساڵی (١٣٤٧ ک/ ١٩٢٨ ز) دروستی کردبوو..

ئیحتیلالی هۆڵەندی بۆ لاوازکردنی بەرەی گەلی ئەندۆنیسی - جگە لەوەی کە سوپای خۆی بە ئاگرو ئاسن رەفتاری عەسکەریتاریایی دەکرد - کۆمەڵێک حزبی واجیهەی دروست کردو پشتی گرتن. لەوانە: حزبی کۆمۆنیستی ئەندۆنیسیا. کە دوایی بووە سێیەمین گەورەترین حزبی کۆمۆنیستی دنیا دوای سۆڤیەت و چین! بەڵام بەرەی موسوڵمانەکانیش خۆیان رێکخست و یەک پێکهاتەیان بە ناوی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا - ماشۆمی - ) پێکهێناو کەوتنە کاری خۆیان..

جەنگی جیهانی دووەم (کە لە راستیدا جەنگی دووەمی ئەوروپاییە ئیستیعماریەکانە) لە ساڵی (١٣٥٨ ک/ ١٩٣٩ ز)دا دەستی پێکرد، ژاپۆن (یابان) دژی هاوپەیمانەکان وەستایەوە. لەبەر ئەوەی هۆڵەنداش لە ریزی هاوپەیمانەکانبوو، ژاپۆن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ گرووپەکانی ئەندۆنیسیادا رێکخست و بە هاوکاری ئەوان هێرشێکی سەربازی بەرفراوانی

کردە سەر ئەندۆنیسیاو ئیستیعماری هۆڵەندی دەرپەڕاندن.. ژاپۆنیەکان خێرا زمانی هۆڵەندییان ئیلغا کردەوەو زمانی ئەسڵی مەلاوی ناوچەکەیان هێنایەوە پێش و ناوی جاکارتایان نایەوە لە پایتەختەکە کە هۆڵەندییەکان کردبوویان بە بتاڤیا.. بەڵام بە داخەوە زۆری نەبرد ژاپۆنیش کەوتە رەفتاری ئیحتیلالی ئیستیعماریانەو کەوتە رووتاندنەوەی دانیشتوان (چونکە لە بەرەی جەنگی جیهانییدا بوو، پێویستی بە هەموو پاڵپشتێک هەبوو، نەشیدەویست بە دۆستانە پەیدای بکات، بەڵکو بەزۆری زۆرداراییی!). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گرووپەکانی ئەندۆنیسیا دژی بوەستنەوە.. دەسەڵاتدارانی ژاپۆن لە ئەندۆنیسیا بڕیارێکی عەنتەرییان دەرکرد کە بریتی بوو لە قەدەغەکردنی هەموو حزب و گرووپەکان و رێگرتنیان لە کارکردنی ئاشکرا! ئەمەش کاردانەوەکەی قورسکرد.. چونکە زۆرینەیان ـ بە تایبەتی گرووپە ئیسلامیەکانیان ـ شۆڕشیان دژی ژاپۆن بەرپاکردو بەردەوامیش بوون تا ئەو ساتەی ئەمریکا بۆمبا ئەتۆمیەکەی دا بەسەر ژاپۆندان ئیدی ژاپۆن تەسلیمبوو. بەمەش دەرفەتی کۆمەڵکاریی باشتر بۆ دانیشتوانی ئەندۆنیسیا لواو هەموو بە جارێ بوونە پاڵپشتی کرووپە سیاسییەکانیان و هەموویان پێکەوە ئیحتیلالی ژاپۆنیشیان دەرپەڕاند..

بەڵام وەکو پیشەی هەموو داگیرکەرێکی کافر، ئامادەبوون دەسەڵاتی سیاسی وولات تەسلیم بە کۆمۆنیست و یاقی عەلەمانیەکانی تر بکەن، بەو مەرجەی نەهێڵن ئیسلامییەکان بێنەپێشەوە.. بۆیە ئیحتیلالی ژاپۆنی لە هەندێک شوێن کشایەوە کە بەرەی ئەحمەد سۆکارنۆو حزبی نیشتیمانی بوو، بەمەش هەلی دروستکردنی حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد سۆکارنۆو محمد حەتتی جێگریی رەخسا.. حکومەتێکی ئەندۆنیسی سێبەر (حکومة الظل) دروست بوو، تا دواتر هەموو چوونەوە جاکارتا..

* * *

## ماشۆمی .. دەسپێك و کۆتای

هەوڵی نوێی موسوڵمانانی ئەندەنوسیا بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی زۆر کۆنە.. پێش قۆناغی ئیستیعمار دیارە کە ناوچەکە هەمووی لە لایەن ئیمارەتە ئیسلامیەکانەوە دەبرا بەڕێوە، لە قۆناغیدووەمدا کە ٣٥٠ ساڵی ئیستیعماری پورتوغالی و ئیسپانی و هۆڵەندی و بەریتانیایی و ژاپۆنی بوو، موسوڵمانان لە بەرگریی کردن لە دین و خاک و خەڵک و دەسەڵاتیاندابوون.. لە قۆناغی سێیەمیاندا کە ماوەی شەست ساڵە، دژی حەملەی ریشەکێشکرن و کەناردان و ئیهمالکردنیان وەستاونەتەوە.. بەڵام لە هیچ قۆناغێکدا کۆڵیان لە خەباتکردنیان نەداوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.. کە هەر نەیانتوانیبێت لە هەموو ئەندۆنیسیادا دایبمەزرێنن، بە تەئکیید لە هەندێک ناوچەدا دارالاسلامیان بۆ خۆیان دروست کردووەو بەرگریشیان لێکردوون، وەکو دارالاسلام لە ناوچەی سۆلاویزی باشوورو ئاچێ لەوسەری باکوور.. چونکە ئیسلامییەکانی ئەندۆنیسیا لەو قەناعەتەدان کە عەلەمانیەکان (کۆمۆنیست و لیبراڵەکان کە پاشکۆی ئیستیعماربوون) بەرهەمی شۆڕشی میللەتەکەیان بۆ خۆیان دزیووەو بە ناوی نیشتمانپەروەرێتییەوە هەموو دزییەکی خۆیان کردووە بە یاسایی! لە گەورەترین خەباتکاری ئەم رەنجە ئیسلامیی و نیشتمانییە:

١ـ <u>سیکارجی ماریدان کارتۆ سوویرجۆ</u>( موجاهیدێکی موسوڵمانە)و لە ساڵی ١٩٠٥ دا لە شاری چیبۆی سەر بە جاوە لەدایکبووەو ژنی لە ناوچەی سۆلۆ هێناوە کە کاریگەریی زۆری بۆ بەردەوامی و برفراوانبوونی جیهادەکەی هەبوو.بە ملیۆنان خەڵکی ئەندۆنیسیا بە چاوی رێزو مەزنییەوە دەڕواننە ئەم پیاوە خاوەن خەباتە چونکە بەرای ئەوان چەسپاندنی شەرعی یەکسەرو بێ دواخستن هەوڵی لەو شوێنانەدا داوە کە کەوتونەتە بەر دەستی.. ئەم موجاهیدە دامەزرێنەری سوپای ئیسلامی ئەندۆنیسیا بوو کە دژی ئیحتیلالی

هۆڵەندی دەجەنگا، پاشان بوو بە فەرماندەی باڵی سەربازی ماشۆمی، کە پێی دەوترا حزبواللە سووربوونی ئەم و پاڵپشتیە زۆرەکەی بوو بۆ ماشۆمی کە دوای جەنگی جیهانی دووەم بووە حزبێکی سیاسی کاریگەری وولات. هەر لەو ساڵەدا (١٩٤٥) دەیوویست دەوڵەتی ئیسلامی ئەندۆنیسیا رابگەێنێت، بەڵام سەرکردایەتی ماشۆمی داوایان لێکرد سەبر بگرێت! تا بزانن هاوکاری کردنیان لەگەڵ ئەحمەد سۆکارنۆ دەگاتە چی ؟!!

کە کارتوسوویرجۆ هەستی کرد سۆکارنۆ بە موناوەرە سیاسیەکانی سەرانی ماشۆمی فریوو داوە، لە (١٢ی شەووالی ١٣٦٨ـ ١٩٤٩/٨/٧ز)دا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئەندۆنیسیای راگەیاند، کە بووە هۆکاری ئەوەی سوپای ئەندۆنیسیا بۆ ماوەی ١٣ ساڵی رەبەق جەنگی لەگەڵدا بکات بێ ئەوەی زەفەری پێ ببات! ئەو ناوچانەی ئەو حوکمی دەکرد پێی دەوترا دارالاسلام، ئەو بزوتنەوانەش کە پێیان دەوترا بزوتنەوەی دارالاسلام هەر لەمەوە هاتووە.. چونکە لە تورکیا ئەوی هەوڵ بۆ هێنانەوەی حوکمی ئیسلام بدات پێی دەڵێن: شەریعەتچی (کە لە زەمانی مستەفا کەمالدا وەکو جنێوو سووکایەتی بە موسوڵمانە دیندارەکان دەووترا!) لە ئەندۆنیسیاش لە ناو میللەتەکەدا بوو بە زاراوە کە هەرچی هەوڵ بۆ هێنانەوەی حوکمی شەرع دەدات پێیان دەووت: ئەندامی بزوتنەوەی دارالاسلام..

جیهادی کارتۆیوویرجۆ تا ساڵی ١٩٦٢ بەردەوامبوو، ئیتر لەو ساڵەدا بە دیل گیراو بزوتنەوەکەشی وورده وورده پووکایەوە..

٢ـ عەبدولقەههار موزەککەر: لە ساڵی ١٩٢١ دا لە ناوچەی سولاویزی باشوور (کە ئێستا ناوچەیەک لە ئەندۆنیسیا بەم ناوەوە هەیە) شۆڕشێکی تر دژی سوپای ئەندۆنیسیا بەرپابوو. لەبەر ئەوەی سوپای ئەندۆنیسیا موجاهیدی ئەم ناوچەیەی ـ کە دژی ئیستیعمار جەنگابوون ـ بە سەربازی رەسمی وەرنەگرت. موزەککەر دەرچووی دارالعلومی میسرە.. لە سەرەتا لەگەڵ سۆکارنۆ بوو، بەڵام وادیارە لەبەر ئیهمالکردنی ناوچەکەی ئەو هەڵوێستە

توندەی گرتەبەر، دواتریش لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٠ وە پەیوەندی لەگەڵ موجاهیدانی ناوچەکانی تردا بەهێزبوو، هەستێکی ئیسلامییانەی گشتی لا دروستبووبوو.. کارتۆسوویرجۆ لە ١٩٥٢ داپەیوەندی پێوەکرد تا ببێتە بەشێک لە سوپای رزگاریخوازیی ئەندۆنیسیاو لەژێر ئاڵای ئەودا بێت، لە بەرامبەریشدا کارتۆ بە رەسمی دەیکات بە سەرلەشکری ئەو ناوچەیە.. ئەمیش رازیبوو.. لە ساڵی ١٩٥٣ دا بەیانێکی دەرکرد کە سوپاکەی بەشێکە لە سوپای دەوڵەتی ئیسلامی ئەندۆنیسیا.. ئەم شۆڕشە تا ساڵی ١٩٦٥ بەردەوامبوو، تا ئەو کاتەی سوپای رەسمی ئەندۆنیسیا بە سەرۆکایەتی محمد یوسف ـ کە دواتر بوو بە وەزیری بەرگریی حکومەتی مەرکەزیی ـ هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەریان و کۆتایی پێ هێنان..

دوای ئەوەی: دوای ئەوەی بزوتنەوە ئیسلامیەکان کە بە ناوی دارالاسلامەوە لە ناوچە جیاوازەکانی ئەندۆنیسیادا شکستیان هێنا، سەرکردایەتییەکانیان لە دیمەنی سیاسەتدا نەمان.. هەندێکیان شەهیدبوون، هەندێکی تریان لێبوردنی حکومەت لێبوردنی گشتی و تایبەتی بۆ دەرکردن و چوونەوە ژیانی ئاسایی، هەندێکی تریشیان هیجرەتیان کرد بۆ مالیزیاو وولاتانی تر، بەڵام دواتر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو و دوای یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ هەندێکیان لە ساحەی ئەندۆنیسیادا دەرکەوتنەوە..

٣ـ شۆڕشەکەی ئاچێ: ئاچێ ناوچەیەکە لەوەتای ئیسلامی پێگەیشتووە سەدای جیهادی لێنەبڕاوە، حەتمەن لەم هەموو داگیرکردن و فڕکان فڕکانەی دەسەڵاتیشدا نەدەبوو کپ ببێت، بە تایبەتی.کە هێزی چەکداریی لەو ناوچەیە نەبڕوە..تەنانەت لە ساڵانی شەستەکانیشدا سوپای ئەندۆنیسیا نەیتوانی هەموو ناوچەکان لەدەست موجاهیدانی ئاچێ بسەنێت.. کە موجاهیدە شۆڕشگێڕەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە هەموو ئەندۆنیسیادا بێ ئومێدبوون، لە ساڵی ١٩٧٦ دا بڕیاریاندا هەموو پێکەوە (بزوتنەوەی ئازادیخوازیی ئاچێ)یان راگەیاندو تا کاتی تسۆنامییەکە

(مۆنجی بەهێزی لافاوی دەریایە) کە لە ٢٠٠٤/١٢/٢٦ دا بەسەر کەناری رۆژئاوای سۆمەترەدا هات و بوو بە هۆی مردنی ٢٣٠،٠٠٠ کەس، زۆرینەیان ئەندۆنیسیایی بوون، ئەمەش بوو بە کارەساتی نیشتیمانی، بۆیە حکومەتی مەرکەزیی ئەندۆنیسیا داوای لە بزوتنەوەی ئازادیخوازیی ئاچێ کرد کە دەستی ئاشتی و یارمەتی بۆ درێژ بکات و رێکەون، بزوتنەوەش لەگەڵ حکومەتدا کەوتە گفتوگۆ..

دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم هاوپەیمانان بە پێشەوایەتی ئیستیعماری بەریتانیایی وویستیان سەرلەنوێ هۆڵەندییەکان بهێننەوە بۆ چەوساندنەوەو رووتاندنەوەی زیاتری ئەندۆنیسیا!

گەلی ئەندۆنیسیا کاتێکی زانی لێشاوی سوپای هاوپەیمانان لە (زیلقیعدەی ١٣٦٤ ک/ ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ ز) لە جاکارتا دابەزین و سوپای هۆڵەندیش بە دوایاندا! هەمووشیان هەر لافی ئەوەیان لێدەدا کە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکەو هێمنیی و ئاسایشی دانیشتوانی ئەندۆنیسیا تەشریفیان هێناوە!! بەڵام گەلی ئەندۆنیسیا ـ بە تایبەتی ئیسلامیەکانی ـ زوو لەوە حاڵیی بوون کە ئەمەش هەر هەنگاوە سەرەتاییەکانی قۆناغێکی تری ئیستیعمارییە، بۆیە زۆرینەیان بۆ توێژنەوەو چارەسەری بارودۆخی نوێ لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا لە جاکارتا ئامادەبوون.. سەرەتا رێکخستنەکانی خۆیان یەکخست و ناویان لە رێکخستنی نوێیان نا ماشۆمی کە کورتکراوەی پیتی سەرەتای ووشەکانی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)یە بە زمانی خۆیان. حاکمی عەسکەریی هۆڵەندیەکانیش فەرمانێکی دادگایی دەرکرد کە هەموو سەرکردەو بیرمەندی ماشۆمی دەسگیر بکرێن.. ئەوەی دەسگیر کرا زیندان کراو ئەوانی تریش کەوتنەوە جەنگی پارتیزانی..

دوای ئەوەی تین و فشار لەسەر ماشۆمی زیادی کردو دنیای بانگەوازو ڕێکخستن و سیاسەتی لەسەر تەسکبۆوە، دوای ئەوەی کەوتە خەباتی چەکدارانەی، ناکۆکی لە ناو پێکهاتەکانیدا پەیدابوو، هەر دەبوو پەیداش بێت، چونکە ئاڕاستەی گرووپەکان لێک جودابوون، دیدی فیکریی وبەرنامەی سیاسییان لێک دووربوون.. سەرەتا حزبی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد سۆکارنۆ جیابۆوە، چونکە زۆرینەی هێزی ئەو کۆمۆنیستەکان بوون کە بە تەئکیید لەگەڵ ماشۆمییدا نەدەسولحان. زۆری نەبرد حزبی (هاوبەشی ئیسلام)یش جیابۆوە.. دواتر سۆکارنۆ توانی ناکۆکی بخاتە نێوان سەرکردەکانی ماشۆمی و مەلاکانی حزبی (ڕاپەڕینی زانایان)ەوە، بەو تۆمەتەی کە ئەم سەرڕووتانەی ماشۆمی زۆر لە دینەکە لایانداوەو شتی نوێیان خستۆتە ناو ئیسلامەکەوە.. لەولاوەش سۆکارنۆو حزبەکەی بڕیاریان دابوو حکومەتێک پێکبهێنن، بۆیە سۆکارنۆ عامر شەرەفەددینی تەکلیف کرد کە بیرمەندێکی کۆمۆنیستەکان بوو تا حکومەت تەشکیل بکات! ئەویش لە زۆرینەی کۆمۆنیستەکان پێکیهێنا! ئەمەش محمد حەتتەی جێگری سۆکارنۆی سەرۆک و ماشۆمی و پێکهاتەکانی و میللەتەکەی زۆر تووڕەکرد. ماشۆمی پشتی حەتتەیان گرت وهانیاندا خۆی حکومەتێک پێکبهێنێت. ئەویش ڕایگەیاند کە بە حکومەتی عامر شەرەفەددین ڕازی نییەو خۆی حکومەتێکی تر پێکدەهێنێت. بۆیە مەرسوومێکی سەرۆکایەتی دەرکردو حکومەتی کۆمۆنیستەکانی هەڵوەشاندنەوەو خۆی حکومەتێکی تری پێکهێنا. ئەمەش وای کرد کە کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێکی وولاتدا بکەونە دەستدرێژیی و خوێنڕێژیی.. لە زۆر مزگەوتدا موسوڵمانانیان وەکو ئاژەڵ سەردەبڕی، مزگەوتەکانیان دەسوتاند.. تا شۆڕشیان دژی حکومەتی محمد حەتتی ڕاگەیاندو خۆشیان حکومەتێکی تریان لەولاوە دروست کرد..

لە مانگی (زیلقیعدەی ١٣٦٣ ک/ ١٩٤٨ ز)دا کۆمۆنیستەکان (کۆماری سۆڤیەتی ئەندۆنیسیا) یان بە سەرۆکایەتی عامر شەرەفەددین ڕاگەیاند!!

ئیتر لەو کاتەدا کە هێشتا دەوڵەتان دەستیان لە وولاتدا بوو، دوو حکومەتی "نیشتیمانی"یش هەبوون، یەکیان حکومەتەکەی محمد حەتتی کە سۆکارنۆیان بە سەرۆکی دەوڵەت قبووڵبوو، ئەوی تریان حکومەتی کۆمۆنیستەکان کە ئەوانیش بۆ رێکردن لەگەڵ رەوتە شەعبییەکەدا قبووڵیانبوو سۆکارنۆ ببێتە سەرۆکی دەوڵەت.. حکومەتی کۆمۆنیستەکان بەردەوامبوو لەسەر خراپەکاریی و ریشەکێشکردنی ماشۆمی، لاوەکانی ماشۆمیش لە بەرگرییدابوون، مەترسی جەنگێکی دژواری ئەهلی ناوخۆ لە ئارادابوو، تا ئەو کاتەی سوپای ئەندۆنیسیا بە پاڵپشتی ماشۆمی و رێکخراوە مەدەنیەکانی گەل هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر حکومەتی کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانیان و خامۆشیان کردن..

لە مانگی (سەفەری ١٣٧٥ ک/ سێپتەمبەری ١٩٥٥)دا هەڵبژاردنی نیشتیمانی کرا، حزبی نیشتیمانی سۆکارنۆ بە یەکەم دەرچوو، بەڵام لە پێکهێنانی حکومەتەکەیدا دیسان بە لای کۆمۆنیستەکاندا بای دایەوەو ماشۆمیش کەوتەوە بەرامبەریی.. حکومەتەکەی سۆکارنۆ کەوتە بەهێزکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی جیهان بە تایبەتی چین و سۆڤیەت، ئەمەش وای کرد کە محمد حەتتەی جێگریی دەست لەکار بکێشێتەوە.. بەمەش ئەوەندەی تر رێ بۆ کۆمۆنیستەکان خۆشبوو.. دنیا بە کەیفی ئەوانبوو، ئەوانیش درێغیان لە تەسفیەکردنی نەیارانیان بە تایبەتی پێشرەوانی ماشۆمی نەکرد.. هەم وەکو حکومەت و هەم وەکو حزب دەیان زیندان و دادگای لاکۆلانیان دامەزراندبوو.. تا وا مەغروور بوون بڕیاریاندا کۆدەتایەکی سەربازی بەسەر سۆکارنۆی دڵسۆزیاندا بکەن! ئەوەبوو لە بەرەبەیانی (٤ ی جومادای دووەمی ١٣٨٥ ک/ ١٩٦٥/٩/٣٠ ز) کۆدەتیاەکیان راگەیاندو دەستیانگرت بەسەر زۆر شوێندا، لەوانە بارەگای سەرۆکایەتی و وەزارەتەکان و رادیۆی مەرکەزیی و چاپخانەو رۆژنامەکان و کەوتنە فڕاندن و ئەشکەنجەو سوتاندن و تالانکردن.. دیسان سوپا داوای لە ماشۆمی

کردەوە کە پشتگیریان بکاتەوەو لایەنی کۆمەڵگە مەدەنییەکەو موجاهیدەکانی خۆیانی بۆ مسۆگەر بکات کە هاوکارییان دەکەن، تا ئەم فیتنەیە لە کۆڵ میللەتەکە بکەنەوە.. ماشۆمیش بە گیانی بەرپرسیارێتی و ڕێکرتن لەو هەموو خراپەکارییەی کۆمۆنیستەکان نایانەوە، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری سوپا دەربڕیی و چەکدارەکانی خۆشی خستە بەردەست ئاڕاستەی سوپاوەو پێکەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردەوە سەر کۆمۆنیستەکان و ئەمجارە ئەوانیشیان راداو تین و فشاری زۆریشیان بۆ ئەحمەد سۆکارنۆ هێنا کە دەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە ئەو هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو فیتنەیە بوو کە روویداوە.. ئەویش بۆ جاری سێیەم دەیوویست کۆمۆنیستەکان بگرێتەوە خۆ!! ئەم کێشمەکێشە هەر وا بەردەوامبوو، تا بەرەی سۆکارنۆ شکستی هێناو لە (١١ی زیلقیعدەی ١٣٨٦ ک/ ١٩٦٧/٢/٢٢)دا هێزی ئیسلامیەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بە لایەنگریی سوپا ئەحمەد سۆکارنۆیان ناچارکرد دەست لە کارکێشانەوەی خۆی رابگەیێنێت و بچێتەوە لای نۆ ژنەکەی!!

ئیتر لەو ساتەوە سۆهارتۆی وەزیری بەرگریی حوکمی ئەندۆنیسیای گرتە دەست و تا چل دانە ساڵی رەبەق لێی نەهاتە خوارەوە!! دوای ئەوەی بە شایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە هۆکاری کوژرانی یەک ملیۆن کەس!! لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە گۆڤاری تایمی ئەمریکایی نووسی: سۆهارتۆ بە قسەی مادلین ئۆلبرایتی وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا لە (٢٤ی محەڕەمی ١٤١٩ ک/١٩٩٨/٥/٢١ ز) وازی لەدەسەڵات هێناو یوسف حەبیبی جێگریی لە شوێنی خۆی داناو بە ١٥ ملیار دۆلاری دزراوی خۆیەوە ئازادانە کورسی دەسەڵاتی بەجێهێشت! دوای ئەوەی کەسوکارەکەی بایی ٧٥ ملیار دۆلاریان سەروەت و سامانی زەوتکراو بوو!! سۆهارتۆ لەسەر ئەو حاڵەیەوە شکاتی لە گۆڤاری تایم کردو لەسەر ئەو "تۆمەتبارکردنە" داوای ١٢٨ ملیۆن دۆلاری کرد! بەڵام دادگاکەی دۆڕاندو هیچی تری پێ کۆنەکرایەوە!

ـ دوای سۆهارتۆ یوسف حەبیبی لە (١٩٩٨ـ١٩٩٩) لە دەسەڵاتدا مایەوە.
ـ دوای ئەویش بە هەڵبژاردن عبدالرحمن وەحید کە سەرۆکی حزبی زانایانی ئیسلامبوو (٣٠ ملیۆن ئەندامی هەیە!) لە (١٩٩٠/١٠/٢٠ـ ٢٠٠١/٧/٢٣) بوو بە سەرۆک کە لەبەر پیریی چاوی نەیدەبینی! ئەویش بە تۆمەتی (فەساد) هێنرایە خوارەوەو لە (٢٠٠٩/١٢/٣٠) دا کۆچی دوایی کرد..
ـ لەوە سەیرتر ئەوەیە کە (میگاواتی سۆکارنۆپۆتری) بوو، کچی سۆکارنۆی بێدین کە سکرتێرەی بوو، ئەویش لە ماوەی نێوان (٢٠٠١/٧/٢٣ـ ٢٠٠٤/١٠/٣٠) بوو بە سەرۆکی ئەو وولاتە ئیسلامییە! گەورەیە!!
ـ لە دوای ئەویش (سۆسیلیۆ بانبانگ یۆدهۆنۆ/ موالیدی ١٩٤٩/٩/٩) لە (٢٠٠٤/١٠/٢٠) دا بوو بە سەرۆکی ئەندۆنیسیاو تا ئێستاش جارێ هەر ئەوە!!

* * *

لە گەورەترین حزبی ئێستای ئەندۆنیسیا:
ـ حزبی دیموکراسی ئەندۆنیسی کە لە مەسیحی وعەلەمانی پێکهاتووە.
ـ حزبی پێشبورد: بەرەی کۆمەڵە ئیسلامیەکانە.
ـ حزبی فۆلکار (کرێکاران).

* * *

## حزبی ماشۆمی و
## دکتۆر محمد ناسری دامەزرێنەری

هەرچەندە لە لاپەڕەکانی رابوردوودا زۆرجار باسی ماشۆمی کرا، بەڵام پێویستە ئەو زانیاریانەی دەربارەی هەن کۆبکرێتەوەو لێرەدا بخرێتە بەر دەست خوێنەرانی بەڕێز.

ماشۆمی : ماشۆمی (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا) لە ساڵی (١٣٦٤ ک/ ١٩٤٥ ز)دا لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا دروست بوو.. ئیستیعماری هۆڵەندی کە زانی ناتوانێت زیاتر هێزی سەربازی بەکار بهێنێت، چونکە لە بەرامبەردا موجاهیدان و نیشتیمانییەکانیش بەهێزتر بوون، وویستی تەفرەقەیەک بخاتە نێوان ئیسلامیەکان و نیشتیمانیەکانەوە، بەوەی کە وویستی تەنازول لە دەسەڵات بکات بۆ سۆکارنۆو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، بەڵام کە هەموو لایەک لە پلانەکە گەیشتن، نەیانهێشت سەربگرێت.. ئینجا ئیحتیلالی هۆڵەندی هەوڵی دا ئەندۆنیسیا بکات بە دوو بەشەوەو بەشێکیان تەسلیم بە عەلەمانیەکان بکات، تا لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بکەونە شەڕێکی خوێناوی بەردەوامەوە، بەمەش هەردوولایان لاواز دەبن ئەمەش لە بەرژەوەندی ئیحتیلالە. ماشۆمی زۆر بە توندی و ژیرانە دژی ئەم پلانە دژوارەش وەستایەوەو کەوتە بەگەڕ خستنی هێزی خۆی و هاندانی جەماوەر دژی ئیحتیلال، لە هەمان کاتیشدا دەستی هاوکاری بۆ سۆکارنۆو جەماعەتەکەی درێژکرد.. ئەمە هەر وا مایەوە تا ئەندۆنیسیا بە رەسمی سەربەخۆیی خۆی لە (٧ ی رەبیعی یەکەمی ١٣٦٩ ک/ ١٩٤٩/١٢/٢٧ ز) وەرگرت.. ئەحمەد سۆکارنۆ بوو بە سەرۆکی وولات و دکتۆر محمد ناسری رێبەری ماشۆمیش بوو بە جێگریی..

**دکتۆر محمد ناسر**: دەریای شەرعناس و پێشەنگی بانگەوازو سیاسی لێوەشاوەو پەروەردەکاری پشوودرێژ محمدی کوڕی ناسری کوڕی ئیدریس داتۆسیتاریۆ، لە (٦ ی جومادای دووەم ١٣٢٥ ک/ ١٩٠٧/٧/١٦ز) لە شارۆچکەی مانتجاوی دۆرگەی سۆمەترەی ئەندۆنیسیا لەدایکبووە. باوکی لە گەورە زانایانی شەرع و ئەهلی فەتوا بووە، لەبەر ئەوە کاریگەریی دینداریی رەسەنی لەسەر محمدی کوڕی هەبووە.. محمدیش کە زۆر زیرەک و هۆشمەندبووە، هەردوو زانستی دین و دنیایی خوێندووەو لە هەردووکیاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.. کۆلیژی پەروەردەی لە باندۆنگ تەواو کردووەو دواتر دکتۆرای لە زانکۆی ئیسلامی کە لە شاری جاکارتایە وەرگرتووە.. پاشان مامۆستایەتی و چەندین وەزیفەی پەروەردەیی لە سەردەمی ئیحتیلالی هۆڵەندییدا وەرگرتووە، تا گەیشتە بەڕێوەبەری پەروەردە لە جاکارتای پایتەخت.. کە حزب بڕیاری جیهادی دا، دکتۆر ناسر یەکێک بوو لە فەرماندە مەیدانییەکانی جیهادی چەکداریی!

دوای دامەزراندنی حزبی ماشۆمی و هەڵبژاردنی بە ئەمیری گرووپەکەو سەربەخۆبوونی وڵات و پێکهاتنی یەکەمین حکومەتی نیشتیمانی دکتۆر ناسر بۆ ماوەی چوار ساڵ بوو بە وەزیری راگەیاندن، دوای یەکەمین هەڵبژاردنیش بۆ پەرلەمان بوو بە ئەندام پەرلەمان و تا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام هەڵدەبژێررایەوە.. لەبەر ئەوەی سیاسییەکی مەبدەئی و لێهاتووش بوو، سۆکارنۆو محمد حەتتی جێگریی داوایان لێکرد حکومەت پێکبهێنێت، زوو لە هەموو لایەنە دینی و نیشتیمانییە رەسەنەکانی وڵات پێکیهێناو خۆشی بوو بە سەرۆکی حکومەتەکە. بەڵام دواتر بە هۆی دینی رەسمی وڵاتەوە لەگەڵ سۆکارنۆ تێکچوون، چونکە دکتۆر ناسر دەیوویست تەنها ئیسلام سەرچاوەی یاساو رێسای وڵات بێت .. کە سۆکارنۆو کۆمۆنیست ولایەنگرانی ئیستیعمار ئەوەیان قبووڵنەکرد ئەم دەستی لە سەرۆکایەتی حکومەت کێشایەوەو چووە پەرلەمان و ووتارێکی توندو

غیرەتبزوێنی بە ناوی (یەکێک لەو دوو ڕێبازە هەڵبژێرن: ئیسلام یان بێدینی) کە کاریگەرییەکی زۆر ئیجابی لەسەر ئەندامانی پەرلەمان و جەماوەری ئوممەتەکە دروست کرد، دواییش لە گۆڤاری (المسلمون)دا بڵاو کرایەوەو دواتریش بوو بە کتێب و بڵاوکرایەوە..

دکتۆر محمد ناسریش وەکو ئیمامی مەودوودی ڕەحمەتی بۆ بەرگری لە ئیسلام و بەها پیرۆزەکانی موسوڵمانان و بەرپەرچدانەوەی تۆمەت و گومانی دوژمنانی ئیسلام، گۆڤارێکی مانگانەی بە ناوی (بەرگریی لە ئیسلام) دەرکردو راوبۆچوونەکانی خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە.. تەوەرێکی تری گۆڤارەکەی ئەوەبوو کە چۆن ئیسلام دەکرێتە ڕێبازی سەربەستی و سەروەریی دەستووریی.. ئەمە هەر لەو کاتانەدابوو کە سۆکارنۆ بانگەشەی قەومێتی ئەندۆنیسیایی بڵاودەکردەوەو کۆمۆنیستەکانیش دیدو ڕێبازی مارکسیزم و لینیترم. ئەمەش بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٦١ بەردەوامبوو، تا ئەو کاتەی سۆکارنۆ حزبی ماشۆمی هەڵوەشاندەوەو کەوتە دەسگیرکردن و زیندان کردن و دادگایی کردنی پێشەوایانی ماشۆمی لە پێش هەمووشیانەوە دکتۆر محمد ناسر، کە پێشتر جێگری خۆی بوو لە سەرۆکایەتی کۆماری ئەندۆنیسیادا!! ئەمەش بەرگریی ئیسلامیەکانی لە دینەکەیان توندتر کردو کڵپەی جیهاد زیاتر کردو بەردەوام بوو تا سەرەنجام لە ١٩٦٥ دا حکومەتی سۆکارنۆ روخا..

دوای ئازادبوونی خۆی و براکانی لە زیندان چوارچێوەیەکی تریان بۆ کۆمەڵکاریی ئیسلامییان ڕێکخست بە ناوی (ئەنجومەنی باڵای بانگەوازی ئیسلامی ئەندۆنیسیا) بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بکەونەوە گردکردنەوەو پارسەنگ کردنەوەی ئەو ئەندامانەی باروزرووفەکە هەستی بەرپرسێتی کاری ئیسلانی تێدا سست کردوون و لاسەنگ بوون. لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کەمدا سەدان مەڵبەندی ڕۆشنبیریی ئیسلامی و مزگەوت و بڵاوکاری کتێب و سەندیکای پیشەیی قوتابیان و مامۆستایان و ئەندازیاران و

کرێکاران و جوتیاران و کاسبکارانیان دروست کرد.. پەیوەندییەکی توندوتۆڵی راوێژکاریی و هاریکارییان لەگەڵ کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکانی جیهاندا دروست کردەوە..

لە کۆبوونەوەی گشتی کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئیسلامی (رێکخراوی دەوڵەتانی موسوڵمانانی دنیایە) کە لە پاکستان گیرا، بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کرا بە جێگری سەرۆکی رێکخراوەکە.. دواتریش بووە ئەندامی دامەزرێنەرانی رابیتەی جیهانی ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای جیهانیانەی مزگەوت. کە لە مەککەی پیرۆزە.

دکتۆر محمد ناسر لە هیممەتییدا وەکو ئیمام بەننای رەحمەتی بوو، شەووڕۆژی بۆ نەبوو، حەوانەوەی ئەو کاتەبوو کە چالاکییەکی ئیسلامی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدا.. لە وورد تێگەیشتنی ئیسلام و واقیعی ئەمڕۆدا وەکو سەیید قوتبی رەحمەتی بوو، هەستی بە ململانێ شارستانێتییەکە زۆر بە قووڵی کردبوو.. لە مەبتەلا بوونیشدا وەکو ئیمامی مەودوودی کەوتبووە بەر بەربەستی عەلەمانێتی و نەخشەی گڵاوی قادیانی و فاک و فیکی مەسیحیەوانی و ساویلکەیی مەلاو تێنەگەیشتنی گەنجی موسوڵمان لەو ئیسلامە مەزنەی رێبازی نێرراوانی خوای گەورەیە، سەلامی خوایان لێ بێت.. لە پشوودرێژیی پەروەردەکرنەکەشییدا هەر دەتووت لە ئیمامی مەودوودییەوە وەریگرتووە. وەکو هەمووشیان قەناعەتی تەواوی بە مەزنی ئیسلام وەک دین و دەوڵەت هەبوو، خوابەیەکناسینی لە هەر سێ مەیدانەکانی دیدو تێڕوانین و پەرستن و یاسادارشتندا دەبینییەوە.. زانست و دینداریی و بانگەوازو جیهادی چەکداریی کردبوو، مامۆستایەتیی و پەروەردەو ئەمیرێتی و فەرماندەێتی کردبوو، سەیریش نییە هەموو وابوون، چونکە هەموویان هاوتەمەنی یەکترن: ئیمامی مەودوودی موالیدی ١٩٠٣ و ئیمام بەننا ١٩٠٥ و سەیید قوتب ١٩٠٦ ودکتۆر محمد ناسر ١٩٠٧ بوون. هەموویان رمانی دەوڵەتی عوسمانیان بیر دەهات و دەشیانزانی چ

کارەساتێکی گەورەیە، دەشیانزانی موسوڵمانان لە تاسانی خۆیاندا راماون و نازانن چۆنیەتی بنیاتنانەوەی منارە روخاوەکەیان لە کوێوە دەبێ دەست پێ بکەنەوە؟!

رەفتارو رەوشتی پارسەنگی دکتۆر محمد ناسریش وەکو رەوشتی بەرزی ئەوان بوو. دیندارو خاوەن تەقوا، ئەمیش پتەو لەهەڵوێستە عەقائیدییەکان، نەرمونیان لە ئاڕاستەکردن.. دۆست و دوژمن بە سینەفراوانی و پشوودرێژیی سەرسام بووبون!

**لە ئاڕاستەکانی:**

ـ ئیسلام رێبازی تاک و پەروەردەی کۆمەڵگەو ئاڕاستەکردنی دەوڵەتە..

ـ ئەگەر موسوڵمانان ئازایەتی راگەیاندنی جیهادیان نەبێت ئەستەمە ئازاد ببن و بتوانن حوکمی وولاتی خۆیان بکەن..

ـ من لە داهاتوو ناترسم، داهاتوو هەر بۆ ئیسلامە، بەڵام دەبێ موسوڵمانان بزانن کە داهاتوو بە بێ پابەندبوونی سەرڕاستانەیان بە ئیسلامەوە نابێت.

**لە نووسینەکانی:** کە بە زمانی پارساو مەلاوی و ئینگلیزی نووسیونی و کراون بە عەرەبی:

ـ (فقه الدعوة)، (اختاروا إحدى السبيلين)، (الصوم)، (المرأة المسلمة وحقوقها)، (الحضارة الإسلامية)، (البناء وسط الأنقاض)، (التركيب الطبقي للمجتمع)، (الثورة الإندونيسية)، (قضية فلسطين)، (هل يمكن فصل الدين عن السياسة؟)، (إسهام الإسلام في السلم العالمي)، (العلم والسلطة والمال أمانة)، (ابذروا البذور)، (الإسلام والنصرانية في إندونيسيا)، (طوبى للغرباء)، (اليد التي لم يتقبلها أحد)، (الإيمان مصدر القوة الظاهرة والباطنة)، (الخوف والاستعمار)، (حينما لا يستجاب الدعاء)، (الدين والأخلاق)، (الدعوة والإنماء)، (خطبة عيد الفطر)، (مع الإسلام نحو إندونيسيا المستقبلة)، (تحت ظلال الرسالة)، (زينوا الدنيا بأعمالكم وأضيئوا العصر بإيمانكم)، (أحيوا روح المثالية والتضحية مرة أخرى)، (الإسلام وحرية الفكر)، (الإسلام كأساس للدولة)، (الإسلام كإيديولوجية)، (القلق الروحي في ديار الغرب) ، (المسجد والقرآن والانضباط)، (الثقافة الإسلامية)..

ئەمە جگە لە سەدان موحازەرەو سیمینارو کۆڕ، یان ووتەی کۆنگرەکان و کۆبوونەوە غەیرە رەسمییەکان. هەموو ئەمانە جگە لەو هەموو چالاکییانەی شەووڕۆژ ئەنجامی دەدان. بە راستی حەیفە کەمێک وەکو ئەوان نەکەینەوە..

<u>کۆچی دوایی:</u> ئەم بیرمەنە خواناسە پشوودرێژە، ئەم زانا موجاهیدە، ئەم داعیە نوسەرە شارەزایە، ئەم باوکە دڵسۆزە، ئەم رابەرە ماندوونەناسەی دەتووت تەمەنێکی تری لە دوای میحنەتی شەستەکانەوە بۆ نوسراوەتەوە سەرلەنوێ کۆمەڵکاریی ئیسلامی بە زۆرینەی موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا کردەوەو ووزەیانی وەکو جاران خستەوە گەڕ.. تا لە رۆژی (١٥ ی شەعبانی ١٤١٣ ک/ ١٩٩٣/٢/٥) دا لە تەمەنی ٨٦ ساڵییدا ئەو دڵە گەورەیەی لە لێدان کەوت و گەڕایەوە لای خوای خاوەنمان.. رحمە اللە..

لە دوای کۆچی دوایی دکتۆر محمد ناسر، دکتۆر محمد رەشیدی جێگریی بوو بە رێبەری ئەنجومەنی باڵای بانگەوازی ئیسلامی، کە لە ساڵی ١٩١٥ دا لەدایکبووەو دکتۆرای لە فەلسەفەدا لە میسر وەرگرتووەو وەزیری مفەوەزی ئەندۆنیسیابوو لە میسر پاشان بوو بە یەکەمین وەزیری کاروباری دینی و دواتر دوورخرایەوە، کرا بە سەفیر لە سعودیەو پاکستان. پاشان بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوە.. لەوێش دوورخرایەوەو بوو بە مامۆستای زانکۆی جاکارتا، دەرسی شەریعەتی ئیسلامی دەوتەوە، بەڵام لەوێش دوورخرایەوە، ئیتر وازی لە هەموو ئیشێکی رەسمی هێناو خۆی بۆ بانگەوازی ئیسلامی تەرخان کرد..ئەویش تووشی هەموو جۆرە دەرکردن و زیندان و راوەدوونان بوو.. ٢٣ کتێبی گرنگی نووسیوە.. ئەویش رەحمەتی خوای لێ بێت لە (٦ی زیلقیعدە ١٤٢١ ک/ ٢٠٠١/١/٣٠ ز) لە تەمەنی ٨٦ ساڵییدا کۆچی دوایی کردو دکتۆر حسێن عومەر هاتە شوێنی..

* * *

## ناوەرۆک

**بابەت** **لاپەڕە**


**بەندی یەکەم: هەڵکشان و داکشان**

بەشی یەکەم رمـــان ٧

باسی یەکەم: کۆتایی خێزاو ٧

باسی دووەم: هەوڵی نۆژەنکاریی ١٥

باسی سێیەم: هەرەس ٢١

چەند دەرسێك بۆ سەرنجدان ٢٧

بەشی دووەم: رامـــان ٣٣

باسی یەکەم: هەنیوی ئوممەت ٣٥

باسی دووەم: لە جەنگەڵی عەلەمانییەتدا ٤١

پاشکۆ: لیستی روداوە گرنگەکان ٤٩

**بەندی دووەم: کاردانەوەو تێهەڵچوونەوە ٥٥**

باسی یەکەم: جیهاد بۆ هێنانەوەی حوکمی شەریعەت
(یان خەباتی ئیسلامی مەحرووومان) ٥٧

باسی دووەم: رەنجی نەزۆکی دەستەمۆ (یان خەباتی ئیسلامی رەسمی) ٧٧

باسی سێیەم: تۆکمەتر و بشوودرێژانە (یان خەباتی ئیسلامی سیاسی) ٩٣

* ئیخوانولموسلیمین ٩٤

* جەماعەتی ئیسلامی پاکستان ١٠٦

* ماشۆمی (ئەندۆنیسیا) ١٢٧